# بەدرخان لە ئەمریکا ژمارە ١٩ی رۆژنامەی "کوردستان"ی دایک دەدۆزێتەوە


بەدرخان
Bedirxan
بەدرخانی و لەسەر لاچێ لەمەوپاش، لە گشت لاوە دەتانهاڕن وەکو ئاش

هەفتەنامەیەکی رۆژنامەوانیی گشتیی ئازادە
دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی "بەدرخان" دەریدەکات

ژمارە (١٤٥) دووشەممە،
تەمووزی ٢٠١٠/٧/٢٦ زایینی
بەرانبەر بە پووشپەڕی ٢٧١٠ی کوردی
ساڵی دەیەم

www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com


## لە کتێبخانەی کۆنگریسی ئەمریکا ئینسکلۆپیدیای هەولێر رێزی لێگیرا

**بەدرخان - واشنتۆن**

رۆژی ٢٠١٠/٧/١٣ شاندێکی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوی بەدرخان و بەشی هونەری و کەلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن، کە پێکهاتبوون لە حەمید بەدرخان بەرپرسی دەزگای بەدرخان و هەردوو راوێژکاری کەلتووری و رووناکبیری دەزگای بەدرخان د. ئازاد حەمە شەریف و د. ئیسماعیل قەرەداغی و نوێنەری بەشی هونەری و کەلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا نەجات عەبدوڵلا سەردانی کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکایان کردو لەلایەن د. کریستۆڤەر مورفی سەرۆکی بەشی رۆژهەڵاتی نزیک و خاتوو د. ماری جەین دیب سەرۆکی بەشی ئەفریقیاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و د. مایکل چایت کە پسپۆری زمانەکانە، بەمەبەستی ئاشنابوون بە کتێبخانە بەناوبانگەکەی کۆنگرێس بەگەرمی پێشوازی کران.



هەر لە هەمان سەرداندا کتێبەکانی ئینسکلۆپیدیای هەولێرو شەجەرەی بنەماڵە دێرینەکانی سلێمانی و کتێبی کوردو کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکومەتی بەریتانیاو رۆژنامەی کوردستان و رۆژنامەوانی کوردی سەردەمی کۆماری کوردستان لەگەڵ چەندین کتێبی دیکە پێشکەش بە کتێبخانە کرا، ئەوانیش لای خۆیانەوە بەگەرمی پێشوازییان لەو هەوڵە کردو دەستخۆشییان لە شاندەکە کردو هیوایان خواست کە ئاڵوگۆڕی کەلتووری بە بەردەوامی لەنێوان گەلان گرنگی پێبدرێت، بەڵێنی ئەوەشیان دا لە نزیکترین کات ژمارە ١٩ی رۆژنامەی کوردستان بدۆزنەوەو پێشکەشی دەزگای بەدرخانی بکەن، چونکە دڵنیابوون لە هەبوونی.



## قوباد تاڵەبانی :

## پێویستە پردی رووناکبیری لە رێگای هونەرو کەلتوورەوە لەگەڵ دۆستەکانمان بنیات بنێین

**بەدرخان - واشنتۆن**

هەروەکو لە ژمارەی پێشوو، گفتی ئەوەمان دابوو، کە دیدارێکی تایبەت لەگەڵ بەڕێز "قوباد تاڵەبانی" بەرپرسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا ساز بدەین، لە نووسینگەی تایبەتی خۆیدا سەبارەت بە کوردو کەلتوورو هونەرو لۆبی کوردی و چەندین تەوەرەی دیکە لە دیدارەکە باسکرا.

سەرەتا هەفتەنامەی بەدرخان پرسیاری ئەوەی لێکرد، ئاخۆ لە رێگای کەلتوورەوە چۆن دەتوانین لەگەڵ دۆستەکانمان هەڵکەین؟ ئەویش سەبارەت بە وەڵامی ئەو پرسیارە، گوتی: من لە وتارەکەمدا گوتم با ئێمە لەهەموو روویێکەوە کوردستان بە دۆستانمان بناسێنین لە دەرەوە. تەبعەن رێگا سیاسییەکە هەیەو هەر دەشبێ، سەیر دەکەین رۆژ بەرۆژ لەرێگای پەیوەندی ئابووری نێوان کوردستان و ئەمریکاو وڵاتانی دیکە لەو بوارەوە بەهێزتر دەبێ و پێموایە دەبێتە تەواکەرێک بۆ ئەو پەیوەندییانەی بەنیازین دروستی بکەین و گرنگە دروست بکرێ. ئەویش ئەوەیە لەرێگای هونەر و کەلتوور و پەیوەندی نێوان نووسەران و رۆشنبیران و هونەرمەندانی کوردستان ئەو پەیوەندییە بەهێزبکەین لەگەڵ هاوڕێکانمان لە دەرەوەی کوردستان.

ل٣-٤

## بەدرخان رێز لە بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمریکا دەگرێ



**تایبەت بە بەدرخان**

لە حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان کە لە رۆژانی ٢٩و٢٠١٠/٦/٣٠ لە واشنتۆن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بەهاوکاری بەشی هونەر و کلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن سازکرا، دەنگی کوردی رادیۆی ئەمریکا وەکو بەشێکی گرنگ لە دەزگایەکی گەورەی راگەیاندن رۆڵێکی یەکجار گرنگ و بەرچاویان هەبوو لە گواستنەوەی هەواڵ و چالاکییەکانی رووداوەکانی فێستیڤاڵەکە.

جگە لە گواستنەوەی هەواڵ و چالاکییەکان پەیامنێر و پێشکەشکار و بەرپرسانی ئەو بەشە وەکو کەسی چالاک و پسپۆڕ ئەو فێستیڤاڵەیان بە دەرفەتزانی بۆ ئەوەی چەندین بەرنامەی گرنگی رادیۆیی لەمەڕ پرسەکانی کورد و رەوشی رۆشنبیری رێکبخەن، لەوانە نووسەران و رۆژنامەنووسانی بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمریکا بەتایبەتی فەخریە دۆسکی و حەیدەر کەریم، بەڵێن ئەحمەد ساڵح، دەخیل شەمۆ، جانۆ دیلان و ناسکەو شوان و کارمەندانی دیکەیان، کە وێڕای کاری راگەیاندن وەکو هاوڕێیەکی بەردەوام و خەمخۆری هەرە گەورەی وەفدەکە چەندین بەرنامەیان رێکخست، توانیان چەندین بەرنامەی تایبەت لەگەڵ هەریەک لە: "د. کەمال مەزهەر، د. حاکم ئەحمەد ئەنوەر، حەمید بەدرخان، حەسەن یاسین، فەیسەڵ عەلی، عەتا قەرەداغی، دلشاد عەبدوڵلا، د. ئازاد حەمە شەریف، د. ئیسماعیل محەمەد فەهمی قەرەداغی و هەوراز محەمەد... هتد" سازبکەن، کە هەریەک لەوانە لەمەڕ بابەت و پسپۆڕیەتی خۆیەوە قسەی لەگەڵ کرا.

جگە لەوە وەکو تەلەفزیۆنیش "VOA" چەندین راپۆرت و رییۆرتاژی تەلەفزیۆنیان ئەنجامداو لە ماڵپەڕە فەرمییەکەیان بڵاویان کردەوە.

لە بەرامبەر ئەو کارکردن و ماندووبوونەی دەنگی کوردی رادیۆی ئەمریکا لە مەراسیمی کۆتایی فێستیڤاڵدا بەدرخان "فەخریە دۆسکی" بەرپرسی بەشی کوردی خەڵاتکردو لەناو هۆڵی فێستیڤاڵ چەپڵەڕێزانی ئامادەبووان ماندووبوونی ئەوانی سەلماند.

لە ژمارەکانی داهاتووی بەدرخان رییۆرتاژێکی تێرو تەسەل دەربارەی بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمریکا بخوێننەوە.

## موزیک بە رێگای پەرداخ



جیمی تێرنەر ئەو ئەمریکییە موزیکزانەیە، کە لە واشنتۆن لەناوچەی ئەلێکسەندەریە بە پەرداخ چەندین ئاوازی سیحراوی دەژەنی. کاتێ زانی ئێمە کوردین، داوای کرد هەندێک ئاوازی کوردی پێبدەین و ئەویش لەکاتێکی گونجاودا بە رێگای پەرداخەکانییەوە بیانژەنێ و لە هەمان کاتدا پەیوەندی بە نەجات عەبدوڵلا بەرپرسی کەلتوورو هونەر کرد، کە لە دەرفەتێکدا چەند سیدییەکی گۆرانیبێژانی کوردی لێوەربگرێ.

## Final statement: Bedirxan's 7th Festival in Washington DC on 29th -30th June 2010

In order to strengthen the cultural relationships between the Kurds and the Americans, the Bedirxan Publishing House, in collaboration with the Dept. of Arts and Culture in KRG Representation, hosted the 7th Cultural Festival under the slogan of "From Kurdistan to America: Establishing Cultural Bridges Between the Kurds and the Americans". The festival was held on 29th-30th June 2010 from 12:00 -8:00 PM in Sweden House. It was attended by the delegation members of Bedirxan, as well as a number of American guests, some of them were affiliated to the US Administration, some others from the private sector, some from NGOs, some journalists, as well as Kurdish, American, and foreign intellectuals.

Mr. Qubad Talabany,the representative of KRG, presented the opening speech, stressing the necessity of Kurdish culture, literature, arts as bridges for making the world familiar with the Kurdish people. The political path is not the only path to make the Kurds and Kurdistan better known to the friends and supporters of the Kurdish people among the nations of the world. The hosting of such cultural events is an impressive and important means to acquaint the world with the Kurds and Kurdistan. This needs the efforts of all the people involved, particularly Kurdish writers, journalists, and artists wherever they live in this wide world.

Afterwards, Mr. Hameed Bedirxan delivered his speech as the organizer of this festival, highlighting the role of Bedirxan Publishing House in holding festivals and promoting arts and Kurdish culture and journalism. Then, the documentary "Here is Kurdistan" by Mr. hawraz Mohammed was shown. The speech of Bedirxan family, written by Mrs. Sinem Bedirxan, delivered by Dr. Feryal Hajo, wished the festival success.

In the 1st Panel of the first day, Dr. Azad Hamad Sharif presented his paper "The Influence of Kurdish History on Literature: A Comparative Approach to Jean Sasson's LOVE IN A TORN LAND". The novelist herself attended the festival and delivered a speech about her book. Afterwards, the rest of the 8 papers were presented.

The 2nd day witnessed the presentation of three more papers, as well as four movies, and a one-man show play. Also, poems were recited in Kurdish and English as well. Qubadid jail Zade's poem "I LOVE THE AMERICANS" was one of these poems.

Later, the Bedirxan awards were distributed unto the distinguished participants from Kurdistan and America. Kurdish music and dancing were presented by the Virginia Kurdish Music Group. The Participation Certificates were given to the participants.

Mr. Qubad Talabany concluded the Festival with a speech stressing the significance ang success of Bedirxan festival, appreciating the Dept. of Arts and Culture in KRG Representation as well the Bedirxan Publishing House. Finally, the Bedirxan Publishing House expressed their thankfulness to the Dept. of Arts and Culture in KRG Representation as they had great role in making the festival successful. The last good news was that Bedirxan's 8th Festival will be held in 2011 in Paris-France.

**30th June 2010**
**Washington DC**

ئاراستەی سێیەم

سمکۆ عەبدولکەریم

## یەکێتی نووسەران

دەیانوویست کۆنگرەکەیان جیا لە ڕێکخراوو سەندیکا پیشەییەکانی دیکەی کوردستان ئەنجام بدرێت، بەڵام دەڵێی چی، ئەوە کوردستانەو هێشتا قۆناغی ئینتیقالی تێنەپەڕێندراوەو باوەڕیش ناکەم ئەوها زوو تێپەڕێنێ.

هەرواشە تێپەڕاندنی هەندێ شت ئاسانەو هەندێکیشیان گرانەو پێویستی بە کات و ساتی خۆی هەیە، سەیرەکەش ئەوەیە کەسانێک باس لە تێپەڕاندنی ئەو واقعە دەکەن، تا ئێستا نەیانتوانیوە خۆیان لەزۆر شت تێپەڕێنن، تا ئێستا لەوە تێنەگەیشتوون ئەو ڕۆژگارە گوزەشت کە بە شیعرێک شۆڕشێک بەرپادەکرا، مەبەستم ئەوەیە گۆڕین و تێپەڕاندنی ئەو شتانە بە قسەی قەبە قەبەی سەرمێزو مابەینی چوار دیواران نە دەکرێ نە دەچتەسەرێ .

ئاخر هەموومان کۆنگرەی یەکێتی نووسەرانمان بینی بەسەرکەوتوویی بێ یان نا بەڕێوەچوو، هەرچەندە تێگەیشتنەکان بۆسەرکەوتوویی و ناسەرکەوتوویی جوارجۆرو هەمەرەنگن، هەرکەسەو لە هەمبانەکەی خۆی گویزان دەژمێرێ، چونکە زەمانەکە گۆڕاوە لە هەندێ ڕووەوە هەندێک شت لای هەندێکیان سەرکەوتنە لای هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە فاشلە، هەرچۆنێک بێت سەرەنجام نووسەران توانیان دوای ئەوەندە ساڵە لە پاشاگەردانی یەکێتییەکەیان کۆنگرە بکەن، هەر هیچ نەبێ، ئەوانیش بێنە نێو مەیدانەکەو ئەو هەموو نووسەرە زۆرەی لە دوای ڕاپەڕینەوە بەسەریەکدا کەڵەکە بووەو بەناچاری بەسەر سەندیکای ڕۆژنامەنووساندا ساغکراونەتەوە بیانکەنە ئەندام لای خۆیان و سەندیکاش لەو نەهامەتییە قورتاری بێت.

کۆنگرەکە وەک سەرجەم ڕێکخراوو سەندیکاکانی دیکەی کوردستان بە شێوەی تەوافیقی، ئەو تەوافقیەی هەم دەردەو هەم دەرمانە کۆتایی پێهات و دەستەیەکی تازە، کەوابزانم کەسێکی تێدانییە دووبارە بێت بەبێ ململانێ هەڵبژێردران، کە ئەمەشیان بە شێوەیەک لە شێوەکان دەچێتە خانەی تێپەڕاندن، بەڵام تێپەڕاندنێک وەک خۆیان دەیانەوێ نەک وەک ئەوان دەیانەوێ.

تا ئێستا نووسەرێکی بەشداربووی کۆنگرەکەم نەبینیوە باس لە سەرکەوتوویی چۆنییەتی بەڕێوەچوونی کۆنگرەکەیان بکات، بە پێچەوانەوە زۆربەیان بە کۆنگرەیەکی فاشلی وەسفدەکەن، سەیرەکەش ئەوەیە ئەوەی بینیمان تەنیا سێ ئەندام بە شێوازی بەڕێوەچوونەکەی ڕازی نەبوون و لە هۆڵی کۆنگرە هاتنەدەرێ، دەڵێن چەند ئەندامێکیش هەر لە سەرەتاوە بەشداریان نەکردوە، بەڵام کەس نەیزانی هۆکاری ئەو بەشدارینەکردنەیان چی بوو.

ئەوەی گرنگە هەموومان تێبگەین ئەوەیە ئەو گۆڕان و تێپەڕاندنەی بەر لە بەستنی کۆنگرە خرابووە بەر باس نەدەبوایە تەنیا لە نارەزایی چەند ئەندامێک کە لە پەنجەکانی دەست تێنەدەپەڕین ڕەنگبداتەوە، ئەوانەش کە لە سەرەتاوە تا کۆتایی بە خۆشی بێت یان ناخۆشی بەشداری کۆنگرەکەیان کرد، پێویست ناکات چوار مەشقی لێدابنیشن و کۆنگرەکەیان بە کۆنگرەیەکی فاشیل وەسف بکەن.

# چۆنییەتی سازکردنی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەمریکا



نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا - واشنتۆن

**حەمید بەدرخان - واشنتۆن**

**سەرەتا:**

لەکاتی سازدانی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەسینای پایتەختی یۆنان ١٩و٢٠٠٩/١٠/٢٠ بەناوونیشانی "لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە بەرەو ئەکرۆپۆلیس" پەیوەندی کرا بە بەشی کەلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا بەتایبەتی "نەجات عەبدوڵلا"کە بەرپرسی ئەو بەشەیە، هەروەها پێشووتر لە ڕێگای نووسەرو ڕۆژنامەنووسی لاو "هێمن کەریم مام ڕەش" ئەوکاتەی کە بۆ لێکۆڵینەوەیەک لەسەر بەشی کوردی ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا کە لە واشنتۆن بوو، ئەو هیممەتی باشی کرد بۆ ئەوەی کارئاسانی بۆ حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن بکات. پاش ڕەزامەندی نوێنەرایەتی کە توانرا لە بەیانی کۆتایی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەسینا ئاماژە بەوە بدرێ کە ساڵی داهاتوو واتا حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن لەکات و ساتی خۆی ئەنجام دەدرێت، بۆیە پاش ئەوەی ڕەزامەندی وەرگیرا بۆ ماوەی زیاتر لە ٧مانگ بەهاوکاری د. ئازاد حەمە شەریف- ڕاوێژکاری ڕووناکبیری دەزگای بەدرخان و د. ئیسماعیل محەمەد فەهمی – ڕاوێژکاری کەلتووری دەزگای بەدرخان بە بەردەوامی کار لەسەر ئەوە کرا کە چۆن بتوانین بەرنامە ڕێژی بۆ سەرکەوتنی ئەم فێستیڤاڵە ئەنجامبدەین.

**فێستیڤاڵەکانی بەدرخان:**

پاش ئەزموونی چەندین ساڵەی لە سازدانی فێستیڤاڵەکانی بەدرخان لەناوەوەی هەرێمی کوردستان"فێستیڤاڵی یەکەمی بەدرخان، سلێمانی٢٠٠٤ بە دروشمی "هەموومان قەرزاری بەدرخانییەکانین"، فێستیڤاڵی دووەمی بەدرخان، دهۆک٢٠٠٥ بەدروشمی "بەهێزکردنی دەسەڵاتی چوارەم پەیامی بەدرخانییەکانە"، هەولێر٢٠٠٦ فێستیڤاڵی سێیەمی بەدرخان بەهاوکاری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لەژێر دروشمی "بۆ چەسپاندنی ڕۆژنامەنووسی ئازاد و بەرزکردنەوەی ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی"و لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانیش چالاکی کەلتووری"قاهیرە ٢٠٠٥ بە دروشمی "من کوردستان الی ارض الکنانة"، فێستیڤاڵی چوارەمی بەدرخان، بەرلین٢٠٠٧ بەناونیشانی "ئازادی و زۆرلێکردن" بەهاوبەشی دەزگای هاڤیبوون و کوردۆلۆجی، فێستیڤاڵی پێنجەمی بەدرخان، قاهیرە٢٠٠٨ بە ناونیشانی "خاوەن شکۆی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی ١١٠ساڵ بەر لە ئێستا لە شاری قاهیرە لەدایکبوو"، شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان، ئەسینا٢٠٠٩ لەژێر دروشمی "لە ئەشکەوتی شانەدەرەوە بۆ ئەکرۆپۆلس"،حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان، ئەمریکا٢٠١٠ بە دروشمی"دروستکردنی پردی ڕووناکبیری لەنێوان کوردستان و ئەمریکا"بەڕێوەچوون.

**چۆن ڤیزا وەرگیرا:**

بڕیاربوو ٢٥میوان بانگهێشتی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان بکرێن بۆ ئەمریکا، لەنێوانیان مامۆستا فەلەکەدین کاکەیی و سینەم خان جەلادەت بەدرخان، عەبدولڕەحمان کاکل و ئاوات نەجمەدین و هەندێکی دیکە، بەڵام بەهۆی هەندێک کاری تایبەتی ئەوانە داوای لێبوردنیان کرد. بۆیە لەدواجاردا ئەو ٢٥ میوانە بەمەبەستی ڤیزا وەرگرتن ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٢٨لەفڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر بەرەو بەغدا بەڕێکەوتین و لە بەغداش لەلایەن نووسینگەی تایبەتی سەرۆک کۆماری عێراق بەڕێز"مام جەلال" و نووسینگەی تایبەتی بەڕێز کاک کۆسرەت پێشوازی لە میوانان کراو بەڕێخران بۆ شوێنی حەوانەوە هەندێکیشیان لە هوتێل مانەوە، بۆ ڕۆژی ٢٠١٠/٣/٢٩ لەسەفارەتی ئەمریکا لە بەغدا پاش پڕکردنەوەی فۆڕم و دیدارییان بەمەبەستی وەرگرتنی ڤیزا لە قونسولییەت بە گەرمی پێشوازی کران. بۆ زانیاری زیاتر خەرجی چوون و هاتن بۆ بەغدا بەمەبەستی ڤیزا وەرگرتن لەسەر میوانان خۆیان بوو.

پاش ڕەزامەندی نیشاندان لە ٢٥کەس ڕەزامەندی ٢١کەس بە وەرگرتنی ڤیزا تا ڕۆیشتنمان ٢٠١٠/٦/٢٥ وەرگیرا. کە چوار کەسیان ڤیزاکانیان تا ڕۆیشتنمان تەواو نەبیوو، ئەوانیش"د. محەمەد عەبدوڵلا کاکەسوور، هیوا محەمەد خدر، جەمال حوسێن، کامیل ئەحمەد فەرەج " هەرچەندە چەندین جار پەیوەندیمان بە باڵیۆزخانەو قونسولی ئەمریکی لە بەغدا کرد.

**ناوی بەشداربووان:**

د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، سەرۆکی شاند. م. عەبدوڵا حەسەن زادە، نووسەر و ڕووناکبیر. حەمید ئەبوبەکر ئەحمەد بەدرخان، بەرپرسی دەزگای بەدرخان. د. ئازاد حەمەد شەریف، مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین. د. ئەبوبەکر عەبدوڵا حەسەن خۆشناو، مامۆستای زانکۆی سلێمانی. حەسەن یاسین عەبدولڕەحمان ، نووسەر و ڕۆژنامەنووس. مەریوان مەسعود عەلی، ڕۆژنامەنووس لە کوردستانی نوێ. مەسعودی مەلا هەمزە، ڕۆژنامەنووس. سامی هادی عوسمان، ستافی کارای هەفتەنامەی چاودێر. دلشاد عەبدوڵا خدر، شاعیر و سەرنووسەری گۆڤاری ئایندە. شەهلا تاهیر شەهباز، نووسەر و لێکۆڵیار. عوسام کازم عەبدولڕەزا فەیلی، مامۆستای زانکۆی موستەنسەریە - بەغدا. موحەرەم مستەفا "میرحاج"، ڕۆژنامەنووس. فەیسەڵ عەلی خورشید، نووسەر و لێکۆڵیار. عەتا فایەق عوسمان، نووسەر و لێکۆڵیار. د. ئازاد ئەحمەد محەمەد، ئەکادیمیای کوردستان. د. ئیسماعیل محەمەد فەهمی قەرەداغی، مامۆستای زانکۆی سەلاحەددین. هەوراز محەمەد حەمە ڕەشید، سینەماکار. د. ئاکۆ عەبدولکەریم شوانی، مامۆستای زانکۆی سلێمانی. سەمەد محەمەد حوسێن، لێکۆڵیار. د. مەیسون تاهیر شاهباز، یاوەری وەفدەکە. چونکە خۆی لە نیویۆرک دەژی بۆ کارئاسانی وەفدەکە.

لە دواساتی چوونمان بۆ ئەمریکا سینەم خان جەلادەت بەدرخان کە ڤیزاشی وەرگرتبوو، بەهۆی نەشتەرگەریی کە لە تورکیا بۆی ئەنجامدرابوو، بۆیە نەیتوانی یاوەرمان بێت.

**بەشداربووان و بەشدارییان بە بابەتێک:**

بەپێی ئەو ڕێککەوتنەی لەنێوان دەزگای بەدرخان و بەشی کەلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا هەبوو، بۆ هەر بەشداربوویێک دەبێ بابەتێک پێشکەش بکات. بۆ ئەو مەبەستە هەموو میوانەکان بابەتێک یا لێکۆڵینەوەیەکیان پێشکەش بە لیژنەی باڵا کرد. لیژنەی باڵا بریتی بوو لە: د. کەمال مەزهەر، سینەم خان جەلادەت بەدرخان، حەمید بەدرخان، د. ئازاد حەمە شەریف.

پاش ناردرنی هەموو بابەتەکان بە زمانی کوردی و ئینگلیزی بۆ بەشی کەلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجامدرا. ئەو بابەتانە هەڵبژێردران، کە زیاتر کەلتووری و هونەرین، بۆیە بەشێک لە میوانان لە بەشداریکردنیان بێ بەش بوون. هەرچەندە دەبوا" د. جەبار قادر لە هۆڵەنداو بەهار خان و تامان شاکر و هاشمی ئەحمەد زادە" لە فیستیڤاڵەکە ئامادە بووبان، بەڵام بەهۆی هەندێک کێشەی هونەری نەیانتوانی بەشداری بکەن.

**ڤیزاکان دەرچوو:**

ناکرێ ڕۆڵی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەبیر بکەین، بەتایبەتی بەڕێز "فەلاح مستەفا"بەرپرسی پەیوەندییەکان، چونکە زۆر کارئاسانییان کرد، بەمەبەستی وەرگرتنی ڤیزاکان. ئەمەو جگە لە هەوڵە بەردەوامەکانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا بەتایبەتی بەڕێز"قوباد تاڵەبانی"بەرپرسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا، بەهاوکاری بەشی هونەری و کەلتووری بەڕێز نەجات عەبدوڵلا، کە هەردەم لە پەیوەندیدا بوون بەمەبەستی کارئاسانی بۆ وەفدەکەو سەرکەوتنی ئەو فێستیڤاڵە.

پاش ئەوەی ئەندامانی وەفدەکە لە بەغدا گەڕانەوە، پاش ٢٠ڕۆژ یەکەم ڤیزای ئەمریکای لە پاسەپۆرتی شاعیر"دلشاد عەبدوڵلا"لێدراو بۆماوەی ساڵێک،کاتێک پاسەپۆرتەکەشی وەرگرتەوە دلشاد عەبدوڵلا گوتی:"ئەمە یەکەمینجارە شیعر فریای شاعیر بکەوێ". لەپاشان ڤیزاکانی دیکە هاتنەوە، لە ڕێگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان"کاک سەلیم و کاک هۆشەنگ"کە ئەوان لە ڕێگای ئیمێل و چەندین کۆنتاکی دیکەوە کاتێک ڤیزاکان تەواودەبوون دەیانهێنایەوەکوردستان. ئەمەو جگە لە کۆمپانیای"DHL"کە چەندین پاسەپۆرت لەڕێگای ئەوانەوە گەیشتنەوە دەزگای بەدرخان. کاتێ وەفدەکە گەیشتنە واشنتۆن هەواڵی ئەوەیان گەیاند گوایە پاسەپۆرتی کامیل ئەحمەد فەرەج تەواوبووەو ١٨ی مانگ گەیشتۆتە هەولێر، بۆ ڕاست و دروستی دەڵێین بەهیچ جۆرێ شتی وانییەو نابێ، چونکە ڕۆژانە پرسیارمان کردووەو چووینەتە نووسینگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هیچ کەس بەئێمەی نەگوتووە ئەم پاسپۆرتە تەواوبووە، چونکە بە بەردەوامی یا سۆراغمان کردووە یا ئیمەیڵمان بۆ قونسوڵییەی ئەمریکی لە بەغدا ناردووە، بۆ زانیاری زیاتر کاک سەلیم پاشا لەوکاتەدا لە لەندەن بووەو لە کوردستان نەبوو.

**دوا کەوتنی ڤیزا:**

لەگەڵ تەواوبوونی هەندێک لە ڤیزاکان و دواکەوتن و نەهاتنەوەی هەندێکی دیکە، بەتایبەتی ڤیزاکانی "مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە، سامی هادی، د. ئیسماعیل قەرەداغی، د. محەمەد عەبدوڵلا کاکە سوور و هیوا محەمەد خدر و کامیل ئەحمەد فەرەج، جەمال حوسێن ڕەحیم" لەپاشان گەڕانەوەی ڤیزاکانی "مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادەو سامی هادی و ئیسماعیل قەرەداغی"تا ڕۆژی ڕۆیشتنمان کە دەکاتە ٢٠١٠/٦/٢٥ ڤیزاکانی ئەو بەڕێزانە " د. محەمەد عەبدوڵلا کاکە سوور و هیوا محەمەد خدر و کامیل ئەحمەد فەرەج، جەمال حوسێن ڕەحیم " نەگەڕابوونەوە، لە پاشانیش نازانین ئایا ڤیزایان پێدراوە یان نا.

**دوا کەوتنی فێستیڤاڵ:**

ساڵانە دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان فێستیڤاڵی ڕۆژنامەنووسیی، کەلتووریی، ڕووناکبیری لە یادی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی"کوردستان"، کە بە یەکەمین نۆبەرەی ڕۆژنامەنووسی کوردی دادەنرێت لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیدا، کە ئەویش ٤/٢٢ هەموو ساڵێک، لە شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە یۆنان پاش دواخستنی ٣جار تا دواجار لە ١٩-٢٠-٢٠٠٩/١٠/٢٠ سازکرا. هۆی دواخستنەکەش بۆ سازکردنی هەڵبژاردنەکانی وڵاتی یۆنان دواخرا. ئەمساڵیش لە حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەمریکا، کە بڕیاربوو لە ٢٠١٠/٤/٢٢ ساز بدرێ، بەڵام بەهۆی چەند کێشەیەکی هونەری دواخرا بۆ ٢٩و٢٠١٠/٦/٣٠.

**باش، چاک، نرخی هەرزان:**

بەپێی ئەوئەزموونەی دەزگای بەدرخان هەیەتی، کە هەردەم شتی "باش، چاک، مامەڵە، هەرزان"کردوویەتییە دروشمی سەرەکی خۆی، ئەمەشیان لەچەندین شوێن و دەزگای ئەهلی و حکومی کێشەی بۆ دروستکردوون، چونکە چەند ساڵە دەڵێین بەدرخان مانگانە بە ٢ ملیۆن دینار، کە مینحەیەکی فەرمییە لە حکومەتی هەرێم- میدیای ئازاد وەردەگرێ، کە مانگانە دوو ژمارە لە بەدرخان و چەندین کتێب و چالاکیش ئەنجامدەدات، باوەڕ ناکەن!؟ لەپاشان کە ڕاستییەکان دەبینن ئینجا دەستخۆشی دەکەن. هەندێک کێخوای بن دیوار و ئەوانەی بەناوی بەدرخان و ئەوانەش کە هیچ پەیوەندییان بە بەدرخانەوە نییە، لاف و گەزافی ئەوە لێدەدەن ئەگەر پشتگیریمان نەکەن لافاو دەمانبات و دەخنکێین. من بەو کۆلکە نووسەر و قەڵەمە قورمساغانە دەڵێم:"کانی پاک بەدەمی کەس پیس نابێ"لێمان گەڕێن با کار بکەین، چونکە دڵنیابن هەرگیزاو هەرگیز بەدوای ئەو هەواڵە بێ بنەماو بوختانچیانەدا ناچین، چونکە ئێمە دەزانین تەنیاو تەنیا مەبەست ساردکردنەوەی ئێمەیەو ئەگینا کێ دەستی گرتوون بەردێک بخەنە سەر بەردێک.

هەرچەندە لە بابەتەکە دەرچووم، بەڵام مەبەستمە لەو شەڕە ڕەشانەی دەرهەق بەوکارە سپییانەی دەزگای بەدرخان دەیکات بێمە وەڵام. بەڵام ئەوە بۆ مرۆڤە ویژدان زیندووەکان جێدێڵم و مرۆڤە ویژدان مردووەکانیش دەچنە نێو لەبیرچوونەوەی مێژوو.

بۆیە دەزگای بەدرخان پێویستی بە هەر پێداویستییەک هەبێ سەوداو مامەڵە دەکات، تا بە نرخێکی شیاوو گونجاو دەستەبەری دەکات، لەمبارەیەوە نموونە زۆرە، بۆیە لە سەرەتا واتە ٢٠٠٩/١٠/٢٥ تا ٢٠١٠/٦/٢٥ خەرجی دەزگای بەدرخان ٦٥٠٠ دۆلار بوو.

**پێداویستییەکانی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان:**

هەمووجار چاپخانەی ناودار بەتایبەتی جووتە برا"یوسف و سەمەد"پێداویستییەکانی فێستیڤاڵ و چالاکییەکانمان بۆ ئامادە دەکەن، کە بریتین لە:"فلێکس، پۆستەر، مەدالیای کریستاڵ و مەدالیای ڕێزلێنان، بڕوانامەی ڕێزلێنان، پێنووس، ئالای کوردستان، باجی یەخە، باجی فێستیڤاڵ، کاغەزی نووسین بۆ میوانان، نووسین لەسەر جانتا، لۆگۆی فێستیڤاڵ لەسەر ئاسن، نووسین لەسەر خورجی، نووسین لەسەر تیشێرت و کڵاو و پێنووس....."کە بە نرخێکی یەکجار گونجاوو پاش خاترگرتنێکی زۆر و مشتومڕێکی زۆر ئینجا ڕێکدەکەوین. هەمووجار لەگەڵ یەکێک لە میوانەکانی فێستیڤاڵ یا چالاکییەکە کارەکان لەلایەن چاپخانەی ناودار ئەنجامدراوە، بۆیە هەردەم جێگای ڕێز و ستایشی دەزگای بەدرخانن. تێچووی پێداویستییەکانی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە چاپخانەی ناودار بەپێی وەسڵی ژمارە ٤١٠٠ی ٢٠١٠/٦/٢٤ کە بڕی ٣٨٠٠ دۆلارە.

**خەرجییەکان و پلیتی فڕۆکە:**

ڕۆژی ٢٠١٠/٦/١٩ پاش گەڕان و سەوداکردنی چەندین کۆمپانیای فڕۆکەوانی سەرەنجام لەگەڵ بەڕێز"د. کەمال مەزهەر"سەرۆکی شاندسەردانی هێڵی ئاسمانی "ئوردن"یمان کرد لە بازاڕی"ڕاین مۆڵ"کە چۆن بتوانین پلیتی ٢٥میوانمان دەست بکەوێت، بەو مەرجەی لەلایەن هیچ کەسێکەوە تاکو ٢٠١٠/٦/١٩ یەک تاکە دۆلاریشمان بۆ خەرج نەکرابوو. ڕۆژەکان دەڕۆیشتن و کاتەکانیش لەنێوان چوون و نەچوون دەخولانەوە، بۆیە مەسجێکم بۆ هەموو میوانەکان نارد، کە تێیدا نووسیبووم:"تاکو ئەمڕۆ نەمانتوانیوە بودجەی تەواو دابین بکەین، بۆیە هەرکەسێک دەبێ لەسەر گیرفانی خۆی سەفەر بکات"پاش ئەو مەسجە لەلایەن هەندێک لە میوانان وەڵامیان داینەوە وتیان: ئەگەر حکومەت هاریکاری نەکردین، ئێمە ئامادەین بەپارەی خۆمان سەفەرەکە تێپەڕێنین، دیسانەکە هەردوو بەڕێزان د. کەمال مەزهەر و مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە هەریەکەو لەلایەک توانیان بودجەی خەملێنراو یان پارەی پلیتی ٢٥کەس کە بۆ هەریەکێک ٢٠٩٦$ دوو هەزار و نەوەد و شەش دۆلار لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز"د. بەرهەم ئەحمەد ساڵح" و جێگری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز"ئازاد بەرواری" دابین کرا، کە لەپارەی پلیتی فڕۆکە چوون و هاتن "هەولێر- عەممان- نیویۆرک" و "نیویۆرک – عەممان - هەولێر"بێ خەمیان کردین و ئەمەشیان جێگای سوپاس و تێڕامانی هەموو میوانانی فێستیڤاڵەکە بوو.

سەرەتا پلیتی ٢٠کەس بڕا بە٢٠٩٦$، بۆ چوون و هاتن، تەنیا یەک پلیت بۆ مامۆستا عەبدوڵلا حەسەن زادە کە تەنیا چوون بوو، بە ١٣٠٠$ بڕا، کۆی گشتی بەپێی وەسڵی ژمارە ١٠٦٢ هێڵی بابان، لە ٢٠١٠/٦/٢٢ کە کۆی گشتی پلیتی فڕۆکە دەکاتە ٤٣٢٢٠ چل و سێ هەزار و دووسەد و بیست دۆلار، سەرەڕای پێدانی چوار هەزار دۆلار بۆ ئەو میوانانەی لە وڵاتانی ئەوروپاوە هاتبوون یان پاسەپۆرتەکانیان ئەوروپی بوون"فریال حاجۆ ، د. سەروەر عەبدوڵلا، کەنار عەبدوڵلا لە ئەڵمانیا" و "د. نەرمین عەلی کە پاسەپۆرتی فەرەنسی هەبوو" بۆ هەریەکەیان ١٠٠٠$ خەرجکرا، جگە لە هەردوو میوان"د. عەبدوڵلا عەلیاوەیی و د. ئەحمەد ئەنوەر"لەسەر گیرفانی خۆیان پلیتیان بڕی و تەنیا ئێمە توانیمان لە ئەمریکا بۆ حەوت ڕۆژ میوانداریيان بکەین، بەتایبەتی وەکو میوانانی دیکە مانەوەیان لە هوتێل، چونکە بۆخۆیان ڤیزایان وەرگرتبوو لە دەرەوەی ٢٥ کەسەکەبوون. هەروەها بە ئیختیاری نەک ئیجباری بەهۆی زۆری خەرجییەوە بڕی ٤٠٠ دۆلار لە هەندێ میوان وەرگیرا، بۆ مامۆستا عەبدولڵا حەسەن زادەش ٤٠٠ دۆلار ڕەتکرایەوە، چونکە پلیتی مامۆستا یەک سەر بوو بەبڕی ١٣٠٠ دۆلار بوو.

**بەڕێکەوتن بۆ ئەمریکا:**

پاش ئەوەی پلیتی میوانان ئامادەکرا جگە لە پلیتی سینەم خان جەلادەت بەدرخان کە بەهۆی نەخۆشی و نەشتەرگەرییەوە نەیتوانی هاوکارمان بێت و جگە لە نەهاتنەوەی ڤیزاکانی"د. محەمەد و هیوا و جەمال و کامیل" شەوی ٢٥ لەسەر ٢٦ی ٢٠١٠/٦ کاتژمێر ٢ی شەو بەکاتی هەولێر میوانان بەرەو فڕۆکەخانەی نێودەڵەتی هەولێر بەڕێکەوتین بەو مەرجەی کارمەندانی دەزگای بەدرخان و من تا کاتژمێر ١٢:٣٠شەو خەریکی کارکردن و خۆئامادەکردن بووین، چونکە ٤٢ کارتۆن کتێب و شتومەکمان ئامادە

←

# وتاری قوباد تاڵەبانی بەرپرسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا

ڕۆژتان باش خوشک و برایانی بەڕێز...
زۆر زۆر بەخێربێن، بەناوی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا و بەتایبەتی بەشی هونەر و کەلتوور گەرمترین بەخێرهاتنتان دەکەین، بەتایبەتی ئەو میوانانەی لە کوردستان و ئەورووپاوە هاتوون، هەروەها سوپاسی دۆستە ئەمریکییەکانی خۆمان دەکەین کە بەشدارن لەم فێستیڤاڵە.
خوشک و برایانی بەڕێز...
ئەمڕۆ ڕۆژێکی خۆش و پیرۆزە. بەڵام حەزدەکەم بە هەواڵێکی ناخۆش دەستی پێبکەم. زۆر بەداخەوە دۆستی خۆشەویستمان لە کوردستان "کاک ئازاد سدیق" کۆچی دوایی کردووە. حەزدەکەم بەناوی ئەم فێستیڤاڵەو هەموومان پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی دۆست و بنەماڵەو خزمەکانی کاک ئازاد بکەین. ڕەنگبێ خۆتان لەمن باشتر بیناسن. بەڵام بۆشاییەکی زۆری جێهێشت لە کوردستان.
ئەمڕۆ هەموومان لێرەین تاکو باسی پێشهاتەکانی بواری هونەر و کەلتوور بکەین لە کوردستان و بەرێگای دیکە کوردستان بناسێنین بە دۆستەکانمان لە دەرەوەی وڵات. زۆرجار کۆڕو کۆبوونەوە دەکرێ لە دەرەوە ئەوانە زیاتر مەسەلەی سیاسی عێراق و کێشەکانی کوردستانە. بەڵام خۆشبەختانە ئەمڕۆ دەتوانین باسی هەندێ بواری دیکە بکەین. کە تا ئێستا وەکو پێویست گرنگی پێ نەدراوە. ئێمە حەزدەکەین بەتایبەتی لەرێگای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمەوە لێرەو بەشی هونەر و کەلتوور کوردستان بناسێنین بە باشییەکان و خراپییەکان و هەموو بەش و بوارەکانیەوە. بۆیە زۆر گرنگە ئێمە بمانەوێ لە دەرەوە دۆست پەیدا بکەین و بمانناسن و بزانن کوردستان چییەو کوێیەو کێشەکانی ئەمڕۆی چین و مێژووی چۆن بووە، هیوادارین لەم جۆرە دانیشتنانە بتوانین ئەو پەیامانە بگەیەنین بە دۆستەکانمان لە دەرەوەی کوردستان و هەم بۆ ڕەوەندی کوردستانیش کە لە دەرەوەن، بە تایبەت ئەو نەوە نوێیە کە لەوانەیە ئەو جۆرە شارەزاییەی نەبێ لەمێژوو و کەلتوورو فەرهەنگی خۆمان. خۆتان دەزانن بەرنامەکانی فێستیڤاڵەکە ئەم چەند ڕۆژە سەرکەوتوو دەبێ. دووبارە دەستخۆشی لە هەموو بەشداربووانی ئەم فێستیڤاڵە دەکەم بەتایبەت ئەو هەڤاڵانەی لە دوورەوە هاتوون. سوپاسی ئەو هەموو کەسانە دەکەین کە هاوکاریان کردووین بۆ ڕێکخستنی ئەم فێستیڤاڵە، بە تایبەت کاک نەجات کە بەشی هونەر و کەلتوور بەڕێوەدەبا. هەندێ دۆستی دیکەشمان هەیە لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کە ئەمڕۆ بەشدارن، چێشتخانەی "لەڤان پێس" لەواشنتۆن کە کوردێک بەڕێوەی دەبا خواردنیان بۆ ئامادە کردووین. سوپاسیان دەکەین، هیوادارین چەند ڕۆژێکی خۆش بەسەر بەرین و هیوادارم ئەو کەسانەی لێرە دەژین و ڕەوەندی کوردستانی لێرە یەکتری بناسن لەگەڵ ئەو دۆستانەی لە کوردستانەوە هاتوون تا ئەو پەیوەندییە دروست ببێ لەنێوان ئێرەو کوردستان.
زۆر سوپاس و زۆر خۆشحاڵین کە هەمووتان هاتوون و لێرە بەیەکەوە یەکمان گرتۆتەوە.


قوباد تاڵەبانی لەکاتی پێشکەشکردنی وتاری نوێنەرایەتی

# وتاری حەمید ئەبوبەکر بەدرخان لە حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن


حەمید بەدرخان لەکاتی پێشکەشکردنی وتاری دەزگای بەدرخان

میوانە بەڕێزەکان بەخێربێن...
ئەمڕۆ ڕۆژێکی پڕشنگدارە لەمێژووی ڕووناکبیری و ڕۆژنامەگەری کوردی بەتایبەتی کە یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی لە قاهیرە لە ١٨٩٨/٤/٢٢ لەسەردەستی بەدرخانییەکان و بەتایبەتی جووتەبرا میقداد بەدرخان و عەبدولرەحمان بەدرخان هاتە چاپکردن، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان ئەمساڵ بۆ حەوتەمین ساڵە لەسەر یەک فێستیڤاڵی بەدرخان سازدەکا، فێستیڤاڵی یەکەمی بەدرخان لە ٢٠٠٤/٤/٢٢ لە شاری سلێمانی ئەنجامدرا، فێستیڤاڵی دووەم لە شاری دهۆک لە ٢٠٠٥/٤/٢٢ سازکرا، لە ٢٠٠٦/٤/٢٢ لە شاری هەولێر سێیەمین فێستیڤاڵی بەدرخان سازکرا، لە ٢٠٠٧/٤/٢٢ لە بەرلین چوارەمین فێستیڤاڵی بەدرخان ئەنجامدرا، لە ٢٠٠٨/٤/٢٢ لە قاهیرە پێنجەمین فێستیڤاڵی بەدرخان سازکرا، لە ٢٠٠٩/١٠/١٩ لە ئەسینای پایەتەختی یۆنان شەشەمین فێستیڤاڵ سازکرا، ئەمساڵیش بە ئامادەبوونی زۆرێک لە نووسەران و ڕووناکبیران و ڕۆژنامەنووسانی کوردستان زۆرێکیش لە ڕەوەندی کورد و ئەمریکییەکان پیرۆزدەکرێ، ئەگەر باسی ئەمڕۆی ماس میدیای کوردی بکەین سەیردەکەی کۆمەڵێک گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، ئەگەر زوو کوردان ڕۆژنامەکەی خۆیان هەر ژمارەو لە وڵاتێک چاپدەکرد بە تایبەتی کوڕانی بەدرخانییەکان، سەرەتا بەهاوکاری و پشتگیری جۆرجی زێدان کە لە قاهیرە چاپخانەی "دار الهلال"ی هەبوو لە قاهیرە، ئەوکاتە بەدۆستایەتی جووتەبرا لەگەڵ جۆرجی زێدان توانیان ٥ ژمارەی سەرەتای ڕۆژنامەی کوردستان لە "دار الهلال" چاپ بکەن، لە پاشان بۆ فۆلکستۆن و لەندەن و جنێف و وڵاتانی دیکە ڕۆژنامەی کوردستان هاتە چاپکردن، ئەگەر باسی ڕاگەیاندنی کوردی بکەین دوای ئازادکردنی گەلی عێراق ساڵی ٢٠٠٣ سەیردەکەی لە چەندین بوارەوە گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، هەر لە سازدانی وۆرک شۆپەکان لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان بە تایبەتی لەڕووی دیزاین و کۆمەڵێک میتۆدی دیکە گۆڕانکاری بەخۆوە بینیوە، ئەو ئەزموونەی لەنێو گەلان هەیە، بەتایبەتی لەڕووی ئازادی و ئازادی رادەبڕینەوە دەزگای بەدرخانیش توانیویەتی وەکو پردێکی ڕووناکبیری لەنێوان کورد و گەلانی دنیا بیهێنێتە بەرهەم و توانیویەتی تارادەیەکیش هەموو ئەو شتانەی دیکە بەسوودی بزووتنەوەی کوردایەتی کۆتایی پێ بێنێ، جگە لە سازدانی فێستیڤاڵەکانی دەزگای بەدرخان توانیویەتی ژمارە ١٠و١٢ی ڕۆژنامەی کوردستان لە نەمسا بدۆزێتەوە لەسەر دەستی دکتۆر جەلیلی جەلیلی و لە دووتوێی کتێبێک قەبارە ٢٣×٣٣ لە قاهیرەو تاران لە چاپێکی پرۆفیشناڵ بەچاپی بگەیەنێ، جگە لەو پەیوەندییانەی کە لەگەڵ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و کەسایەتییەکانی وڵاتانی دەرەوە وەکو:"روز الیوسف، مەدبولی، عەلوانی موغیب، پۆلیناو کاراس و دەزگاکانی لەندەن و تورکیا و سوریا و لوبنان"دروست بکات.
دەزگای بەدرخان دیسانەوە توانی یەکەمین ئەلبوومی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان چاپ بکا لە دوو چاپی جیاواز کە بریتییە لە لۆگۆی بڵاوکراوەکان لەساڵی ١٨٩٨ تا کۆتایی ساڵانی حەفتاکان و بە وێنەی زۆربەی ڕۆژنامەنووسانی هەر چوار پارچەی کوردستان، مەبەستیش لە سازدانی فێستیڤاڵ وەکو پێشتر گوتمان ئامانج لێی دروستکردنی پردێکی ڕووناکبیرییە لەنێوان گەلی کورد و گەلانی دیکە، بەتایبەتی ئەمساڵ لەنێوان گەلی کورد و گەلی ئەمریکی، دەزگای بەدرخان سەرەتا بە پشتگیری و هەوڵەکانی مامۆستای گەورەم کەمال مەزهەر کاتێک کە موفید جەزائیری وەزیری ڕۆشنبیری عێراقی ئامادەبوو لە یەکەمین فێستیڤاڵی بەدرخان دەزگای بەدرخان ئەوکات لە دوکانێکی ٣×٤ کارمان دەکرد و ڕۆژنامەمان دەردەکرد و بەردەوامیمان بە کارەکانی خۆمان دەدا بێ ئەوەی هەست بە بچووکی شوێنی کارکردنی خۆمان بکەین، سەرەڕای فێستیڤاڵەکانی دیکە ئێستا پاش ١٠ ساڵ شانازی بەوە دەکەین کە ئینسکلۆپیدیای هەولێر لەدووتوێی ١٠ بەرگ بەتیراژی ٢٣٠٠ دانە چاپکرد، کە ٥ ساڵ لە ژوورێکی ٣×٤ کاربکاو بیهێنێتە بەرهەم بێ ئەوەی کارمەندەکانی ڕۆژێک لە ڕۆژان لە پرۆژەی ئینسکلۆپیدیا سوودمەند بن کە ئینسکلۆپیدیاش لەسەر دەستی لیژنەیەکی پسپۆڕ و باڵا، کە دکتۆر عەبدوڵڵا عەلیاوەیی کە سەرۆکی لیژنەی ئینسکلۆپیدیا بە ئەندامێتی"د. مەولود ئیبراهیم حەسەن، فەرید ئەسەسەرد، د. ئومێد جۆزەلی و حەمید بەدرخان"بووە ئامادەکراوەو لەسەر ئەرکی کۆسرەت ڕەسول چاپکراوە، ئیشەکانی زۆر بەرێک و پێکی بەڕێوەچووە، مەبەستیش لەوە لێبووردوویی و گوێڕایەڵی کارمەندانی دەزگای بەدرخان وایکرد شەو بخەنە سەر ڕۆژ و ڕۆژ بخەنە سەر شەو تا کارەکانی خۆیان ئەنجام بدەن، هیچ کاتێکیش چاوەڕێی هیچ شتێک نەبووینە لەبەرئەوەی ئێمە کار بۆ میللەتی خۆمان دەکەین، کار دەکەین لەسەر ئەوەی کەلتووری کوردەواری بناسێنین بە کلتووری نەتەوەکانی دیکە، کاتێک لە فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەسینا یەکێک لە یۆنانییەکان کە کۆڕەکانی بەڕێوەدەبرد و ناوی کاراس بوو، ئەو لە وتەیەکی گرنگی خۆیدا لەبەردەم هەموو میوانان گوتی خۆزگە منیش کورد بوومایە، لەبەرئەوەی کورد میللەتێکی مەزڵومەو پێویستە هەموو میللەتانی دیکە داکۆکی لێ بکەن، ئێستاش دوای ئەو هەموو ماندووبوونە دەزگای بەدرخان دەستخۆشی و سوپاسێکی بێ پایانی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکا لە ئەمریکا، بەتایبەتی قوباد تاڵەبانی بەرپرسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکاو نەجات عەبدوڵڵا بەرپرسی بەشی هونەری و کەلتوور لە نوێنەرایەتی و هەموو ڕەوەندی کوردی و ئەمریکییەکان، سوپاسیش بۆ هێمن کەریم مام ڕەش، کە توانی ئەو کۆنتاکە بکات لەنێوان دەزگای بەدرخان و نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا، داوای لێبووردنیش لەهەموو ئەو میوانە بەڕێزانە دەکەم کە لێکۆڵینەوەیان ئامادەکردبوو بۆ ئەوەی لێرە پێشکەش بکرێ، بەهۆی کەمی کات و کۆمەڵێک شتی دیکە نەتوانرا بابەتی ئەو میوانە بەڕێزانەی ئامادەیان کردبوو پێشکەش بکرێ.
دووبارە سوپاسی هەموو ئامادەبووان دەکەم و دەستخۆشیش لە بەرنامەڕێژی دەزگای بەدرخان دەکەم، بەتایبەتی هەردوو ڕاوێژکاری ڕووناکبیری و کەلتووری د. ئازاد حەمە شەریف و د. ئیسماعیل قەرەداغی، کە توانییان ئەو ماوەیە بەرنامەکە ساز و ئامادە بکەن.
ئیتر سوپاس

کردبوو، بۆ فێستیڤاڵەکە، جگە لە جانتای میوانەکان. بە مەزەندە نزیکەی ١٠٠٠هەزار کیلۆ دەبوو. سوپاس بۆ هێڵی ئوردنی کە لە کێشە زیادەکە لێمان خۆشبوون.

**پێشانگاکان:**

فێستیڤاڵەکانی دەزگای بەدرخان تەنیا لە شتێک خۆی نەبینیوەتەوە، هەردەم هەوڵیداوە شتەکان هەمەجۆر بن. بۆیە بە هاوکاری هونەرمەندی فۆتۆگرافەر "جیهانگیر گەردی" تواندرا کۆمەڵێک وێنەی دەگمەن بە قەبارەی ٣٥×٥٠ بشورێتەوەو گەورە بکرێت بەمەبەستی بەشداریکردن لە پێشانگایەکی فۆتۆگرافیدا.
یەکێتی خۆشنووسانی کوردستانیش بەچەندین تابلۆی دەست ڕەنگینی خۆشنووسانی کوردستان بەشدارییان کرد لەو چالاکییە. هەروەها هونەرمەندانی شێوەکاری هەولێریش بەهاوکاری ناوەندی هەولێری ڕێکخراوی هونەرمەندانی کوردستان بەچەند تابلۆیەک بەشداریان کرد، سەرەڕای مندالە دەست ڕەنگینەکانی کوردستانیش بەچەند پێشانگایەک بەمەبەستی بەشداربوون لەو چالاکییە تابلۆیان ناردبوو، کە لەوەشیان بەڕێوەبەرایەتی چالاکی قوتابخانەکانی هەولێر هاوکارمان بوون، کە تابلۆکانیان لە هەولێرەوە گواسترایەوە بۆ ئەمریکاو بەشی هونەری و کەلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا بەنیازە لە ئاییندەیەکی کورت پێشانگایەکی شایستە بۆخۆشنووسان و فۆتۆگرافەر و شێوەکاران و منداڵان بکاتەوە، چونکە لەکاتی سازدان و گەیشتنمان بۆ ئەمریکا کاتەکان زۆر کەمی مابوو و هۆڵەکەش بچووک بوو، بۆیە شوێنی زیاتر لە ١٠٠ تابلۆ کە بردوومان نەدەبۆوە. بۆ مێژووش هەموو تابلۆکان ماوە لەبەشی هونەری و کەلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کورستان لە ئەمریکا پارێزراوە.

**نیویۆرک:**

لەکاتی گەیشتنمان بۆ فڕۆکەخانەی نیویۆرک "JFK"یەکەم بینینمان و یەکەمین تێڕوانین بۆ ئەمریکا هەر لەدوورەوە بە سیمایەوە دیاربوو، کە ئەمە وڵاتێکە جیاوازە لە هەموو وڵاتەکانی دیکە. پێشتر وڵاتانی عەرەبی و ئەورووپاو لەندەن و وڵاتانی دراوسێمان بینی بوو. بینینی ئەمریکا هەروەکو گوتمان جیاوازبوو. پێشتر لامان وابوو کە جیاوازییەکی زۆر لەنێوان ڕەش و سپی هەیە، لەنێوان مەزهەبی کاسۆلیک و پرۆتستانت هەیە. هەروەها پێمان وابوو جیاوازی لەنێوان جوولەکەیەک و مەسیحییەک هەیە. وامان بیر دەکردەوە پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەئەمریکاوەکوپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ئەورووپایە. بەڵام کە بینیمان بەپێچەوانەوە گەلی ئەمریکی لەنێو خۆیاندا زۆر تەبان و هەر هەموویان ئەمریکایان خۆشدەوێ. پەیوەندی خێزانیشیان تا ڕادەیەکی زۆر ئەکتیڤەو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشیان تا ڕادەی ئەوەی کە یەکتریان خۆشدەوێت و جیابوونەوەش کەمە، هەرهەموویان خەریکی کارن. هەموویان بۆ ژیاندۆستی، ژیانخۆشی، تێدەکۆشن، مەبەستیشیان تەنیاو تەنیائاسوودەییە بۆ وڵاتەکەیان. کاتێ سەیری باڵەخانەو مۆڵ و کتێبخانەو دەزگای حکومییەکانیان دەکەی دەڵێی: ئەوانە ملیۆنێک ساڵە دامەزراوە، کەچی مێژووی ئەمریکا دەخوێنیتەوە سەیر دەکەی ناگاتە ٥٠٠ساڵ. برادەرێکی لای خۆمانی میوان هەڵی دایەوەو گوتی: توخوا کەی ئەمە ڕاستە قەڵاتی هەولێر ٧٠٠٠هەزار ساڵە دروستکراوەو بەبەردەوامی ژیانی تێدابووە، کەچی ئێمە لەکوێ و ئەوانە لە کوێ؟! ئەم نووسینە تەنیا بینینی ئەو چرکەساتەیە کە پاش وەستانمان لە فڕۆکەخانەو پرسیارکردن و پێدانی هاتنە ناوەوەمان بۆ ئەمریکا ٩ کاتژمێری پێچوو. پاش ئەو ٩کاتژمێرە ئێمە بەرەو دەرەوە ڕۆیشتین. تەنیا سەعاتێک لەدەرەوە ماینەوە لەپاشان لەتەک ١٠میوان بە پاسێک بەرەو واشنتۆن بەڕێکەوتین. لە پاش چوار سەعات پاسەکەی دیکە بەڕێکەوت بۆ واشنتۆن و لە ئوتێل گرانت حەیات حەواینەوە.
لە ژمارەی داهاتوودا باسوخواستی زیاترو زانیاری وردتر بخوێنەرەوە.
**بەشی یەکەم**



## کاکم گۆتی

**سەرتیپ جەوهەر**

### ئەلبوم و سەفەرو سەندیکا

لەوە خۆشتر نییە ئەندامی سکرتاریەتی سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی سۆماڵ بیت، بەین نا بەین دەعوەت بکرێی و سواری تەیارە بیت لەسەر مەسرەفی سەندیکا باژۆی لۆ ئەووپاو مەغریبی عەرەبی، خۆ ئەگەر نەقیب یان جێگری نەقیبیش بیت ئەوا زۆر باشتر، چونکە فرسەتی سەفەرت زۆر زیاتر دەبی، لەوەش خۆشتر دێیەوە ڕەسمەکانت لەگۆڤاری سەندیکا بڵاوبکەیەوە بەدانیشتن و بەپێوە، بەجلی کوردی و مۆدە، دەشبیتە ئەرشیف و خەڵکی دیکەش دەیبینی.
خۆ ئەگەر برازایەکەشم بکەمە لێپرسراوی پەیوەندییەکانی سەندیکا زۆر باشترە، هەرنا دەتوانی جار جارە ڤیزەم لۆ وەرگری و باژۆم لۆ شەرق و غەرب، ئەویش لۆخۆی جارجارە لەسەر حیسابی سەندیکا بچیتە ئەهرامەکان و ئەگەر جێی دیکەش هەبی تەبیعییە، خۆ ئەویش گەنجەو لۆ ویش باشتر.
کاکم گۆتی ئەوێ ڕۆژێ ئەندامانی سکرتاریەتی سەندیکای ڕۆژنامەنوسان سۆماڵ دەعوەتی کۆنفراسێک بوون لە ئیسپانیا، مەخابن هەموان نەیانتوانی بگەنە ئەوێ، بەڵام نەقیب و جێگرەکەی خۆیانگەیاندێ، دوای ماوەیەک هاتنەوە لەگۆڤارەکەی خۆیان چەندین ڕاپۆرت و وێنەی جیاوازیان لەبارەی سەفەرەکە بڵاوکردەوە، ئیدی بەجلی سۆماڵی بەدیزاینی مەقەدیشۆو بەجلی ئەفەندی و بەزەردەخەنە.. تاد، وەک ئەوەی گۆڤارەکە ئەلبومی سەندیکا بێت، چونکە ژمارە هەبووە ١٢ ڕەسمی نەقیبی بڵاوکردۆتەوە.
کاکم دەیگۆ پیاو لەمەکانەت و جێیەکی ئەوها بیت جارجارە خۆی فێنک دەکاتەوەو هەوایەکیش دەگۆڕیت، خۆ بەم هاوینە سەفەر بە فەرهادمان دەکەوێت و ئەگەر بچین ئەوا بەساڵحی دەخۆین و دەخۆینەوە، ئیدی لەملاو ئەولا دەگەڕێن و مەسرەفەکی ئەوتۆش ناکەین.
کاکم دەیگۆ سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بەتایبەت سکرتاریەتی سەندیکا هەمان تەبیعەتیان هەیە، هەر سەفەرێک هەبێت بێجگە لەخۆیان ناهێڵن ئەکبەر واحد بچێت، ڕۆژەک بەناوی کۆنفراس ڕۆژەک بەناوی بەسەرکردنەوەو ڕۆژەکیش بەناوی دیکە، گرنگ ئەوەیە بەپارەی سەندیکایەو لەسەر حیسابی ئەو پارەیەیە، کە حکومەت دەیداتە سەندیکا، لەوەش خراپتر ئەوەیە گۆڤارو بڵاوکراوە دەردەکەن هیچ شتێکی ئەوتۆی تێدانییە، بگرە چالاکی تەشریفی و وێنەی ئەم و ئەو بڵاودەکەنەوە، کە نەک خوێنەری دەرەوەی سەندیکا، بەڵکو من دڵنیام بەخۆشیان نایخوێننەوە، مەگەر تەنها تەماشای ڕەسمەکان بکەن، کە خۆیانی تێدایە بۆئەوەی بزانن لەکام لاپەڕە دابەزیوەو فەرزی ئەلوانی جوان دەرچووە یان زەحفی هەیە.
ئەو قسانەی من کە لەزاری کاکم دەیگێڕمەوە لەوانەیە ببێتە نیگەرانی ئەو برادەرانە، بەڵام ئەوە حەقیقەتی بارودۆخی سەندیکاو سکرتاریەتی سەندیکایە، خۆ دەکرێ قسەی دیکەش هەیە بیکەین، بەڵام لێیدەگەڕێم لۆ وەختی خۆی، بەتایبەت کاکم قسەی زۆری پێبوو لەبارەی بەئەندامبوونی موخالیف و شتی دیکە.

## قوباد تاڵەبانی بەرپرسی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن:

# سی ساڵ زیاترە جۆرە لۆبیەکی کوردستانی لە ئەمریکا هەیە

**دوای سازکردنی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە ٢٩و ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٠ لە واشنتۆن، بەمەبەستی زیاتر تیشک خستنە سەر پەیوەندی کەلتووری نێوان کوردستان و ئەمریکا وەکو پردێکی رووناکبیری و رۆچێتر نێو کایە رووناکبیرییەکان، هەفتەنامەی بەدرخان لە واشنتۆنی پایتەختی ئەمریکاو لە بارەگای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان چاوی بە بەڕێز نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان قوباد تاڵەبانی کەوت و کە لەو دیدارەدا کۆمەڵێک پرسیاری سەبارەت بە پرسی کورد، ئەمریکا، کەلتوور، لۆبی خستە بەردەم بەڕێزیان، شایەنی باسە لەم دیدارەدا هەردوو بەڕێزان: د. ئازاد حەمەشەریف و د. ئیسماعیل محەمەد فەهمی قەرەداغی ئامادەی بوون، ئەم دیدارەش لەلایەن حەمید بەدرخان، بەرپرسی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان لەگەڵ بەڕێزیان سازدراوە.**

**ئا: حەمید بەدرخان - واشنتۆن**

**فۆتۆ: مەسعودی مەلا هەمزە**

*** لە وتاری خۆتدا لە حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان ئاماژەت بەوەدا با ئیتر لەرێگای هونەر و کەلتوورەوە تێکەڵی وڵاتان بین و کورد بە دۆستانمان بناسێنین، مەبەستت لەو قسەیە چی بوو؟**

- من لە وتارەکەمدا گوتم با ئێمە لەهەموو روویێکەوە کوردستان بە دۆستانمان بناسێنین لە دەرەوە. تەبعەن رێگا سیاسییەکە هەیەو هەر دەشبێ، سەیر دەکەین رۆژ بەرۆژ لەرێگای پەیوەندی ئابووری نێوان کوردستان و ئەمریکاو وڵاتانی دیکە لەو بوارەوە بەهێزتر دەبێ و پێموایە دەبێتە تەواکەرێک بۆ ئەو پەیوەندییانەی بەنیازین دروستی بکەین و گرنگە دروست بکرێ. ئەویش ئەوەیە لەرێگای هونەر و کەلتوور و پەیوەندی نێوان نووسەران و رۆشنبیران و هونەرمەندانی کوردستان ئەو پەیوەندییە بەهێزبکەین لەگەڵ هاورێکانمان لە دەرەوەی کوردستان.

*** ئەو شتانەی باسی دەکەی تا ئێستا کاریان بۆ کراوە؟**

- پێموایە تەرکیز زیاتر خراوەتە سەر بوارە سیاسییەکە، بۆیە نالێم نەکراوە، بەڵام ئێستا بەهۆی ئەو بارودۆخەی لە کوردستان هەیە دەرفەتمان زیاترە بۆ ئەوەی لەرێگای دیکەوە کوردستان بناسێنین بە دەرەوە.

*** دوو سێ هەوڵ هەیە کە مایکل چایت فەرهەنگێکی نووسیوە و جین ساسۆن رۆمانێکی لەسەر خەباتی پێشمەرگە نووسیوە، گۆنتەر کۆمەڵێک شتی نووسیوە، یانی دەکرێ ئەوە بەرفراوانتر بکرێ؟**

- بەدڵنیاییەوە زۆر کەس هەیە چەندین ساڵە لەسەر کوردستان نووسیویانە، جەنابت هەندێکیانت ناساند، وەکو مایکڵ کانتێرا، مایکل چایەد، رۆبرت ئۆڵسن، ئیتریش هەیە؟ ٢٠ ساڵ لەمەوپێش هەبوو. ئێستاش خەڵکی تازە هەیە کە لەسەر کوردستان دەنووسن. بەڵام ئەو پەیوەندییە پەیوەندییەکی یەکلایەنە بووە. ئەمریکییەکان دێنە کوردستان لەسەر کوردستان دەنووسن بۆ ئەمریکی. ئێمە دەمانەوێ بیکەینە دووسەرە، لە کوردستانیشە خەڵک بێتە ئەمریکا لەسەر ئەمریکا بنووسن، یان باسی کوردستان بکەن بە چاوێکی کوردستانیەوە. بۆیە پێموایە دەرفەت هەیە لەو رێگایەوە ئەو پەیوەندییە فراوانتر بکرێت و رێکخستنی ئەو فێستیڤاڵانەی وەکو فێستیڤاڵی بەدرخان لە ئەمریکا هەنگاوێکە بۆ بەهێزکردنی ئەو پەیوەندییەو بەستنەوەو لەیەکتر نزیککردنەوەی ئەو دوو نەتەوەیە بە یەکتر.

*** ئەو کارە دەکەوێتە ئەستۆی رەوەندی کوردی لە ئەمریکا یان حکومەتی هەرێمی کوردستان؟**

- ئەوە ئەرکی هەموو لایەکە، نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەندێ ئەرکی هەیە دەکەوێتە سەرشانی کە رەوەندی کوردستانی دەتوانێ رۆڵی کاریگەری تێدا ببینێ، نووسەران و هونەرمەندان خۆیان دەتوانن ئەو پەیوەندییە دروست بکەن، ئەوە شتێکە بەدووری دەبینم و زۆر پەیوەندی نییە بە حکومەتەوە. بۆیە پێموایە بۆ پاراستنی ئەو پەیوەندییە رەنگە باشتریش بێ ئەگەر لەرێگای حکومەتەوە نەبێ و هونەرمەندان و رۆشنبیران راستەوخۆ پەیوەندی بکەن، ئەوا ئێمە دەتوانین هاوکاری ئەو پەیوەندییە بکەین و دەتوانین رۆڵێکی کاریگەرو بەرچاو ببینین. بەڵام هیوادارم ئەو پەیوەندییانە بەهێزتر و فراوانتر بن، کە لەوانەیە ئەوکات رۆڵی حکومەت کەمتر بێتەوە، لەوەی وەکو دۆستی هەموو لایەک بمێنینەوە.

*** ماوەیەکە خەریکی دروستکردنی لۆبی کوردین، ئەو شتە لەسەر چی بنیاد نراوە؟**

-خۆی ٢٠ساڵ زیاترە جۆرە لۆبیەکی کوردستانی لە ئەمریکا هەیە، جا چ لەرێگای نوێنەرایەتییەکان یان لەرێگای هەندێ کوردی ئەمریکی کە چەندین ساڵ لێرەبوونە، کێشەی کوردستانیان ناساندووە بە سیاسەتمەدارانی ئەمریکی. ئەوەی کە بەندەی موخلیستان لەرێگای ئەو نوێنەرایەتییەوە بینای بکات، تا ئەوان لە رێگای خۆیانەوە کێشەو گرفت و تایبەتمەندییەکانی کوردستان داخیلی سیستەمی سیاسی ئەمریکا بکەن، تەبعەن نوێنەرایەتییەکان هەر رۆڵی خۆیان دەبینن و ئیشی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەگەر تۆ تەماشای ئەو لۆبیانەی دیکە بکەی لەژێر سەرپەرشتی حکومەتی خۆیان نین. ئێستا لۆبی ئەرمەنی بە پێچەوانەوە ناوەناوە کێشەیان هەیە لەگەڵ حکومەتی خۆیان. بەڵام کە مەسەلەیەک دێتە پێشەوە کە تایبەت بێ بە ئەرمەن و کێشەکانی خۆیان چ لەگەڵ تورکیا یان لەگەڵ وڵاتانی دیکە بێ. حکومەت لەرێگەی خۆی و خەڵکیش لەرێگەی خۆیەوە کاری بۆ دەکا. ئێمەش هیواداریین رەوەندی کوردستانی بگاتە ئەو ئاستەی کە رۆڵی خۆی ببینێ، دەتوانم بڵێم لەماوەی پێشوودا رۆڵی خۆیان بینیوە بەشێوەیەکی کاریگەر لە پەروەردەکردنی سیاسەتمەدارانی ئەمریکی لە شارەکان و ویلایەتەکانی خۆیان، پێموایە ئەوە هەنگاوێکی دەستپێشخەرییە بۆ ئەم کارە.

*** ئەگەر بەراوردێک لەنێوان کورد و ئەرمەن بکەین و رادیۆی ئەمریکا بە نموونە وەربگرین ئەوا بەشی کوردی ٣ سەعاتی هەیەو ئەرمەنییەکان ١٥ خولەکیان هەیە، پێتوانییە ئەوانە هەنگاوی باش و پڕ بایەخن؟**

- کورد لەزۆر شتدا لەپێشەوەیە، بەڵام بەداخەوە خۆمان دانی پیانانێین، تۆ سەیری ئەم ئەمریکایە زەبەڵاح و زلهێزە بکە. تۆ هەرێمێکی دیکەم بۆ بدۆزەرەوە لەم دنیایە ئەمریکا ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئێمە هەیەتی لەگەڵ ئەو هەیبێ، بێگومان نییە، نە لەگەڵ سکوتلەندا هەیە، کە وڵاتێکە لەناو بەریتانیا، نە لەگەڵ هەندێک لە ویلایەتەکانی کەنەدا هەیەتی، کە شێوەی حوکمڕانی خۆیان زۆر نزیکە لەهی خۆمان. بەڵام لەگەڵ کوردستان هەیانە، راستە زروفەکەو ئەو سەردەمە رێگای خۆشکردووە بۆ دروستکردنی ئەوجۆرە پەیوەندییە، بەڵام ئەوە پەیوەندییەکی تایبەتە لەنێوان زلهێزێک و هەرێمێک، کە سەرۆکی ئەو هەرێمە دێتە ئەمریکا وەکو سەرۆکی وڵاتێک پێشوازی لێدەکرێ و فەرشی سووری بۆ رادەخرێ و پاسەوانی نیشتمانی بۆ دادەنرێ. بەڵام نازانم بۆچی خۆمان بە کەمی دادەنێین، من لە جەنابت دەپرسم کۆمەڵگای خۆمان کە بەدرخان دەخوێننەوە، وابزانم پێشبینیەک هەیە کە ئێمە فەڕەنساین، کە دەڵێن بۆ پەیماننامەی نووسراو نییە لەنێوان هەرێمی کوردستان و وڵاتان. ئێ ئەگەر فەڕەنسا بووینایە رەنگە پەیماننامەی نووسراومان هەبووایە، بەڵام ئێمە هەرێمێکی فیدرالین لەناو وڵاتێکی گەورە، بەڵام ئێمە رۆڵێکی زۆر فراوانتر دەبینین لە هەرێمی دیکە لە وڵاتی فیدرالی دیکەی وەکو ئوسترالیاو ئیسپانیاو کەنەداو روسیاو بەریتانیا.

*** کار بۆ ئەوە کراوە کاتێک کورد تووشی کێشەیەک دەبێ ئەندامانی کۆنگرێسی ئەمریکی داکۆکی لە کێشەی کورد بکەن؟**

- بەڵێ کاری بۆ کراوەو هەندێ جاریش سەرکەوتنمان بەدەست هێناوە.

*** وەکو؟**

- هەر بۆ نموونە بەر لە جەنگی رزگارکردنی عێراق مەترسیەکی زۆر هەبوو کە تورکیا هێزی خۆی بێنێتە عێراق بەگشتی و بەتایبەتی کوردستان. نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانی ئەوکات هەرچەندە هێشتا ئەوکات دوو نوێنەرایەتی هەبوو، بەڵام بۆ مێژوو با بڵێین تەنسیقێک کرا لەنێوان هەردوو نوێنەرایەتییەکە، وابزانم ٢٣ کۆنگرێسمانمان کۆکردەوە تا کاغەزێک بنووسن بۆ وەزیری دەرەوەی ئەوکات کە دژی ئەوەبێ هێزی تورکیا بێتە ناو هەرێمی کوردستان، ئەوە ساڵی ٢٠٠٢ بوو، پێشتریش لەوکاتانەی کە هەڵەبجە و کارەساتی ئەنفال روویاندا چەند کۆنگرێسمانێک رۆڵی زۆر زۆر مێژوویییان بینی بۆ گەیاندنی کێشەکانی ناو کوردستان، تەبعەن ئەوکات دۆستمان کەمتر بوو. بەڵام ئێستا دۆستمان زۆر زیاترە؟ کوردستانیمان لەناو ئەنجوومەنی نوێنەران دامەزراندووە، ئەوە وەکو گروپێک کۆنگریسمانن کە کوردستانیان خۆشدەوێ تا بتوانن لەناو کۆنگرێس باسی کێشەکانی کوردستان بکەن و بەرگری لەهەرێمی کوردستان بکەن و هەوڵبدەن تەنسیقێک دروست بکەن لەگەڵ حکومەتی خۆیان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی کوردستان. چەند مانگێک لەمەوبەر کۆنگرێس بڕیارێکی پەسند کرد کە هانی وەزارەتی دەرەوە بدا بۆ کردنەوەی قونسڵخانەیەک لە هەولێر، ئەوەش بەبێ بوونی ئەو گروپەی ناو کۆنگرێس نەدەکرا، ئەوان پاڵپشت و نووسەری ئەو بڕیارە بوون، ئەوان پڕوپاگەندەیان بۆ کوردستان لەناو ئەنجوومەنی نوێنەران کردووە بۆ پەسندکردنی ئەو بڕیارە.

*** ناکرێ راگەیاندنی کوردی لە ئەمریکا ئەکتیڤتر بکرێ بەتایبەتی بە دەرکردنی بلاوکراوەیەکی هەفتانە یان مانگانە؟**

- زۆر گرنگە، تەبعەن نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم مانگانە بلاوکراوەیەک دەردەکا، بەڵام بەس نییە، پێموایە پێویستە کەناڵە راگەیاندنەکانی کوردستان ئەکتیڤتر بن لە ئەمریکا- پەیامنێری خۆیان هەبێ لە ئەمریکا، راپۆرت بنووسن لەسەر ئەمریکا، لە ئەمریکا نەک هەر لە کوردستانەوە. راستە ئێمە دەزانین ڤیزە ئاسان نییەو داخیلکردنی سەتەلایت هەرزان نییە. ئەو کێشەو گرفتانەمان لەبەرچاوە، بەڵام پێویستە کەناڵە راگەیاندنەکانی کوردستان لە واشنتۆن رۆڵی باشتر و فراوانتر ببینن، بەوەی لێرە بوونیان هەبێ بۆ ئەوەی پەیامنێری خۆیان هەبێ لە وەزارەتی دەرەوە، کە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوە قسە دەکا لەسەر بارودۆخ بۆ کوردستان تیڤی یا کوردسات پەیامنێرێکی لەوێ نەبێ و پرسیارێک بکا، بۆ کەناڵی تورکی و فارسی و ئەفغانی و هەموویان هەیانبێ، با ئێمەش پەیامنێرەکانی خۆمان بنێرین.

*** بۆ هەوڵ نادەن و ئەکتیڤی ناکەن؟**

- پێویستە ئەکتیڤ بکرێ، بەڵام ئێمە دەتوانین ئەو پەیوەندییە دروست بکەین، بەڵام هەندێ شت هەیە ناتوانین لەخۆمانەوە بیکەین، ناکرێ لەخۆمەوە بە کوردسات بڵێم یەکێک بنێرە ئێرە، ئەوە کوردسات و کوردستان تیڤی و کەناڵەکانی دیکە دەبێ خۆیان ئەو بڕیارە بدەن.

*** یانی تۆ بانگەواز دەکەی رۆژنامەگەری کوردی لە ئەمریکا بوونی هەبێ؟**

- من رۆژنامەنووس نیم. ئێمە دەزگایەکی راگەیاندن نین. ئێمە دەزگایەکی حکومین، نوێنەرایەتی حکومەت دەکەین. رێزم هەیە بۆیان بەڵام ئێمە لێرە نوێنەرایەتی خەبات یان کوردستانی نوێ ناکەین. بۆیە دەبێ کەناڵەکان خۆیان هەنگاو بنێن و ئێمەش هەموو هاوکارییەکیان

←



قوباد تاڵەبانی نوێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا - ٢٠١٠/٦/٢٩ واشنتۆن دی سی - ماڵی سویدی

**کورد لەزۆر شتدا لەپێشەوەیە، بەڵام بەداخەوە خۆمان دانی پیانانێین، تۆ سەیری ئەم ئەمریکایە زەبەڵاح و زلهێزە بکە. تۆ هەرێمێکی دیکەم بۆ بدۆزەوە لەم دنیایە ئەمریکا ئەو پەیوەندییەی لەگەڵ ئێمە هەیەتی لەگەڵ ئەو هەیبێ**



باڵەخانەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن - ٢٠١٠/٧/١



حەمید بەدرخان و قوباد تاڵەبانی لەکاتی دیدارە رۆژنامەوانییەکەدا

## مرۆ (١٣٠)



حەمید بەدرخان

# بەدرخان باکی نییە!

زۆرجار لەماڵ هەر شتێکی خراپ روویدابوایە، یەکسەر دایکم و باوکم و خوشک و براکانم و ئامۆزاو خاڵۆزاو جیرانەکانیش دەیانگوت: ئەوە فلان کەسە ئەو کارانە دەکات، منیش لەنزیکەوە ئەو کابرایەم دەناسی و دەمگوت: هەرگیز ئەو نییە، چونکە ئەخلاق و ئاکاری ئەو پیاوە لەو شتانە ناوەشێتەوە.. سەرەنجام وا دەرچوو، هەموویان لەپاشان شەرمیان دەکرد باسی ئەو پیاوە جوانە بکەن، چونکە هەرچیان گوت سەبارەت بەو پیاوە درۆ دەرچوو، با سەرتان نەیەشێنم و دوور نەچین، لە ساڵانی نەوەدی سەدەی رابردوو، لە فەرمانگەیەک کچێکی شۆخی لەخۆبایی دڵی کوڕێکی گەمژەی فەقیر و هێمن و رووناکبیری بۆخۆی بردبوو، کوڕەکە بە شەرمەوە مامەڵەی دەکرد، تا وایلێهات کچەکە هاواری دەکرد و دەیگوت: ئەو کوڕە وازم لێ ناهێنێ و لە کونی دەرگاوە سەیرم دەکات.. بەرپرسی ئەو کچە پیاوێکی زۆر بەڕێز و دنیا دیدە بوو، بە شەرمەوە کوڕەکەی بانگکرد و گوتی: بۆچی لە کونی دەرگا سەیری ئەو کچە دەکەیت، کچەکە وا دەڵێ، من دڵنیام کە شتی وا لەتۆ ناوەشێتەوە... کوڕەکەش رەنگی هەڵدەبزرکێ و لێوی تەتەڵە دەکات و بەکاکی بەرپرسەکە دەڵێ: بە گۆڕی شەهیدان شتی وام نەکردووەو شتی ئاواش لە من ناوەشێتەوە... ئەویش دەڵێ: باشە بەیانی مۆڵەت وەربگرە، بزانە هەمان شت دووبارە دەکاتەوە.. کوڕەکە دەچێتە مۆڵەت و کچەکەش هەمان قەوان لێدەداتەوەو بە تووڕەیی و بە توندی دەرگا دادەخات و دەڵێ: هەر لەکونی دەرگا سەیرم دەکات و نازانم بۆ کوێ بچم ئەی هاوار...!!

- پیاوە بەرپرسە بەڕێزەکەش لەنێو خەڵکانی دیکەی فەرمانگەکە بەتووڕەیی پێیدەڵێ: هێی ئەو کوڕە مۆڵەتە، هەر لە فەرمانگە نییە، ئەو قسە قۆڕانە چییە دەیکەیت؟! ئەویش رووی رەش دەبێ و تا هەتایە دەچێتە ماڵەوەو ناگەڕێتەوە نێو هاوڕێکانی لە فەرمانگە...

بەڕێزان، خوێنەران، رۆژنامەنووسان، رووناکبیران:

بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ویژدانیان هەیەو بە رەش دەڵێن رەش و بە سپیش دەڵێن سپی... هەمووجار لەکاتی سازدانی فێستیڤاڵی بەدرخان لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمی کوردستان هەندێ نووسەر و رۆژنامەنووسی نەخۆش، بێ گوێدانە هیچ شتێک پەنا دەبەنە بەر قسەی ناشیرین و تانەو تەشەر تێگرتن بەناوی خواستراوەوە، هیچ کەس بێ کەم و کوڕی نییە، بەڵام کاتێک قسەیەک دەکرێت دەبێ مرۆڤ لەئاست قسەکەیدا دەستە وەستان نەوەستێ و راستی و دروستی مەسەلەکانی لابێ...

پاش سەفەرکردنمان بۆ ئەمریکا چەندین هەواڵ بڵاوکرایەوە، کە خۆزگە راست بووبا، دەڵێن:

- حەمید بەدرخان پلیتی فڕۆکەی"هەولێر – عەممان - نیویۆرک" چوون و هاتنی بە"١٣٠٠$"بڕیوە بە"٢٠٩٦$"نەبڕیوە.

- حەمید بەدرخان لە ئەمریکا میوانەکانی جێهێشتووەو پارەکانی بردووە.

- حەمید بەدرخان ٢٠ دەفتەر دۆلاری بۆ سەفەری ئەمریکا وەرگرتووە.

- حەمید بەدرخان پارەی مۆڵ لە کاک کۆسرەت و عەدنان موفتی و کاک نێچیرڤان و د. بەرهەم و د. کەمال فوئاد وەردەگرێ..

- حەمید بەدرخان پارەی ڤیزای قوبادی جەلی زادەی وەرگرتووە، کەچی پێی نەداوە.

- لەپاش سەفەر بەناوی بەدرخان داوای پارە لە مام جەلال کراوە، کەچی ئێمە ئاگادار نین.. چونکە ئێمە لە ٢٠١٠/٦/٢١ پلیتی فڕۆکەمان بڕیوە، ئاخۆ ئەو نامەیەی بۆ مام جەلال نووسراوە کەیە؟.

- فێستیڤاڵی بەدرخان و ئینسکلۆپیدیای هەولێر و سلێمانی و ئەنفال سێ شتی جیاوازن، دەزگای بەدرخان ئەنجامی داوەو ئەنجامیان دەدات... دەیانەوێ ئەنجامی نەدەین.. بەڵام دڵنیایان دەکەمەوەو دەکەینەوە، هەر ئەنجامی دەدەین و قسەکانی ئێوەش وەکو بڵقی سەرئاوەو تەنیا شەرمەزاریتان بۆ دەمێنێتەوە..

- لە"٢٥"کەس کە ناوەکان لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکاو لای سەرۆک و جێگری حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگای بەدرخان و سەفارەتی ئەمریکاو هێڵی فڕۆکەوانی بابان لە تەلاری"راین مۆڵ"لە هەولێر پارێزراوە، تەنیا ئەو"٢٥"کەسە، هەر یەکێکیش قسە بکات درۆ دەکات و پیاوێکی فشۆڵ و فزوڵی و هیچ لەبارادا نەبووە، ئێمە داوای یاسایی لەسەر تۆمار دەکەین.

- باسی پارە وەرگرتن دەکرێ و هەزارجار گوتوومە هەریەکێ هەر شتێکی هەیە با بیهێنێت یا بۆی روون دەکەینەوە یا داوای یاسایی تۆمار بکات.

- زۆرێک لایان وایە"قاسەی قاروونمان"لەبەردەستە، نازانن ئەوە هیممەتی پیاوە بە حورمەتەکانی دەسەڵاتی کوردییە، هەر پڕۆژەیەکی جوانی بەدرخان هەبێ رەزامەندی نیشاندەدەن و بۆی جێبەجێ دەکەن.

- دەزگای بەدرخان شەشەمین فێستیڤاڵی بە"٨٠٠٠$"هەشت هەزار دۆلار تەواوکرد لەیۆنان بە ئامادەبوونی "١٧" میوان لەکوردستانەوە بۆ یۆنان و گەڕانەوەش، هەڵبەتە هەندێ خەرجی کەوتە سەر میوانان.

- دەزگای بەدرخان پاک و بێ باکە، گەڕیدەیە، بێ ماڵ و حاڵە، دڵسۆزە، ئێشکگرە، رۆژنامەنووسە، تینووە، برسییە، خوێندەوارە، رووناکبیرە، بەدوای سامان و زەوی و خانوو و ئیمتیازات ناگەڕێ.. ئەگەر وابێ ئێوەش نەیەڵن کاری بکات ئەدی چ بکات.. تەنیا و تەنیا بەو پیاوە سووک و ئیسفنجانە دەڵێ: سەرتان دای لەبەرد، ئێوە بودەڵەو هەڵپەرست و گەندەڵ و ناکەس بەچەن، کورد لەئێوە بێ بەرییەو خۆزگە زاتی ئەوەتان دەکرد بەناوی خۆتان شتتان دەنووسی لە فڕۆکەخانەی نیویۆرک بە ئامادەبوونی دلشاد عەبدوڵڵای شاعیر و حاکم ئەحمەد ئەنوەر، عەبدوڵڵا عەلیاوەیی گوتی: هەموو ئەوشتانەی دەنووسرێ هی من نین و درۆ دەکەن و ئامادەشم ئەوە بنووسم و بڵاوبکرێتەوە، چونکە بەڕاستی ئەو درۆو بوختانانە ئێمەی زیاتر لە یەکتر نزیکتر کردەوە.

منیش دەڵێم: با بەکار و کردەوەو بەرهەمەکان یەکتر جوانتر بکەین، نەک ناشیرین کردنی یەکتر.

لەکۆتاییدا دەبێژم:"دەنگ هەڵبڕە، سەگی دز دیارە"



له راستەوە قوباد تاڵەبانی، دکتۆر کەمال مەزهەر، عەبدوڵڵا حەسەن زادە - واشنتۆن - بەرامبەر کۆنگرسی ئەمریکی - ٢٠١٠/٧/١

دەکەین.

*** بەنیازنین کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی لەمەڕ کێشەی کورد لە واشنتۆن سازبکەن، کە لەو کۆنفرانسە هەموو کوردناسان کۆبکەنەوە؟**

- بیرۆکەیەکی باشە، بەڵام بەو شێوەیە بیرمان لێ نەکردۆتەوە، لەبەرئەوەی بەڕاستی من لەگەڵ ئەوەدام کۆنفرانس ببەسترێ، بە مەرجێک بەرهەمێکی هەبێ، یان رێگایەکی هەبێ بۆ بەردەوامبوون. ئێمە دەتوانین کۆنفرانسێک رێکخەین ١٠٠-٢٠٠ تا ١٠٠٠ کەس کۆبکەینەوەو خەرجییەکی یەکجار زۆری تێدا خەرج بکەین، دواتر هەرکەسەو بەلایەکەوە بڕواتەوەو هیچ پەیوەندییەک نەبێ، ئێمە نامانەوێ شتی وابکەین. پێموایە مەسەلەی کوردستان ئێستا بەتایبەت لەبواری سیاسییەوە لەگەڵ کۆمەڵگای سیاسی ئەمریکا تارادەیەک تێگەیشتوون بە حوکمی جەنگی رزگارکردنی عێراق و بوونی چەندین ساڵەی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم، یانی دەتوانم بڵێم تێگەیشتنێکی زۆر باشتر هەیە لەسەر بارودۆخی کوردستان. بەڵام ئایا تێگەیشتن هەیە لەسەر رێگای چارەسەرکردنی کێشەکانی عێراق یان کوردستان، رەنگە لەو رێگایەوە دەرفەتێک هەبێ بۆ ئەوجۆرە ناساندن و کۆکردنەوەی بیروبۆچوونەکان.

*** جیا لەو پرسیارەی پێشوو، پێتوانییە هاتنی رۆژهەڵاتناسان بۆ کوردستان و پێشکەشکردنی سیمینار لەسەر کوردستان لە کوردستان باشتربێ وەک لەوەی لە ئەمریکا ئەو کارە بکرێ؟**

- من پێمباشە ئەو جۆرە گەشتانە هەبن، چ خەڵک لە ئەمریکاوە بێنە کوردستان و چ بە پێچەوانەوە، بەڵام بە مەرجێک ئەو گەشتانە بەردەوامی هەبێ. ئێستا پێموایە بە حوکمی ئەوەی هاتوونەتە ئێرە و چەند کەسێکتان ناسیوە هیوادارم کە گەڕانەوە ئەو پەیوەندییە بەردەوام بێ لەگەڵیان، داوەتتان بکەن بۆ بۆنەکانی خۆیان و ئێوەش داوەتیان بکەن، ئەو پەیوەندییانە زۆر گرنگە، چونکە ئەو پەیوەندییانە ناکرێ تەنها لەرێگای نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمەوە بێ. ئەو سەردەمە نەما کە قوباد تاڵەبانی لە ئەمریکایەو دۆستی ئەمریکایەو پەیوەندییەکی باشی هەیە لەگەڵ ئەمریکا. ئێستا شوفێری تاکسی پەیوەندی هەیە لەگەڵ ئەمریکا. بۆیە ئێمە دەمانەوێ پەیوەندییەکە فراوانتر بێ و تەنها لەرێگای حزب و حکومەتەوە نەبێ، پەیوەندییەکی فراوان بێ هەر لە وەرزش و نووسین و هونەر کە کوردەکان پەیوەندیان هەبێ لەگەڵ ئەمریکا، بۆ ئەوەش ئێمە دەتوانین کارئاسانی بکەین، بەڵام نامانەوێ کۆنترۆڵی ئەو پەیوەندییانە بکەین، ئێمە دەمانەوێ ئەو پەیوەندییانە جگە لە حکومەت بەردەوامی هەبێ و بمێنێتەوە.

*** بەر لە سازکردنی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان پێشبینیت دەکرد ئەنجامەکەی ئاوابێ؟**

- ناڵێم فێستیڤاڵی بەدرخان موفاجەئە بوو بۆ من، شتەکانی پێشووترم بینیبوو،خوێندبوومەوە. یەکەم بەرنامە کە ناردبووتان زۆر رێک بوو. کەسەکانیش کە دیاری کران خەڵکی بەسوود و بەنرخ و خاوەن ئەزموونتان دیاری کردبوو. بۆیە دەمزانی وەزنی خۆی دەبێ. بەڵام خۆشبەختانە تۆ پێشبینیەکت هەبێ و بێتەدی خۆشترە، تەبعەن هیچ شتێک بێ کەموکوڕی نییە. بەڵام لەلایەن خۆمەوە پێموایە بە فێستیڤاڵێکی سەرکەوتووم زانی و خۆشم هەندێ شتی لێ فێربووم لەسەر رەوشی کوردستان. هەندێ شتی دیکە لەرووی رێکخستنی ئەو جۆرە فێستیڤاڵانە فێربووم، ئەوە یەکەمجارە ئێمە وەکو نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ئەمریکا رۆڵێک ببینین لە سازکردنی فێستیڤاڵێک یا کۆبوونەوەیەکی جیا لە سیاسەت. بۆیە پێموایە خۆشمان لێی فێربووین. بۆ ئەوەی ئەگەر جارێکی دیکە شتێکمان کرد رەنگە بتوانین هەندێ گۆڕانکاری بکەین زیاتر لە مەسەلەی تەکنیکی وەک لە مەسەلەی ناوەرۆک.

> **ناڵێم فێستیڤاڵی بەدرخان موفاجەئە بوو بۆ من، شتەکانی پێشووترم بینیبوو،خوێندبوومەوە. یەکەم بەرنامە کە ناردبووتان زۆر رێک بوو. کەسەکانیش کە دیاری کران خەڵکی بەسوود و بەنرخ و خاوەن ئەزموونتان دیاری کردبوو. بۆیە دەمزانی وەزنی خۆی دەبێ**

*** دوا وتەت...**

- پێمخۆشە نووسەران و خەڵکی کوردیش ئەمریکا بناسن، هەر ئەو ئەمریکایە نەبێ کە لە تەلەفزیۆن دەیبینی یان لە رۆژنامەکان دەیخوێنیەوە، کەلتوور و فەرهەنگ و سیاسەت و سیستەمی ئەمریکی و ناساندنی ئەمریکا بە هەموو بوارەکانیەوە. ئەو کارە زۆر گرنگە بۆ ئێمە. ناڵێم ئێمە ئەمریکا ناناسین، هەمیشە ئەمریکییەکان کە هاتوونەتە کوردستان لەگەڵ هەندێ کەسی جیا لە سیاسییەکان قسە دەکەن، بۆت باس دەکەن وەکو ئەوەی ١٠٠ ساڵە لێرەبن. پێموایە پێویستە نووسەران و رۆشنبیرانمان زیاتر دیراسەی ئەمریکا بکەن، هەتا سەنتەرە لێکۆڵینەوەکانی کوردستان بایەخێکی زیاتر بدەن بە کوردستان.

*** با گۆڤارێک دەربکەن بەناوی ئەمریکاناسی؟**

- ئەوەو چەندان رێگای دیکە هەیە، لەرێگای زانکۆکان و سەنتەرە لێکۆڵینەوەکانمان زیاتر دیراسە بکەن، نەک هەر بۆ لایەنە سیاسییەکە، لە فیلم، لە هۆلیوودەوە بگرە تاکو رۆژنامەکانی ئەمریکا. ئێستا لە سەردەمی جیهانگەرایی هەمووی لە ئینتەرنێت هەیە، یانی ئێمە ئیشمان ئەوەیە کوردستان بە ئەمریکا بناسێنین، بەڵام هەقە ئەمریکاش بە کوردستان بناسێنین، چونکە تێگەیشتن لە یەکتری تێگەیشتنە لە ئەقڵی یەکتری. تۆ کە خەبات دەکەی لەگەڵ یەکێک پێویستە لە ئەقڵ و سیستەمی کارکردن و شێوەی کارکردنی تێبگەی و بەپێچەوانەشەوە لە ئێمە تێبگەن. هیوادارم بەردەوام بین لە هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە یەکتری، هیوادارم ئێوەش لەرێگای خۆتانەوە ئەو رۆڵە کاریگەرە ببینن و زیاتر سەرکەوتووبن.



قوباد تاڵەبانی لەکاتی وەرگرتنی خەڵاتی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن

# مەدالیای ئیفتیخار و شۆڕەسوارانی هەولێر



بزەی هاتێ گووتی، روونـاکـە ئـاسـۆم
وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
ئەوە پەت نییە "مێدالی ئیفتیخارە"
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم
کەتۆ تۆرای لە چاوان وەک خەوی من
لەبسکت رەشترە مانگە شەوی من
برۆمەجنوون بەلەیلاکەی خۆت مەنازە
کەناوبانگی پتر رۆی ئەوی من

## ئا: عەبدولوەهاب شێخانی

ماوەیەک بەر لە ئێستا لەگەڵ برای هاو خەبات و ئازیزم کاک فەرهاد ئەحمەدچاپچی سەردانی تێکۆشەری دێرینی شارە خۆشەویستەکەم مام عەریف سلێمانمان کرد، ماوەی چەند سەعاتێک لەگەڵ ئەو بەڕێزە دواین و دانیشتن. مام عەریف سلێمان مرۆڤێکی گەورەی ڕێبازی کوردایەتییە. مرۆڤێکی پاک و رەوشت بەرز و شۆڕشگێڕو نەترس و ئازا بوو. لە هەولێر سالانی "پەنجاکان" رۆڵی کاریگەری هەبوو لە پارتایەتی کردن و هۆشیارکردنەوەی جەماوەری هەولێر لە بواری سیاسەت و کوردایەتی و بە گژداچوونەوەی دوژمنانی کورد. جگە لەمەش ئەو تێکۆشەرە بەرزە زۆر رەوشت بەرزو راستگۆو داوێن پاک و کوردپەروەر بووە، لە ناوەڕاستی سالانی "شەستەکان" خۆی و "٣" کەسی تر لە شارە دێرینەکەی هەولێر بەرەو گوندی گەرۆتەو چیای سەفینی سەرکەش هەنگاو دەنێن و چەخماغەی شۆڕش لە بروسکەی ئاسمانی کوردەواری بە دەست و قامی ئەو چوار تێکۆشەرە دەنگ دەداتەوە و چریکەی دەگاتە شۆڕشگێڕ و تێکۆشەرەکانی تری ناوچەی خۆشناوەتی و هەولێر. زۆرکەس بەرەو بیری دەنگی زوڵاڵی ئەو بەڕێزانە دەچن و شۆڕش هەڵدەگیرسێنن. عەریف سلێمان ئەو شۆڕشگێڕەیە کە شۆڕشی هەڵگیرساند، لەگەڵ هەرسێ هەڤاڵەکەی تری یەکێک بووە لە پێشمەرگەکانی چەخماخەی شۆڕش. یەکەم سەر لق بووە لە هێزی پێشمەرگە، کە ئەوکات دوو لق هەبووە لە کوردستان، بەڵام سەد حەیف و مخابن لە رۆژی ٢٠١٠/٧/٦ لە سەعات "١٢" دڵە گەورەکەی مام عەریف سلێمان لە لێدان کەوت و چووە باوەشی دایکە خرشەویستەکەی کوردستان، کە مام عەریف سلێمان لە مێژ ساڵ بوو خۆی بە قوربانی دەکرد. لە دوای خۆی یادگارییەکی یەکجار مەزنی بۆ نەوەی نوێ بەجێهێشت، کە پڕە لە خەبات و تێکۆشان و ماندوونەبوون، ئەویش کتێبە بەنرخەکەی مام عەریف سلێمانە بەناوی "لە دەنکەوە بۆ گوڵەگەنم" ئەو دەنکە گەنمەی مام عەریف سلێمان و هاوڕێیانی چاندیان ئەوەتا چەکەرەی کرد و هەزاران کورد لە گوڵەکەی دەخۆن، شارە دێرینەکەی هەولێر شانازی بە مام عەریف سلێمان دەکات کوڕو نەوەو خزمانی سەربەرزن بەو تێکۆشەرە ئازاو نەبەزە، لەسەرەتای چوونە شاخی و بۆ خەبات و تێکۆشان بە جادە دێرینەکەی شەقڵاوەدا چوو بوو لەگەڵ هەر سێ هاوڕێکەی تری. لە مردنیش هەر بەو ڕێگایەدا بردیان بۆ زێدی باب و باپیرانی و بۆ شاری خامۆشان "لە گۆڕستانی براغ" بە خاکی کوردو کوردستانیان سپارد. سەفین و هەورێ و ماکۆک تازیەبارن بە مردنت، چونکە دەزانن تۆ چەند قارەمان و پاڵەوان بووی، برۆ سەفەری ئەبەدیت پڕ خێر، مردن بەسەربەرزی ئەوپەڕی خۆشییە، مردنی وەک هی تۆ مایەی شانازییە.

هەرچی دەتناسێ شانازیت پێوە دەکات، چونکە تۆ نامری هەردەم لە دڵ و دەرونی خەڵکانی بەرز و بە شەرەف و کوردپەروەر دەژیت هەتا هەتایێ.

خۆ تۆ خاوەن پلەو پایە نەبووی، خاوەن تەلاری بەرز ی شانشین نەبووی. بەڵام خاوەن هەڵوێست بووی.. خاوەن کوردایەتی بووی.. خاوەنی پاکی و بێگەردی بووی.. لە خەبات و تێکۆشان پرسە و تازییەکەت شاهێدە کە چەند بەرزی چەند خۆشەویستی لەناو چینی رەش و رووت و خزم و دۆست و برادەران. نەوەی نوێ لە تۆ فێری کوردایەتی و تێکۆشان دەبن، پەرتووکەکەت دەکەن بە نامەی ماستەرو گفتوگۆیەکانت دەکەن بە بەرنامەی خۆ پێ گەیاندن و سوود لێ وەرگرتن، برۆ هەزار سڵاو لە گیانی پاکت.

**- مام عەریف سلێمان:**

گووتی رۆژێک چوومە مەحەتەی قیتاری لە هەولێر، فازل کەرکووکی ئەمن بوو "سیخۆڕ بوو" خوێندەواری نەبوو کوڕێکی گرتبوو بەناوی "شێرکۆ شاکری" خەڵکی رەواندز بوو، بەیاناتی حزبی شیوعی پێ بوو.

گووتی گوتمە فازڵ "سیخور" لێ گەڕێ ئەمن دەیبەمە سەرایێ، ئیدی شێرکۆم بەسەیارەی مامەی سمایل بەگی بردە سەرایێ، لە ریێ پێم گووت بەیاناتی چیت پێیە؟ بە دەرفەتم زانی هەموو بەیاناتەکەم لێ وەرگرت و شاردمەوە بردمە سەرایێ لای مەئمور مەرکەز "حوسێن پاش عالم" پێم گووت ئەوە گیرایەو شکی لەسەرە، جانتایان کردەوە هیچی تێدا نەبوو، مەئمورمەرکەز گووتی: بابڕوا هیچی پێ نییە، لە هاتنەخوارێ تووشی فازڵ کەرکووکی بووین، پێمی گووت: ها پیاوەتییەکەت کردە هی خۆت، منیش گووتم: نە بابە، پێیانم گووت فازڵ ئەو کارەی کردییە، گووتی هاتینە خوارەوە بەیاناتەکەم پێداوەو رۆیشت، نەمهێشت بگیرێ.

مام عەریف سلێمان گووتی لە ساڵی ١٩٥٦ رۆژێک لە سەیتەرەی هەولێر- کەرکووک چووم دەبینم کەسێک گیراوە، کۆمەڵێک نەشرەی حزبی پێیە، نەشرەکان ئیدانەی هێرشەکەی ئیسرائیل دەکەن بۆ سەر میسر. دەڵێ منیش چووم یەکسەر گووتم: ئۆی ئەوە گۆڤاری "هەتاوە" هی مامە گیوی موکریانییە، بە کابرای گیراوم گووت: سواربە با بتبەمەوە بۆلای مامۆستا گیوی ئەوکات من ماتۆڕم هەبوو. ئەو فازیل کەرکووکییە گرتبووی بەڵام فازیل خوێندەواری نەبوو.

منیش لەگەڵ خۆم هێنامە هەولێر بۆ ئەو شوێنەی، کە دەیویست بچیتێ، چووین شوێنەکە داخرا بوو، بە کابرام گووت بابیبەینە لای "ساڵح حەیدەری"، ئەوکات ساڵح حەیدەری پارتی بوو. دەڵێ کابرا گووتی باشە، چوومە ژوورەوە گوتم: ئەو نەشرانە گیراینە لە شوعبە خاسەی، ئیدی مام ساڵح حەیدەری تووڕە بوو و گووتی: بۆ ئەمن چمە، منیش پێم گووت: دەزانم هیچ نیت، بەڵام پیاوی باشی، بۆیە هاتینە لای تۆ ئەوجا گووتی: دەباشە باشە بێنە لێی وەرگرتین.

**"مام سلێمان و عەونی یوسف"**

عەونی یوسف: کوڕی قەڵاو منارەیە، کولێژی حقوقی لە "چلەکان" تەواوکردووە، رۆڵی کاریگەری لە کوردایەتی و بلاوکردنەوەی پارتایەتی لە شاری هەولێر و دەوروبەری هەبووە. برای جەلیل هوشیارە کە ئەویش حقوقی تەواوکردووە و رۆڵی کاریگەری لە کوردایەتی لەگەڵ عەونی یوسف هەبووە.

لە ساڵانی "شەستەکان" پەنجا ساڵ بەر لە ئێستا، مام عەریف سلێمان گووتی: عەونی دەیگووت ماڵی بابم رەش و رووتە، زۆر لەگەڵ چینی هەژاری هەولێر بووە، ئەوکات هەر ئەو حقوقی بووە لە هەولێر، کە لە سەرایێ دەهاتە دەرەوە "١٠ تا ١٥" فەلاحی رەش و رووتی لە دەوروپشتی بوو بەرگری لە مافیان دەکرد و پشگیری دەکردن و یارمەتی دەدان رۆڵی کاریگەری هەبوو لە دروستبوونی پارتی لە هەولێرو بەرپرسی یەکەمی پارتی بوو لە هەولێر، مەلا نووری ئۆمەراوەیی کاک مەلا ماتۆر دەباتە ماڵی عەونی و کاک مەلا عەوڵا لەسەر دەستی کاک عەونی دەبێتە پارتی و مەولوود رۆژباش لەسەر دەستی کاک مەلا ماتۆر دەبێتە پارتی.

مام عەریف سلێمان گووتی: لە ساڵی "١٩٥٤" کاک عەونیم بەهۆی کاک مەولوود رۆژباش ناسی، کاک عەونی گوتبووی: دەمەوێ رۆژێک بتبینم، واتە "عەریف سلێمان"، شەوێک چوومە ماڵی کاک عەونی لە خوار ماڵیان باخچەی تورو سلق بوو، جلی کوردیم لەبەردابوو، دەمانچەکی تۆپلیم پێ بوو، چونکە من پۆلیس بووم، دیتم کوڕێک بەدوامەوەیە، زانیم پۆلیسی "شعبە خاصە" چاودێری من دەکات، داهاتمەوە دەست دەمە بەردەکی لێی دەم کابرا هەڵات. ئەو شەوی نەچووم لەبەر کابرای "ئەمنی شعبە خاصە"، بۆ بەیانی پاش نیوەڕۆی چووم دیتم پۆلیسەک چاودێری ماڵی عەونی یوسف دەکات، ناوی "حەسەن"بوو لە "شوعبەی خاصە". پێم گووت: موشکیلەکی میراتم هەیە هی ماڵی بابم ئێزنە بچمە ماڵی کاک عەونی.

"حەسەن" گووتی سلێمان ئەمن دەزانم ئەتوو بۆچی دەچی! بەڵام منیش کوردم وەکو تۆ دڵسۆزم بۆ کوردایەتی، بڕۆ. چوومە لای کاک عەونی گووتی: زۆر خۆشحاڵم بە ناسینت، بۆ یەک شت تۆم بانگ کردووە، دەبێ بچی لە "شعبە خاصە" کاربکەی، ئێمە سوود لە تۆ وەردەگرین، چونکە تۆ پۆلیسی، مام سلێمان گووتی: پێم گووت: من بە هیچ جۆرێک ناچم لە "شعبە خاصە" ئیش ناکەم، ئەگەر سوودی کوردیشی تێدابێ، چونکە کە خەڵک منی بینی لە "شعبە خاصە" هەرچی خەراپە پێم دەڵێن، من چۆن حەیای خۆم دەبەم، ناچم و ناچم، گووتی: باشەمەچوو، کاک عەونی گووتی لە سەرەتای "چلەکان" بوومە حاکم لە زاخۆ، دەمویست کوردایەتی بڵاوبکەمەوە لە زاخۆ، بۆیە هەردەم هەوڵم دەدا ببمە برادەری خەڵکی رەش و رووت، چونکە خەڵکی رەش و رووت زۆرەکەی کۆمەڵ پێک دێنن و هەر ئەوان کوردایەتی دەکەن.

خەڵکی زاخۆ زۆریان دەهاتن بۆ لام. دائیرەکەم وەکو دیوەخان وابوو، هەردەم پڕ بوو لە خەڵکی رەش و رووت، دائیرەی ئەمن هەستی بەوە کرد، چاودێریان خستە سەرم، رۆژێک "رەئیس مەحکەمەی" موسڵ بەبێ ئاگاداری کردنەوەی من لێم بە ژوورێ کەوت. چاوی بەو رەش و رووتە کەوت، وتی: عەونی دەلالخانەت دانایە یان دیوەخان، ئەو خەڵکە چی دەکات لێرە؟

کاک عەونی یوسف گووتی لێی هەڵسامەوەو پێم گووت: تۆ بەسێ شت دەتوانی موحاکەمەی من بکەی:

١- بەقانوون ٢- بەدین ٣- بە عادەت، بە هەرسێکیان ئەو خەڵکە حەقی خۆیانە لێرە بن.

دوای ئەوە نەفیان کردم بۆ "عمارە"، رۆژی سێ جار دەبوایە "اسپات وجود" بکەم لە دائیرەی حکومەت. رۆژێک سکاڵانامەیەکم نووسی، کە من فەسلم یان حاکمم، گوتیان فەسلی، بەڵام ئەوەندەی پارەی مابوو هی مووچەم "٢٠٠" دینار بوو. گوتم پارەکەم بدەنێ، ئەوکات حکومەت نەی بوو "٢٠٠" دیناری من بدات، دوای ئەوە لێیانم سەند.

**"دروستبوونی لقی پێشمەرگە"**

مام عەریف سلێمان مرۆڤێکی زیرەک و عاقڵ و تێگەیشتوو بوو، ئەرشیف بوو، هەموو شتێکی لەیاد مابۆوە، بناغەدانەری حزب لەناو سلکی پۆلیس و یەکێک بووە لەو چوار کەسانەی کە لە هەولێرەوە چووینە گوندی گەرۆتە بۆ شۆڕش هەڵگیرساندن، لە ساڵانی "٦٠"، کە بریتین لە "١- عەریف سلێمان، ٢- عەبدولڕەحمان مەلا قادر، ٣- رەشید شێرە، ٤- ئەنوەر جۆخین"، ئەو هەموو باسە و یادەوەریانەم لەو بەڕێزە وەرگرتووە و گووتی: لە ١٩٦٢/١/١ دوو لق لە هەموو کوردستاندا هەبووە. لە گوندی رێزینەی دۆڵی سەرکەپکان. "گوندی رێزینە بەرامبەر گوندی سەرکەپکانە، پێویستە بۆ یادەوەری لەم گوندەدا یادەوەری بۆ ئەم دوو لقە بکرێتەوە".

١- لقی یەکەمی پێشمەرگە سەرلق مەلا عەبدوڵلا ئیسماعیل بوو "مەلا ماتۆر"، کە لە سێ پەل پێک هاتبوو، بەم شێوەیەی خوارەوە.

١- پەلی یەکەم سەرپەل سەعید مەسیفی بوو.

٢- پەلی دووەم عەریف عەلی رەقەم یەک.

٣- پەلی سێیەم عەریف سابیر.

٢- لقی دووی پێشمەرگە کە دروست بوو لە گوندی رێزینەی دۆڵی سەرکەپکان، مام عەریف سلێمان سەرلق بووە، ئەو لقەش "٣" پەلی هەبووە، هەر پەلێکیش "٤" دەستەی هەبووە.

١- پەلی یەکەم لقی عەریف سلێمان شەهید حەمید کاوانی بوو.

٢- پەلی دووەم لقی مام عەریف سلێمان عەریف سەمەد حەمەد بوو.

٣- پەلی سێیەم لقی مام عەریف سلێمان مام وسوو کاوانی بوو.

هەموو هێزی کوردستان تەنها ئەو دوو لقە بووە.

مام عەریف سلێمان دەڵێ: من بڕیارم دەرکرد کە هەموو شەوێک پەلێک بچێتە سەر چیای ماکۆک بۆ ئاگادار بوون لە جموجۆڵی دوژمن. ئا لەوکاتەدا شێخ لەتیف شێخ سادق بەرزنجی لەلامان بوو، کامیرای پێ بوو و رەسمی گرتین، کە من لە ناوەڕاست دام، ئیشارەت بە چیای ماکۆک دەکەم، رەسمەکەش یەکیان "ئیسماعیل سەرهەنگ" و عەریف سلێمان و ئەوی تریان "رەحمان"ە تفەنگەکەی دەستم "١١" تیری کەنەدییە. واتە ئەو وێنەیەی کە ئێستا نیشان دراوە، شوێنی وێنە گرتنەکە گوندی بێتواتەیە، وێنەگرەکە شێخ لەتیف شێخ سادقە لەساڵی ١٩٦٢.

**پارتییەکانی ساڵانی "٥٠" لە شاری هەولێر**

ئەوانەی لە ساڵانی "پەنجاکان" لە شاری هەولێر پارتی بوون ئەو بەڕێزانەی خوارەوە بوون:

١- ساڵح شێرە ٢- تاهیر حاجی ٣- سەلیم شێرە ٤- حەسەن مستەفا ٥- قادر شۆڕش ٦- ئەحمەد بێکەس باوکی دکتۆر دلێر ٧- حەیدەر هەمزە ٨- مەولوود رۆژباش ٩- مەلا ماتۆڕ ١٠- لەتیف نادر رواندزی ١١- جەلال مەلا ماتۆر برای جەلیلە رەشی خۆشناوە ١٢- عەبدولقادر بیرێژی باوکی دکتۆر شوان ١٣- فازل پیرداود ١٤- عەدنان نەقشەندی ١٥- کاکە رەش نەقشبەندی ١٦- شێخ لەتیف ١٧- ماڵی شێخ عەبدولکەریم بەگشتی ١٨- حەمید باتاسی عەشقە رووتەکەی کوردستان ١٩- ئەحمەد حەمەدەمین و برایەکانی: عومەر دزەیی و موحسین و سەعدی دزەیی ٢٠- حەسەن کارەبا ٢١- موحسین حەسەن کارەبا ٢٢- عەریف سلێمان، "کاک حەسەن کارەبا زۆر دەوڵەمەند بوو، هەموو ماڵەکەی لەسەر کوردایەتی دانا و زۆر بەغەریبیش مرد، ئەمە قسەی مام خارە عەریف سلێمانە، چونکە ئەم زانیارییەم لەو تێکۆشەرە وەرگرتووە" ٢٣- حەسەن مستەفا ٢٤- سەید مەجید ٢٥- سەید عەزیز گردعازەبانی ٢٦- ئەبوبەکری حاجی عەزیز خەرابەدراوی باوکی ملازم سەردار ٢٧- تۆفیق بەنزینخانە ٢٨- کەمال برای تۆفیق بەنزینخانە ٢٩- حاجی لەتیف ئەویش لە بەنزینخانە بوو ٣٠- مەغدید برای تۆفیق بەنزینخانە ٣١- مەحموود بەنزینخانە "مەحموود بەنزین" ٣٢- مەئمون دەباغ لە رێگای حاجی لەتیف هاتە ریزی پارتی، چونکە کاک لەتیف لە بەنزینخانەی ماڵی شەهید مەئمون دەباغ کاتب بوو، بەو هۆیەوە هاتە ریزی پارتی ٣٣- حاجی مامەی سمایل بەگ ٣٤- مەلا حوسێن خەڵکی گوندی قەلەمانەی دەو بەستۆرە بوو ٣٥- محەمەد ئیسماعیل، خەڵکی گوندی عەوێنەی بوو، "رەئیس عورەفای سەربازی بوو"

**"ئەوانەی لە شەقڵاوەی ساڵی ١٩٥٠" پارتی بوون**

ئەو بەڕێزانەی کە لە شەقڵاوە پارتی بوون ئەو بەڕێزانەی خوارەوە بوون:

١- مام بەگۆک ٢- عەلی حەریری ٣- قادر حەسەن شەقڵاوەیی ٤- مام تەها رەش ٥- ئیسماعیل حوسێن ٦- حەمید کاوانی ٧- مەحموود کاوانی ٨- مام وسوو کاوانی.

ئەو بەڕێزانە رۆڵی کاریگەریان هەبوو لە بلاوکردنەوەی پارتایەتی لەناوچەی خۆشناوەتی. شانەی حزبیان لە زۆر شوێن و بەتایبەتی گوندەکان دروست کردووە، ئەمەش سوودی زۆربوو بۆ پارتی، یەکەم بنکەکان بەم هۆیەوە بوونە بنەگەی پارتی لە دوا رۆژ، دووەمیان بووە هۆی ئەوەی کە هیچ حزبێکی تر نەیتوانی چالاکی خۆی ئەنجام بدات و خەڵک بکاتە دۆست و لایەنگری خۆی، هەر هەموویان دۆست و لایەنگری پارتی بوون.

**مام جەلال:**

مام عەریف سلێمان گووتی: مام جەلال لەگەڵ بەڕێز شەمسەدین مفتی لە نێوان ساڵی "١٩٥٤- ١٩٥٧" لە زانکۆی بەغدا لە حقوق دەیخوێند، مام جەلال ئاخیر ساڵی زانکۆی بەجێهێشت و لەگەڵ شیوعییەکان چوو بۆ موئتەمەری شەبیبەی عالەمی "کۆنگرەی لاوانی جیهان" لە "وارشۆ" پۆلۆنیا.

لە ساڵی "١٩٦٦" لە سپیاوێ لە دۆڵە رەقەی لەگەڵ مام جەلال دانیشتبووین، باسی ئەو سەفەرەی بۆ کردین، گووتی: لەگەڵ شیوعییەکان چووینە "سووریە"، لەوێوە چووینە "وارشۆ- پۆلۆنیا"، کۆمەڵێک کەلەپووری کوردەواریم لەگەڵ خۆم برد بۆ ناسین و شارەزا بوون لە کوردو کوردستان، کەلەپوورەکەش بریتی بوو لە: "١- تەشی ٢- جلوبەرگی کوردی ٣- کلێتە ٤- گۆرەوی و بەلەک پێچ ٥- کلاشی کوردەواری"، هەموو ئەوانەم دانابوو لەوێ دابەشی بکەم بەسەر خەڵکەکە.

مام جەلال گووتی: من دەمویست بەناوی کوردو کوردستان قسە بکەم و کورد و کوردستان بناسێنم بە هەموو لاوانی جیهان، بەڵام شیوعییەکان نەیانهێشت، من بەناوی کورد قسە بکەم، گووتیان: دەبێ بەناوی عێراق قسە بکەی. گووتی منیش گوتم تەنهاو تەنها بەناوی کوردو کوردستان قسە دەکەم، دەڵێ ڕێیان نەدام قسە بکەم، هەستام چووم لەبەر دەرگای هۆڵەکە مانم گرت کۆمەڵێک لاو هاتن، دەیانگوت: بۆ دانیشتووی، منیش دەمگوت: میللەتێکی هەژارم هەیەو ناهێڵن باسی هەژاری میللەتەکەم بکەم، سەروەت و سامانەکەی داگیرکەران دەیبەن. داگیرکراوین و ئەو پارەیە هەمووی بە بوومباو تەیارەی دەدەن و بە ئێمەی دادەدەن جا دەڵێ: هەندێکیان فیکەیان دەکێشاو هەندێکیان دەڕۆیشتن و هەندێک لەگەڵ من دادەنیشتن مانیان دەگرت، زۆریان خەڵکی چین بوون، زۆر باسی چاکەی چینییەکانی دەکرد تا وای لێهات بواریان دام لەسەر کوردو کوردستان قسە بکەم.

چینییەکانم بانگ دەکردو جلی کوردیم لەبەردەکردن و فێری شایم کردن و گۆرانیم بۆ دەگوتن و وتارم بۆیان دەدا، هەمووی هەر بە خۆم بووم، پاش گەڕانەوەی هاتینەوە "سووریا"، پارەم پێ نەما لە میوانخانەیەک بووم لەشام، زۆر هەرزان بوو، پارەی ئەویشم نەبوو بیدەم پارەیەکی کەمم پێ مابوو.

ئێواران لەسەر عارەبانەی سەموونەک و پارچە باینجانەکم دەخوارد.

رۆژێ دەچووم لەگەڵ جگەرخوێن دادەنیشتم، ئەویش زۆر هەژارو دەستکورت بوو.

رەوشەن بەدرخان دوو جاری دەعوەت کردم و گووتی: چیت دەوێ بتدەمێ، بەڵام من نەفسیەتم قبوڵی نەکرد هیچ وەرگرم. کاغەزێکم بۆ "عومەر دەبابە" نووسی بەناوی جگەرخوێن، نهێنی خۆم نووسی، ئەویش وشەیەک بوو لە نێوان من و کاک "عومەر دەبابە"، گووتم زۆر بێ پارەم جا داوایە فریام کەون، گووتی: رۆژێک زۆرم برسی بوو پارەم نەبوو تووشی برادەرێکی شیوعی بووم بە عەرەبی گووتی: دەبێ دەعوەتی من بیت، دەستی گرتم و لە دڵی خۆم دەمگووت خوایە دەستم بەرنەدا، بردمی تێرم خوارد.

هەموو رۆژ خاوەن ئوتێل دەیگووت پارەی ئوتێل بدە، منیش دەم گووت جانتام لەلاتانە.

رۆژێک جگەرخوێن گووتی: نامەیەکەت بۆ هاتووە، کردمەوە "١٠" دیناری لەناو نامەکە نابوو دەرم هێنا.

عەریف سلێمان گووتی: ئەوکات من مرور بووم، هەموو رۆژ لە دائیرەی مروری هەولێر تەئکیدیان دەکردەوەو دەیان گووت: زۆر وریابن مام جەلال بە سەیتەرەی دادێ، جلی قەشان لەبەردەکا، بۆ ئەوەی نەیناسنەوە بۆ ئاگاداریتان خۆزیا هەموو سیفەتەکانی ئەو کابرایە بزانرابایە، کە زۆرجار تەحەدای موستەحیلی کردووە. دەڵێن کاتی خۆی مامۆستا هەژار شیعری "لاوێکم دەوێ چاپوک وبتەو... هتد" لەسەر مام جەلالی گوتووە.

**تێبینی:**

*** ئەم بابەتە بەر لە کۆچی دوایی "عەریف سلێمان" وەکو دیدارێک لەلایەن عەبدولوەهاب شێخانی ئەم بابەتە ئەنجامدراوە.**

*** بۆ خوێنەران و هەموو ئەوانەی کە مەدالیای ئیفتیخار دەخوێننەوە، دەخوازین بڵێین باسکردنی زۆربەی بابەتەکانمان باسکردنە لە ساڵانی پەنجاکان و شەستەکانی سەدەی رابردوو، کە ئەوانە هەریەکێکیان قارەمانێک و سومبولی سەردەمی خۆیان بوون.**

**بەناوی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو عەریف سلێمان دەکەین بەتایبەتی لیوا جەمالی کوڕی. لەخوا داواکارین خوالێخۆشبوو بە بەهەشتی بەرین شاد بکات.**



عەریف سلێمان بەر لە ماڵئاوایی

# شاسوار هەرشەمی: لە ئەوروپا ئەکادیمییانە دوور لە هەست و نەست کار دەکرێت

**خالید مەلا ئەحمەدی هەرشەمی، ناسراوە بە "شاسوار هەرشەمی" لە کۆتایی رۆژەکانی ساڵی ١٩٥٩ لە دێی پوونگینە لە دایکبووە، خوێندنی لەو شارە تەواوکردووە و دواتر جیۆلۆجی لە بەغدا و سۆڤیەت خوێندووە، ئەمەش ساڵانێکی پێشمەرگایەتیشی کەوتۆتە نێوانەوە، پاشانیش رووی کردۆتە سوید و لە بەشی مێژوو دەخوێنێت، ئێستا مامۆستایە لە یەکێک لە دواناوەندییەکانی ستۆکهۆڵم. لە دیدارێکی بەدرخاندا سەبارەت بە پرسگەلێک و چەندین بابەتی مێژوویی و زمانەوانی و دواندمان...**

## ئا: عەبدورەحمان مەعروف

*** ساڵانێک لەشاخ بوویت ئەگەر باسی ئەزموونی رۆژنامەگەری ئەوکاتەمان بۆ بکەیت.**

- ئەزموونی کارکردن لە راگەیاندنی پێشمەرگایەتی لە شاخ و ناوچە ئازادکراوەکان بە چەندایەتی و قەوارە کەم، بەڵام بە ناوەرۆک و چۆنایەتی گەورەو دەوڵەمەند و پڕ لە ئەزموون بوو. کاری راگەیاندن بریتی بوو لە بەرنامەی رادیۆیی، رۆژنامەو گۆڤار و ناو بەناویش چاپکردنی کتێب. تا لە دەزگای ناوەندی راگەیاندن نزیک بووم، لە زستانی ١٩٨١- ١٩٨٢ بەرنامەی "دەنگی خوێندکاران" بە من سپێردرا بوو، بەو سیفەتەی کە من ئەو سەردەم ئەندامی مەکتەبی سکرتاریەتی یەکێتی خوێندکارانی کوردستان بووم. گۆڤاری "رێبازی خوێندکاران"یشمان دەردەکرد. دواتر لە راگەیاندنی مەڵبەندی سێ کارم دەکرد. لەو ماوەیەدا کاری ئەوێ هەشت ژمارەی گۆڤاری "راپەڕین" و چوار ژمارە گۆڤاری "پێشمەرگە"مان چاپکرد لەگەڵ ژمارەیەک گۆڤاری "ئەستێرە"ی منداڵان بەشی هەولێر و بادینان گۆڤارو رۆژنامە ناوەندییەکانیش لای ئێمە لە گوندی "وەرتێ" چاپ دەکرا. زۆربەی نووسەران هەر خۆشیان کاری چاپ و مۆنتاژیان رادەپەڕاند.

ئامێرو ئامرازەکانمان سەرەتایی بوون. رۆنیۆ، تایپ، ستانسیل. لە دواتریش دەزگایەکی "فۆتۆ رووناکی"مان پەیدا کرد و توانیمان وێنەش چاپ بکەین. مقەس بڕینی کاغەزمان نەبوو. توانیمان مقەسێکی کۆنە لە خوالێخۆشبوو گیوی موکریانی بکڕینەوە، لەسەر چۆنییەتی کار و پەیوەندی نێوانمان، ئەو نووسەرانەی کە هاوکاریان دەکردین، ئەو کێشە تەکنیکی و سیاسی و ئیدارییانەی تووشمان دەبوون، بابەتێکم ئامادە کردووە بەناونیشانی ئەزموونی راگەیاندنم لە شاخ، بەو هیوایەی بتوانم زوو چاپی بکەم.

*** ئێمەش چاوەڕێین. دەمەوێ پرسیارێک سەبارەت بە زانکۆو پرۆگرامی خوێندنی ئەوروپا و بە تایبەتی سوید بکەم بە بەراورد لەگەڵ زانکۆکانی کوردستان ئەگەر ئاگاداربیت؟**

- لەوێ بەشێوەیەکی زۆر ئەکادیمی و زانستییانە، دوور لە هەست و نەست، کارەکان دەکرێت، بۆ نموونە زانستی بەراوردکردنی پێوانەیی لە زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان، کە من ماوەیەکە خەریکی ئەو کارەم. ئەم زانستە، دوو سەد ساڵە لە ئەوروپا زۆری بەوردی کاری لەسەرکراوە، زمان وەکوو هاوکێشەکان و بیردۆزەکانی بیرکاری لێکراوە، یاساکانی گۆڕانی دەنگ هەموو ساغ کراوەتەوە لە هەموو بن خێزانەکانی هیندۆ ئەوروپی بە زمانی کوردیشەوە، بەدەیان وشەی سەرنجڕاکێش و کوردی تا شەش هەزارو پێنج سەد ساڵ بەر لە ئێستا دەبرێتەوە.

دەکرێ بەراووردی بکەین لەگەڵ زمانە مردوو و زیندووەکانی هیندۆ ئەوروپی. من لەو کتێبەی لەبەر دەستمە زیاتر لە "٤٠٠- ٤٥٠" وشەی کوردیم لەگەڵ زمانی "هیتی، سانسکریتی، گریکی کۆن، لاتینی کۆن، سلاڤی کۆن ئەنگلۆ ساکسۆنی، ساکسۆنی، گێرمانی کۆن، هەروەها زمانە مۆدێرنەکانی ئەوروپی وەکو پۆلۆنی رووسی، سربی، سویدی، دانیمارکی، ئەڵمانی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئیتاڵی،... تاد، بەراوردکردووە. ئەم کارانە لە ئەوروپا زۆر بە وردی و زۆر بە زانستی کراوە. لای خۆمان بەداخەوە دەبینم بەشێکی زۆری ئەم کارانە کاردانەوەیە، بۆ نموونە رۆژهەڵاتناسێک بە کوردستاندا گوزەری کردووە و لای وابووەو وای بەرگوێ کەوتووە، کە زمانی کوردی یان شێوە زارێکی زمانی کوردی لە زمانی فارسی دەچێت، هەموو نووسەرانی کورد، هەموو ئەوانەی لێرە لەسەر زمانی کوردی دەنووسن، وەکو کاردانەوە بەرامبەر ئەم رۆژهەڵاتناسە و چەند کەسێکی دیکە خەریکی ئەوەن، کە زمانی پەهلەوی ببەخشنە زمانی فارسی، بە زۆر و زۆرداری بەسەر کۆمەڵێک قۆناغی زمانی کوردی پازدەن و بە ئاوێستاییەوە ببەستنەوە، من ئەم کارانە بە کاری ئەکادیمی دانانێم، بەڵکو بەکاردانەوەی دادەنێم، بۆ بەرگری لەخۆ کردن، ئەگەر نا ئێمە و فارسی ئامۆزاین لەیەک سەرچاوەوە هاتووین، هیچ عەیب نییە وشەی هاوبەشی کوردی و فارسی لە پەهلەوییەوە هاتبێ، فارسەکان بەبێ ئاگایی ئێمە، سەدان وشەی پەهلەوییان لە بواری بەڕێوەبردن، وەکوو وشەی ئوستان، دێستان و شارستان، زیندووکردۆتەوە. سەدان زاراوەی سەربازیان خستۆتە ناو زمانی خۆیان، ئێمە ئەوەمان هەمووی بۆ ئەوان جێهێشتووە، کە بەشی ئێمەشی پێوەیەو وازمان لێ هێناوە، نموونەیەک دەهێنمەوە، فارسەکان وشەی پەهلەوی "ئادینە" بۆ رۆژی هەینی بەکار دێنن و نوێیان کردۆتەوە، وشەیەکی بێگانەیە بە زمانی فارسی، راستەوخۆ لە پەهلەوی وەریانگرتووەو دایانمەزراندووە، بەڵام لە زمانی کوردی "ئادینە" بەشێوەیەکی میراتی ماوەتەوە، "ئادینە" بۆتە "هاوینە" بۆتە "هاینی" بۆتە "هەینی". وشەی هەینی کوردی هەمان وشەی "ئادینە"یە بە میرات بۆمان ماوەتەوە، بەڵام فارسەکان نەیان ماوە، دووبارە لە پەهلەوی وەریانگرتۆتەوە، ئەوە بەسەدان وشەی دیکە بەمجۆرەیە و دەیسەلمێنێت، کە زمانی کوردی راستەوخۆ وەکو فارسییە، وەکو بەشێکی زمانی فارسی لە پەهلەوییەوە گەشەی کردووە. ئەم شتانەی کە من فێری بووم لە خوێندنی زانکۆکانی ئەوروپی فێری بووم، کە وەکوو گوتم ئەوان بەهەست و سۆزو و کاردانەوە کارناکەن، بەشێنەیی لە ماوەی دووسەد ساڵ بە کۆمەڵێک راستی گەیشتوون.

**زمانی رووسی دەزانم، لە رێگای رووسییەوە لە زمانی سربی و پۆلۆنی و ئۆکرانی و بولگاری دەگەم. زمانی سوویدی دەزانم، بەهۆیەوە لە زمانی نەرویجی و ئایسلەندی و دانیمارکی دەگەم، زمانی ئینگلیزی دەزانم، بەهۆیەوە دەستەڵاتم بەسەر چەند زمانێکی دیکەدا دەشکێت، زمانی فارسی و عەرەبیش دەزانم**


شاسوار هەرشەمی

*** باست لە بەراوردکردنی ئەم وشە کوردییانە کرد لەگەڵ زمانە هیندۆ ئەوروپییەکان، لەکاتێکدا خۆ تۆ تەواوی ئەو زمانە ئەوروپییە مۆدێرنانە ئەگەر بزانیت هەر چەند زمانێکە، ئەم کارەت چۆن بە ئەنجام گەیاندووە؟**




- کۆمەڵێک لەو زمانانە دەزانم، من زمانی رووسی دەزانم، جا لە رێگای زمانی رووسییەوە دەتوانم لە زمانی سربی و پۆلۆنی و ئۆکرانی و بولگاری و کۆمەڵێک زمانی دیکە بگەم. زمانی سوویدی دەزانم، لە رێگای ئەو زمانەوە دەتوانم لە زمانی نەرویجی و ئایسلەندی و دانیمارکی و چەند زمانێکی دیکە بگەم، زمانی ئینگلیزی دەزانم، دەزانم لەو هۆیەشەوە دەستەڵاتم بەسەر چەند زمانێکی دیکەدا دەشکێت، زمانی فارسی و شێوەزارەکانی کوردی بەباشی دەزانم، هەروەها عەرەبیش دەزانم، ئەم زمانانەش کەم و زۆر یارمەتییان داوم .

جگە لەوە ئەم بابەتانە بەشێوەی فەرهەنگی ئیتمۆلۆژی، کە لە زمانی کوردی نە نووسراوە، یان لێکدانەوەی وشە کراوە، ئەوەی من ئاگادارىم مامۆستا تۆفیق وەهبی و مامۆستا مەسعود محەمەد کەم و زۆر ئەم کارانەیان کردووە، بەڵام بەشێوەی فەرهەنگ لە زمانەکانی دیکە هەمووی لەبەر دەستەو هەیە، بۆ من کارێکی زۆر ئاسانە، کە بەدوای وشەیەکی ئینگلیزیدا دەگەڕێم، سەرچاوەکەی چۆتەوە سەر ئەنگلۆساکسۆنی و سەر ساکسۆنی و گێرمانی. یان بەدوای وشەیەکی لاتینیدا دەگەڕێم، سەرچاوەکەی چۆتەوە سەر زمانێکی دیکە بە ئاسانی ئەوە لە سەرچاوەکانی نووسراو دەستم دەکەوێت، مەرج نییە بیزانم، کە من لەگەڵ ئەو زمانەی دەیزانم بەراوردی دەکەم، دەتوانم تێبیگەم، کە لەو زمانانەش چۆن هاتووەو چۆن گەشەی کردووە و گۆڕاوە.

**بەشی سێیەم**

# ململانێی مەزهەبی و کاریگەری لەسەر پرۆسەی هەڵبژاردنی "٢٠٠٥" لە عێراقدا "ئەنجومەنی نوێنەران بە نموونە"



**پشکۆ عەلی ساڵح**
pshko ali@yahoo.com

سەبارەت بە سوننەکان، کە نوێنەرایەتی عەرەبی سوننە بکەن لە عێراقدا. بەشێکیان بەردەوام، بەشداریکردنیان لە پرۆسەی سیاسی رەتکردەوە و خۆیان بە مەرجەعیەتی ئایینی عەرەبی سوننە دابەشکرد. بە تایبەت ئەوانەی ئەجینداى ئایینی و تائیفیان لەنێو هێزە سوننەکاندا هەبوو، ئەوانەن:

أ. هەیئەی عولەمای موسلمین لە عێراق: لە (١٤ی نیسانی ٢٠٠٣)، بەدەستپێشخەری کۆمەڵێک زانای ئایینی سوننە پێکهێنرا، ژمارەیان (١٥) کەس بوو، لە دەرەوەی عێراق دادەنیشن. کۆنگرەیەکی دامەزراندنیان بەست و پەیڕەوی ناوخۆیان دانا بۆ رایی کردنی کاروبارەکانیان، بۆیە بەپێی ئەم پەیڕەوە چەندین لیژنەی تایبەت بە لایەنی سیاسی و رۆشنبیری و راگەیاندن و کۆمەڵایەتی و ئابوورییان پێکهێنان لەگەڵ ئەنجوومەنێک بۆ فەتوای شەرعی، کە (شێخ حارس سلیمان الضاري) سەرۆکایەتی دەستەکە دەکات. ئەمەش بەرزترین دەسەڵاتی ئایینی سوننییە لە(وڵات)دا، کە بارەگای سەرەکییان لە مزگەوتی (أم القری)ی شاری (بەغداد)ە، (١٨) لقی سەرەکییان لە پارێزگاو قەزاو ناحیەکانی وڵات هەیە و نووسینگەشیان لە (ئەردەن، قاهرە) هەیە، هەفتانەی (البصائر) دەردەکەن، کە زمانحاڵی دەستەکەیە. سەرەتاش دامەزرا گرنگی بە مزگەوتە سوننییەکان دا. دواترکەوتنە بواری خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، وەک یارمەتیدانی خێزانە سوننییە هەژارەکان و کەسوکاری ئەو کەسانەی، کە بەدەستی هێزەکانی هاوپەیمانان لە دوای (مانگی ئازاری ٢٠٠٣) کوژرا بوون.

دواتر دەستەکە زۆر بە خێرایی توانی پشتگیری بەدەست بێنێ و دەستەکە فراوان بوو، ئەندامی نوێ هاتنە ناو ریزەکانی. بەوەش بەخێرایی تێکەڵ بە ژیانی سیاسی بوون. خۆی بەنوێنەری عەرەبی سوننە و مەرجەعیەتی بالایان بەبەهێزی ناساند، بەرامبەر مەرجەعیەتی شیعە لە (نەجەف). هەرچەندە زۆر لایەن نارازی بوون لەسەر ئەم هەڵوێستە، بەڵام (هیئة العلماء المسلمین) ئامرازی جۆراوجۆری بەکارهێنا بۆ سەپاندنی رابەرایەتی خۆی، بۆیە چەندین رووبەڕووبوونەوەی توشبوو لەگەڵ هێزە سیاسی و ئایینییە سوننییەکان و پەیوەندیی لەگەڵ زۆربەیان ئاڵۆز بوو، بەڵام پشت ئەستوور بوو بە هاوکاری و پشتگیری ئیسلامی و عەرەبی. بۆ ئەم مەبەستەش ستراتیژییەتێکی بەهێز و پتەوی بەکارهێنا، کە کرنگترین رووخسارەکانی ئەم ستراتیژییەتە بریتییە لە :

أ. گوتاری تائیفی بەهێز.

ب. سەرکردەکانی ئەو دەستەیە، بانگەشەی نوێنەرایەتی هەموو عێراقییەکانی کرد. بەمەش خۆیان لەراستی نوێنەرایەتی کردنی سوننە بەدوور گرت.

ج. بەدەستهێنانی پشتگیری عەرەبی و ئیسلامی بۆ عەرەبی سوننە.

د. بەکارهێنانی باشی هۆکارەکانی راگەیاندن و هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ کەناڵی (الجزیرة)، کە تەبەنی گوتاری دەستەکە دەکات و هەروەها پشتگیری ئەو گروپە چەکدارانە دەکات، کە پەیوەندیان لەگەلیاندا هەیە.

هـ. پیشاندانی ترس لە پرۆژەیەکی ئێرانی، بەهاوکاری سیاسییە عێراقییە شیعەکان، کەوا لە عێراق بکرێت لە رووی سیاسییەوە، رۆڵی لە ناوچەکە لاواز بکرێ، بەوەی کە بەردەوام خەریکی کێشەکانی خۆی بێت و لەڕووی ئابووریشەوە ئێران دەست بگرێ بەسەر چەندین بیری نەوت، وەک کێڵگەی نەوتی (مجنون)، لە رووی نەتەوەیی و مێژووییەوەش ئاواتیان وایە، کە ئەو بەشەی بە (بلاد الفارس) ناسراوە وەربگرنەوە، کە (بەسرە)و (المدائن) دەگرێتەوە. دەستەکە هەر لە سەرەتای دروستبوونییەوە تێکەڵا بە سیاسیەتی عێراقی بوو. ئەمەش ئەو کاتە روونتر بووە کاتێک (پۆل بریمەر) بڕیاری پێکهێنانی (مجلس الحکم الانتقالي) لەسەر بنەمای تائیفیدا. یەکەم بەیاننامەی دەستەکە لە (تەمووزی ٢٠٠٣) هێرشی کردە سەر سیستەمی (المحاصصة)ی تائیفی و زۆر بەتوندی بڕیاری ئەنجومەنی حوکمی رەتکردەوە، کە لە یەکەم دانیشتنی رۆژی (٢٠٠٣/٤/٩) دەرکرا و رۆژی رووخانی رژێمی بە جەژنێکی نیشتمانی دانا. هیچ کاتێک دەستەکە دانی بە شەرعیەتی پرۆسەی سیاسی لە عێراق نەکرد، هەر لە دروستکردنی ئەنجومەنی حوکم، تا پێکهێنانی حکومەتی مالیکی، بۆیە زۆر کەس و لایەن بە زمانحاڵی (المقاومة العراقیة)ی دادەنا. هەروەها بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی سەرەتا ساڵی (٢٠٠٥) نەکردو داوای لە عێراقییەکان کرد، کە بەشداری لە راپرسی لەسەر دەستوور نەکەن، یان دەنگی (نەخێر) بە دەستوور بدەن، چونکە پێیان وابوو پرۆژەیەکە بۆ دابەشکردنی عێراقە. لەبەرامبەردا (زاڵمای خەلیلزاد) باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق، هەستی بەمەترسی زیادبوونی رۆڵ و دەسەڵاتی (ئێران) و بەشداری نەکردنی سوننە لە پرۆسەی سیاسی کرد، کە دەبووە هۆی یاخیبوونی زیاتر، بۆیە دوای چەند رۆژێک لە وتوویژ لەگەڵ لایەنی عەرەبی سوننە، توانی رازییان بکات بەشداری هەڵبژاردن بکەن، لەبەرامبەر بەزووی پێداچوونەوەی دەستوور. هەر لەو ماوەیە هێرشی لەناکاوی کردە سەر (دوو) بەندیخانە، کە وەزارەتی ناوخۆی بەرێوەیدەبردن، بۆ دووپاتکردنەوەی هەژموونی سەربازی هێزەکانی ئەمریکا، هەروەها وەک نیشانەیەک بوو بۆ سوننەکان، کە لە گۆڕەپانی سیاسی رۆڵ ببینن بە هاوکارییەکی دیاریکراوی ئەمریکا. سوننە هەوڵیاندا بەرەیەک بۆ ئەو هێزە نیشتمانیانەی کە دژی داگیرکارین پێکبهێنن. لەلایەک (هیئة العلماء المسلمین) راگەیاندووە، کە تیرۆر لە عێراقدا نییە، بەڵکو بەرهەڵستی کردنی داگیرکارییە، چونکە چەندین جار لە بەیاننامەکانیان ئاماژەیان پێدابوو. لەلایەکی تر، بە توندی ئیدانەی کردووەتیرۆریستییەکانیان نەکرد. (حارس الضاري)یش لە کۆنگرەی (قاهیرە) لە (تشرینی دووەمی ٢٠٠٥) رایگەیاند: "هەندێک هەوڵیاندا بابەتەکان تێکەڵ بکەن و سەیری ئەو کردە سەربازییانەی نێو گۆڕەپانی عێراقی کرد، کە جۆریکە لە تیرۆر و دروستکراوی ئەو کەسانەن، کە لە سنوورەکان دزەیان کردووە، ئەم جۆرە تێکەڵکردنە کێشەی عێراق چارەسەر ناکات، ئەگەر خواستێکی راستەقینە هەبێ بۆ چارەسەرکردنی... بەرهەڵستی عێراقی بۆتە واقیع".

**بەکارهێنانی باشی هۆکارەکانی راگەیاندن و هاوئاهەنگی کردن لەگەڵ کەناڵی (الجزیرة)، کە تەبەنی گوتاری تاییفی بەهێز دەکات**

ب. هەیئەی دەعوەو ئیرشادو فەتوا : رێکخستنێکی ئیسلامی سەلەفییە، بارەگای لە مزگەوتی (إبن تمیمة)یە، دوای رووخانی رژێم پێکهێنرا. (شێخ مهدي الصمیدعي) ئەمینداری گشتییەتی، لە لایەن (گاردی نیشتمانی)، بەهۆی بوونی چەک و تەقەمەنی خۆی و (٤٠) کەس لەلایەنگرانی دەستگیرکران.

ج. ئەهل ئەلسوننە وەلجەماعە : رێکخستنێکی سوننییە، ژمارەیەکی دیاریکراو ئەندامی هەیە، رکابەری (هیئة العلماء المسلمین) دەکات لە نوێنەرایەتی کردنی عەرەبی سوننە، ساڵی (٢٠٠٣) پێکهێنرا. هەڵوێستەکانی نەرمترە لە هەڵوێستی (هیئة العلماء المسلمین)، بەڵام ئەو پێشتگیرییەی (هیئة العلماء المسلمین)ی نییە، بۆیە لە گۆڕەپانی سیاسی کەمتر دەردەکەوێت.

**بەشی نۆیەم**

ژمارە (٤٥) تەمووزی ٢٠١٠/٧/٢٦ زایینی
خەرمانانی ٢٧١٠ی کوردی



(کارۆس..!)



**ئیدریس شەیداهۆ**

## ئەگەر مردن زمانی با..!

مردن قۆناغی دەرچوونی رۆحە لەجەستە، رێگەیەکە رۆحییەو هەموومانی پێدادەچێ، مردنیش زۆر جۆری هەیە.. مردن هەیە تەنها بەپێوە خۆشە، ئەوانەی خاوەنی ئەو مەرگەن کەسانی هەقخوازو بوێرو چالاکن و هەمیشە لەژیاندا رووناکییان بۆ دەوروبەرو خێرو بەرەکەتیان بۆ گەل و نیشتمانیشیان هەمیشە لەسەرووی هەموو خاکێکەوەیە..

مردنیش هەیە، زۆرکەس هێشتا زیندوون و لەلای زۆر لەخەڵکان وەک مردوو حیساب دەکرێن، واتە مردن درەنگ پێیان دەگاو ژیانیش لەخۆیان ناگرێ، ئەمانەش ئەو دەستەیەن کە بوونیان زیانێکی گەورەو سیمایان دێوەزمەی بە نەعلەتکراوە، ئەوانە بەناهەق دەژین و ئۆکسجینی پاک دەدزن و مافی ژیانیان نییەو بوونەتە بارو بارگرانی بەسەر خەڵکانی ترەوە، لەوەش ئەولاتر، ئەوانە مشەخۆری خوێن و ئێسقان و هەناسەی خەڵکانی خاوەن هەڵوێست و ژیرن، هێندە قیرسیچمەن، مرۆڤ بەدیدەنییان بێزار دەبێ، بۆگەنێکی ژەهراوین لەناو جەستەی میللەت دێن و دەچن.. دەڵێن خوا ئەو جۆرە کەسانەی بۆئەوە دروستکردووە تا ببنە عیبرەتی زەمانە و دەرس و پەند، تا بەنی ئادەم لێیان دوورکەوێتەوەو ئینقیرازیان پێ بکا، ئەوسا ژیان جوانترو مرۆڤیش بەنرختر دەبێ..!

لەپیشانگاکەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی پۆلیسی گەرمیان رێک ئەو دوو جۆرە مرۆڤەم دی، یەکێ دەیەوێ زیندەگی بگەڕێنێتەوە نێو هەیکەلی دارو دەوەن و سروشتی گەرمیان، خەندە بگەڕێنێتەوە سەر ئەو لێوانەی ساڵەهای ساڵە بەهۆی دڕندەیی بەعس و تاریکپەرستەکانی ئەلقاعیدە ئەو خەندەیەیان لێ تۆراوە، ئەویتریشیان دەیەوێ بە شمشێرو کێردو تەور ژیان لەمنداڵ و گەنج و تولازان زەفت بکا، مرۆڤ بەو هەموو جوانییەی خۆیەوە، بەو هەموو خەونە رەنگاڵەییەوە گۆشاوگۆش سەربڕێ، رۆژ بکاتە شەوو هەموو حەڵاڵێک حەرام بکاو ئیدی دنیا بکا بە مەرگەساتێک هەموو شتێک لەبریسکەی تاریکی شمشێردا ببینێ..

لەنێو ئەو دوو جۆرە مردنەدا، ئەگەر (مردن) خۆی زمانی هەباو وەقسە هاتبا، ئاخۆ چۆن پێناسەی بوونی خۆی لەجەستەی وەحشیگەری هەندێک و چۆن جوانیی خۆی لەنێو لاشەی سپی وەک بەفری هەندێ بەنی بەشەر دەکرد..!؟ ئاخۆ چۆن بەتوندی وەڵامی ئەوانەی دەدایەوە، کەدەڵێن مردن هەر مردنە.. ئەمە قەت وانییە، ئاخۆ مەرگی جەللادو قوربانی هەریەک مەرگە..؟! ئاخۆ کوژراوو بکوژ وەک یەکن..!

ئەی ئەگەر خودی (ژیان)، خۆی بکەوێتە قسان دەبێ چۆن پێناسەی خۆی لەهەردوو بارەکەدا بکا..؟! لەکاتێکدا دەبینێ، ژیانێک هەیە لەباخچەی ساوایانەوە دەستپێدەکاو بزە دەبەخشێ و دڵان شاد دەکا، گەورە دەبێ و شارەوشار بەرەو رووناکی گۆرانی دەڵێ، سێو دێنێ بۆ ئەوانەی تینووی سروشتن، باران دێنێ بۆ ئەوانەی هەمیشە دەیانەوێ پاک بن، شەماڵا هەڵدەکا، تا فێنکە بای ئۆخەی بخاتە دڵی عاشق و خەونی شیرین ببەخشێ، لەولاشەوە دەبینێ ژیانێک لەنێو دەست وقاچ بڕین و سەر پەلدان و کوشتنی بەکۆمەلا و یاساغکردنی هەموو پێداویستییەکان و سەدان کولەمەرگی تر هەنگاوی کوێرانە دەنێ..!

ئەمڕۆ بەبەرچاوماندا زۆرن ئەوانەی دەجوولێنەوە، بەڵام لەزاکیرەی هەموومان‌دا مردوون، مردوویەکی پیس و بۆگەنکردوو، زۆریشن ئەوانەی وان لەژێر زەویدا، بەڵام هەموو بەیانییەک بە سیمایەکی نورانییەوە سڵاوی رۆژی ئازادی و خۆشبەختیمان لێدەکەن، ئومێدمان پێدەبەخشن و میهرەبانیی ژیانمان فێردەکەن..!

# کورتە سەرنجەکانی دوای سەفەری ئەمریکا!

**د. ئاکۆ شوانی***

یەکێک لەو ملیۆنەها کۆچکردووانەی لەسەرەتای سەدەی حەڤدەهەمدا لە نێو کەشتیەکدابەرەوئەمئەمریکایەی ئەمڕۆ ملی رێگای گرتبووە بەر، دواترلەیاداشتەکانیدادەنووسێت "لە دووری دوانزە فەرسەخەوە بۆنی هەوا هێندە خۆشبوو لەوە دەچوو لە باخچەیەکی پڕ لە گوڵ و گوڵزارەوە سەرچاوە بگرێت" ئەمانە وتەی ئەو کۆچبەرە بوو کەبەدوای ژیانێکی نوێ و زەویەکی نوێدا وێڵبوو، لە ئەوروپاوە ملی رێگای گرتبووە بەر، دواجار لەو شوێنەدا لەنگەری گرت کە ئەمڕۆ بۆتە گەورەترین هێزو هەژموونی بەسەر هەموو دنیادا هەیە.

کاتێ وەکو میوانی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن بەشداریم کرد بە بابەتێک سەبارەت بە پرسی کورد و ئەمریکا، کە لە ٢٩و ٣٠ی حوزەیرانی ٢٠١٠ لە واشنتۆن دی سی سازکرا.

سەیرە خەونی سەفەر بۆ ئەمریکا تەنها لای ئێمەی رۆژهەڵاتی خەونێکی گەورە نییە، ئەوروپیەکانیش سەفەری ئەمریکا بە خەون دەزانن، کەبە هەموو پێودانگێک ئەو وڵاتە لەڕووی پانتایی و قەوارەشەوە کیشوەرێکە نەک دەوڵەتێک،بەڵام جیاواز لەهەموو




د. ئاکۆ شوانی

ڕویەکەوە،دەشێت ئێمەی کورد زانیاریەکانمان سەبارەت بە ئەمریکا یەکجار کەم و سنووردار بن، ئەمەش بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە یەکەم ئەمریکا خۆی وەک زلهێزێک درەنگ هاتۆتە ناوچەکەو تێکەڵی گەلان و ڕووداوەکانی ناوچەکە بووە، کە دەکریت بڵێین بۆ ساڵانی جەنگی جیهانی دووەم دەگەڕێتەوە، هۆکاری دووەم پەیوەندی بەوەوە هەیە کە ئەو کاتەی ئەمریکییەکان هاتنە ناوچەکە هەژموونی بیری مارکسیزم زۆر بەزەقی بەسەر توێژی خوێنەوارو سەربژاردەی کورددا زاڵبوو، هەر ئەم هۆکارەش

وای کرد لەو دەمەوە تا جەنگی کەنداوی دووەم ساڵی ١٩٩٠ ئێمەی کورد وێنەیەکی بزڕکاو و تەڵخ لە هزری خۆماندا بۆ ئەمریکا دابنێن، لەم مەسەلەیەدا شکستی شۆڕشی ساڵی١٩٧٥ زیاتر کاریگەر بوو بۆئەوەی هێندەی دیکە ئەمریکا لای کورد وەک شەیتانێک تەماشا بکرێت،بەڵام وەک ئاماژەمان پێکرد لەساڵی ١٩٩١ بەدواوە پەیتا پەیتا لە ئاکامی نزیکبوونەوەی سیاسی و دیبلۆماسی نێوان سەرکردایەتی کورد و ئەمریکییەکان، کورد ئێستا تێڕوانینێکی پۆزەتیڤانەی بەرامبەر ئەمریکا هەیە، ئەم خاڵە دوای ڕووخانی ڕژێمی

بەعس لەسەر دەستی ئەمریکا و هاوپەیمانان زیاتر پەرەی سەند و پەیوەندیی دوو قۆلی کورد - ئەمریکاش زەقترو ئاشکراتر بوو، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە وردتر لەئاکامی ئەو پەیوەندییە بڕوانین و هەوڵبدەین بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندی هەردوولا قووڵتری بکەینەوە .

لەڕاستیدا مرۆڤ تا سەفەری ئەمریکا نەکات ناتوانێت وێنەیەکی ڕاستەقینە لە هزری خۆیدا بۆ ئەمریکابکێشێت، بەڵام کاتێک دەگەینە ئەو وڵاتە یان ڕاستتر بڵێین ئەو کیشوەرە ئینجا لەو ڕاستیە دەگەین کە ئەمریکا نەک لەگەڵ ئێمەی ڕۆژهەڵاتدا بگرە لەگەڵ دنیا جیاوازە، جیاواز لەهەموو شتێک، سەرخان، ژێرخان، سروشت، بیر کردنەوە، کەلتوور، دنیابینی، سەیر لەوەدایە لە ئەمریکادا بنەماکانی نەتەوەو ناسیونالیزم،دەم و چاو و شێوەنەتەوەییە زەقەکانیش خەریکە دەگۆڕێن لەو مۆزەخانەی ڕەگەزەدا، ژاپۆنی و ڕەش پێست زەواجیان کردووە، مەکسیکی و ئەمریکی، لوبنانی و ئیسپانی، بەربەری و چینی .... هتد، ئیدی زۆر قورسە ئەو سیماو دەم و چاوە تێکەڵانە لێک جودا بکەیتەوە،ئەو پانتاییە گەورەیە ئەو هەموو مرۆڤە تەنها یەک یاساو ڕێنمایی بەڕێوەیان دەبات، دەشێت لەو وردەکارییەدا لە ویلایەتێکەوە بۆ ویلایەتێکی

دیکە جیاوازی هەبێت، بەڵام لە مەسەلە سەرەکی و بنەڕەتیەکاندا هەموو ئەمریکا ملکەچی یەک یاسا و ڕێساو دەستورن، بەسەر هەمواندا وەک یەک جێبەجێ دەکرێت، کەس لەو یاسایە گەورەتر نییە، کەسیش ناتوانێت خۆی بدزێتەوە لە جێبەجێ کردنی، هەمووشیان پێی ڕازین ..لەو وڵاتەدا دوو شت بە پلەی یەکەم دێتوو ڕێزی دەگیرێت کە بریتین لە مرۆڤ وژینگە.

ئەوان زۆر جیاواز لە دنیاو ژیان دەڕوانن، لەو وڵاتە ئەگەر توانای مێشک و هزرت باش بێت دەتوانیت تا دوا پلەی زانست و پۆست و وەزیفە بڕۆیت، بەڵام ئەگەر تەنها کەسێکی ئاسایی بیت ئەوا سەدان هەلی کارت لەبەر دەمدایە گرنگ ئەوەیە کاربکەیت و باج بدەیت، لەبەرامبەردا دەوڵەت هەموو خزمەتگوزارییەکت پێشکەش دەکات، بەڵام کەسانی تەپۆوبێ کەڵک یان دەبێ چاویان لە بیمەی کۆمەڵایەتی بێت یان دەکەونە سەر شەقام، ئەمریکا قەوارەو دەوڵەتی دام و دەزگایە، تەنها بەسەرنجدانی شەقام و باڵەخانەو ئەپارتمانەکانی دەزانیت کە ئەم وڵاتە زادەی سەدەیەک و دوان نییە، زادەی شارستانییەتێکە، کۆچبەرانی ئەوروپاو ئاسیاو ئەفریقا لە بونیادنانیدا بەشدارن، بەڵام هەژموونی ئەقڵی سپی پێستەکانی ئەوروپا بە هەموو ئەدگارەکانیەوە دیارە و ئەوان پشکداری سەرەکی ئەو شارستانیەتەن .

*** بەشداربووی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن**

# ئەمریکای زلهێزم وا دیت

**فەیسەڵ عەلی***

ئەمریکای گەورە زلهێزی ئابووریی وسەربازی جیهان، یەک لەو دەوڵەتانەیە کە مرۆڤ تامەزرۆی سەردان وبینینی ئەو جیهانە بکا کە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان بەڕێوەدەباو کاریگەری گەورەو دیاری لەسەر رەوتی بەرەوپێشچوونی ئابووریی وسیاسیی جیهان هەیە.

سەردانێکی کورت بۆ دەوڵەتێکی ئێجگار گەورەو پێشکەوتوو، بەزەحمەت دەتوانرێ پەی بە میکانیزمەکانی ئیدارەدانی ئەو دەوڵەتە ببەیت، بەڵام دەکرێ لێرەدا هێندێک تێبینی خێرا لەسەر ئەو جیاوازییانەی کە دەبینران، تۆمار بکەم.

**پێناسەی ئەمریکا:**

ئەمریکا کۆمارێکی دەستووری فیدرالییەو لە پەنجا ولایەت پێکدێ، واشنتۆنیش پایتەختی ئەو وڵاتەیە، کە بەشێکی زۆری کاتمان لەو شارە بەسەربرد. ئەمریکا سێ یان چوارەم گەورە دەوڵەتی جیهانە لەرووی رووبەرەوە کە (٣,٧٩) ملیۆن میل یان (٠,٨٣) کیلۆمەتر دووجایە، ژمارەی دانیشتوانەکەی (٣٠٧) سێ سەد و حەوت ملیۆن کەسە. لەلایەکی تریشەوە گەورەترین دەوڵەتی جیهانە لەرووی فرە رەنگیی رەگەزو کەلتوورەوە،ئەوەش دەرئەنجامی ئەو کۆچە فراوانەوەیە کە لەدەوڵەتانی تری جیهانەوە بۆی دێت. هەروەها ئابوورییەکەی گەورەترین ئابووری نیشتمانییە لەجیهان،بەپێی مەزندەکانی ساڵی ٢٠٠٨ کۆی بەرهەمی ناوخۆیی ئەو وڵاتە (١٤,٣) ترلیۆن دۆلار بووە، کە (٢٣٪) کۆی بەرهەمی جیهان دەکات و، هێزی کڕینی ئەو وڵاتەش نزیکەی لە(٢١٪) هەموو جیهان پێکدەهێنێت.

**ئابووری ئەمریکا:**

ئەمریکا ئابوورییەکی سەرمایەداری تیکەڵی هەیە کە زۆری سامانی سروشتی، بونیادێکی ئیرتکازی پێشکەوتوو و بەرهەمدارییەکی زۆر بەرز پشتیوانی لەو ئابوورییە دەکات، ئەمریکا گەورەترین دەوڵەتی هاوردەو سێیەم گەورە دەوڵەتی هەناردەشە لەسەر ئاستی جیهان. ئامێرە کارەباییەکان لەپێشەوە



فەیسەل عەلی لە تاڤگەکانی نیاگارا دەڕوانێ

ئەو کەلوپەلانەن کە هەناردەی دەرەوەی دەکاو ئۆتۆمبیلیش زۆرترین ئەو کەلوپەلانەیە کە لەدەوڵەتانی ترەوە هاوردەی دەکات، هەروەها ئەمریکا لەپێشەوەی هەموو دەوڵەتانی جیهانە بەپێی راپۆرتی توانای کێبڕکێی جیهانییەوە.

چالاکییەکانی کەرتی تایبەتی (٥٥,٣٪) کۆی چالاکییە ئابوورییەکانی پێکدەهێنێ،چالاکییەکانی حکومەتی فیدرالی (٢٤,١٪) و، ئەوی تری کە (٢٠,٦٪) چالاکیی حکومەتی ولایەتەکان و دەسەڵاتە ناوخۆییەکانە. کەرتی خزمەتگوزاری (٦٧,٨٪) کۆی بەرهەمی ناوخۆیی پێکدەهێنێت. ئەمریکا سێیەم گەورە بەرهەمهێنی نەوتی جیهانە،دوای عەرەبستانی سعودیەو روسیاو لەهەمانکاتیشدا گەورەترین هاوردەی نەوتیشە، هەروەها گەورەترین دەوڵەتی جیهانە لەرووی بەرهەمهێنانی کارەباو وزەی ئەتۆمییەوە،ئەمە جگە لە گازی سروشتی، کبریت و فۆسفات. بۆرسەی نیۆرک گەورەترین بۆرسەی جیهانەو کۆکا کۆلاو ماکدۆناڵد دیارترین نیشانەی بەناوبانگی بازرگانییە لەسەر ئاستی جیهان.

**ئایفۆن:**

بەشێکی زۆری کاروباری هاوڵاتیانیش بە دیجیتال کراوەو کاروبارەکانی رۆژانەیان لەرێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە بەڕێوەدەبەن،بەشی زۆری ئەو کارانەش بە ئامێری ئایفۆن بەڕێوە دەبرێ، کە کەم کەس دەبینی لەو وڵاتە ئەو ئامێری مۆبایلەی پێ نەبێت،کەبەشی هەرەزۆری کاروباری خۆی و خێزانەکەیشی پێ فەراهەم دەکات.

**باج:**

ئەو ئابوورییە گەورەی ئەمریکا پشت ئەستورە بەو سستمی باجەی کەهەیەتی، بەزەحمەت هاوڵاتییەک دەتوانێ خۆی لێ بدزێتەوە، لەگەڵ کڕینی هەر شتێکدا راستەوخۆی باجەکەت لێ دەسێندرێ، ئەگەر هاوڵاتی ئەو وڵاتە بی یان میوان بیت. واتە ئەوەی سەردانی ئەو وڵاتە بکا دەبێ وەک هەر هاوڵاتییەکی ئەو وڵاتە لەهەر مامەڵەیەکدا بەرێژەی مامەڵەکەی باجی خۆی بدات.

**پۆلیس وڵات بەڕێوە دەبات:**

لەگەڵ بوونی ئەو هەموو دامەزراوە زۆرەی ئەو دەوڵەتە، پۆلیس باڵاترین دەسەڵاتەو هەمووان بە گەورەو بچوکەوە مل کەچی پۆلیسن و، گەورەترین ترسیان لێی هەیە، پۆلیس ئەو

هێزەیە ئەگەر لەوێش نەبێ بەردەوام نزیکتە، چونکە هەموو هاوڵاتییەک هەست بەبوونی دەکا، وا دەزانێ چاودێری دەکا بۆیە هەوڵ دەدا کەمترین سەرپێچی بکا، ئەمە بەو مانایە نییە لەو وڵاتە سەرپێچی کاری ساختەو نابەجێ ناکرێ، بەڵام کە کەوتە داوی پۆلیسەوە دەبێ دادگا بۆی یەکلایی بکاتەوە.

**کوردەکانی ئەمریکا:**

هەریەک لەئێمە کە نزیکەی (٢٥) کەس دەبووین، بەمەبەستی سازدانی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان، کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و بەشی هونەری وکەلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن دی سی ئەنجامیدا... یەک تا دوو کەسێکمان لەوێ هەبوو وەک دۆست و هاوڕێی کۆن کە لە کوردستان پێکەوە بووین، کە زۆرمان پێخۆش لەو وڵاتە پانوپۆڕەدا پێیان شاد ببین، لانیکەم چەند ساتێکی کەمیش بێ لەگەڵیاندا هێندێک کات بەسەر بەرین. لەوێ ئێمە وەک ئەو شاندە ناتوانینن بەبێ باسکردنی برای خۆشەویستمان (کاک حەیدەر کەریم) کە لە حەفتاکانەوە وەکو پێشمەرگە و نووسەر لە ئەمریکا دەژی و ئێستا یەکێکە لە ئەندامە کاراکانی بەشی کوردی رادیۆی دەنگی ئەمریکا، باسی ئەو وڵاتە بکەین کە شەوو رۆژی خستبووە سەر یەک بۆ ئەوەی هاوکارو یارمەتیدەرمان بێ، چ لەسەردانکردنی شوێنە دیارەکان و سەیرانکردنمان بۆ هێندێ ناوچەی دیاری هەردوو شاری واشنتۆن و ولایەتی ڤێرجینیا، بەتایبەتی کە قەمەرە بچوکەکەی بەشی نەدەکردین خۆزگەی بەوە دەخواست کە ئۆتۆمبێلێکی گەورەتری هەبوایە بیتوانیبایە هەموو شاندەکەی لەگەڵ خۆی بگەڕاندبایە، بۆیە بۆ ئەنجامدانی سەیرانێک پەنای بۆ هاوڕێیەکی گەرمیانی (کاک ئەحمەد جاف) برد کە سەیارەکەی ئەو گەورەتر بوو،لەگەڵمان بێ، ئەو گەشتە جوانە ئەنجام بدەین، بۆ رۆژی دواتریش کاک ئەحمەد جاف خۆی ئێمەی بردە ماڵی جۆرج واشنتۆن کە بەیەک لە شوێنە دیارەکانی ئەو شارە دادەنرێت، گەر ئەو نەبوایە ئێمە بینینی ئەو جێگەمان لەکیس دەچوو. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێم کەخۆم دڵم بەبرادەرێک خۆش بوو لەوێ کە هاوکاریم بکا وەک لە ئێمەیڵ و پەیوەندیکردنماندا باسی دەکرد،

کەچی تەنیا قاوەیەکیشمان پێکەوە نەخواردەوە نەک لەبەر ئەوەی نەمان بینی. بەڵکو تەنیا لەبەر ئەوەی دەرکەوت تەنیا دەزانێ قسەی زل بکات.

دوای ئەویش ناکرێ باس لە هاورێکانی (بەفەلۆ) نەکەم،کە لەشارەکەی خۆیانەوە (کاک نەبەز عەلی) بە سەیارەکەی خۆی زەحمەتی کێشاو هات بەدواماندا، ئێمە (حەسەن یاسین، عەتا قەرەداخی، هەوراز محەمەدو مەسعودی مەلا هەمزە و فەیسەڵ)ی بردە شارەکەی خۆیان، لەوێ چووینە ماڵی کاک شادمان سەعید،چەند رۆژێک بەخۆی براو هاورێی خزمەکانییەوە( ئەردەڵان و عادل زەنگەنەو کاک نەبەز و دینەوە) خزمەتێکی زۆریان کردین کە جێگەی تەقدیرو رێزمان بوو، کە هەموو کاتی خۆیان لەو ماوەیەی لەوی بوین بەخشییە ئێمە،ئێمەیان بردە تاڤگەکانی نیاگارا بە دڵڕفێنترین جێگا بوو کە ئێمە دیبووبێتمان. دواتریش دەبێ باس لە کاک مەهدی سۆرانی بکەین کە لەهاتن و گەڕانەوەماندا گەورەترین یارمەتیدەرمان بوو،لەگەڵ ئەوەی پڕ کار بوو، بەڵام بەردەوام لەرێگەی مۆبایلەکەیەوە ئاگادارمان بوو، بەردەوام لێمانی دەپرسی کەئەوە کاری ئەویش نەبوو.

ئەم سەفەرە بەبێ باسکردنی (کاک قوباد تاڵەبانی) بایەخێکی نابێ کەوەک ئەندامێکی ئەو شاندە لەبەڕێوەبردنی فیستڤالەکەدا هەر لەرێکخستنی هۆڵ و بەخێرهێنانی میوان و گوێگرتن لەئێمەو میوانداریکردنمان و سواربوونی پاس و بردنمان بۆ کتێبخانەی گۆنگریس ناکرێ بڕوات هەروەها ماندووبوون و پەلەپەلکردنی حەمید بەدرخان، کە رێکخەری فێستیڤاڵی بەدرخانە لەوەی کەدەبێ شتێک وەک یادەوەری ئەو چەند رۆژەی ئەمریکا بنوسم هەر ئەمەی لێ هاتە دەست وەلێ دەکرێ شتی جوانترو باشتریش بنوسرێ هیوادارم هاورێکانی تری ئەم سەفەرە خۆشەمان هێندێ لایەنی تری ئەو سەفەرە تەواو بکەن، بەتایبەتی لەسەر ئەو هەموو گەلەرییانەو مۆزەخانانە کە هەریەکێکیان چەند رۆژێکی دەویست تاوەکو بتوانی بەتەواوی پەی بەو هەموو تابلۆیانە ببەیت.

*** بەشداربووی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن**

# شەهید ملازم خولە قارەمانی ڕۆژانی سەخت



شەهید مولازم خولە

ئا: ستار محەمەدئەمین

ئەوانەی بوونە سووتەمەنی شۆڕش و بە ویست و ئیرادەی شۆڕشگێرانەی خۆیان، ڕێگای هات ونەهات و پڕ لە هەڵدێریان هەڵبژارد، بۆئەوەی هەناسەکانی ئازادی نەخنکێن و چی تریش ڕێگا بەو کەسانە نەدەن بە پۆستاڵی ڕەشیان پێ بخەنە سەرچاوی مناڵەکانمان.

ئەوانەی ئەوێ ڕۆژێ خەندەی سەرلێوی مناڵە چاو گەشەکانیان بە سەرلوولەی تفەنگ و نووکی قەڵەمەکانیان ڕێگای هەورازی کوردایەتیان ڕۆشن کردەوە.

شەهید مولازم خولەش یەکێک بوو لەو فەرماندانەی شۆڕشی نوێ، کە سەرەتای ئاوێتە بوونی بە جیهانی بەرەنگاربوونەوە لە ڕێگای ئەو ناوە گەورەیەی پێشمەرگە بووە.

لەسەرەتای هەشتاکاندا دەورێکی باڵای هەبووە لە فراوان کردنی کەرت و تیپەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و هەموو ژیانی بۆ ئەوە بوو کاروانی عەشق وئازادی بگەیێنیتە مەنزڵ و ببێتە چرایەک لە شەوە ئەنگووستەچاوەکاندا دابگیرسێ و ئومێد و تروسکاییەک بێت نیشتمانی پێ رۆشن بکاتەوە.

شەهید مولازم خولە ناوی تەواوی (خولە عەزیز فەرحانە) بە(مولازم خولە)ناسراوە.

لەساڵی ١٩٤٧ لەگوندی گەڕەسۆر لەدایکبووە. لەساڵی١٩٥٣ لەقوتابخانەی گەڕەسۆری سەرەتای نراوەتە بەر خوێندن، پۆلی یە کەم و دووەمی سەرەتایی لەو قوتابخانەیە خوێندووە، دوای ئەوەی قوتابخانە لە گوندەکەیان دادەخرێ پۆلی سێیەم و چوارەم لە شارۆچکەی دیبەگە تەواودەکا

لەپاشان به ناچاری بۆ خوێندن روودەکاتە شاری هەولێرو پۆلی شەشەمی سەرەتایی تەواو دەکا. دوابەدوای ئەوە خوێندنی دواناوەندی لە دواناوەندی ئەربیل ئولا هەر لە شاری هەولێر تەواودەکات.

شەهید مولازم خولە، لەساڵی ١٩٦٤لە ڕێگای یەکیتی قوتابیانی کوردستانەوە تێکەڵ بە ژیانی حیزبایەتی دەبێت و پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەکا.

لەساڵی ١٩٧٠ کاتێک گفتوگۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عێراقی ئەوسەردەم دەست پێدەکا، بەبڕیارێک کۆمەڵێک خوێندکار هەڵدەبژێردرێن بۆ کۆلیژی سەربازی لە بەغدا.

شەهید ملازم خولە یەکێک دەبێ لەو خوێندکارانە، لەساڵی ١٩٧٣ سەرکەوتووانە کۆلیژی سەربازی تەواودەکا و بە مولازمی یەکەم لەسوپای عێراقی دادەمەزرێت.

زۆری پێناچێت گفتوگۆی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حکومەتی عێراقی ئەو سەردەم تێکدەچێت وئەنجامی گفتووگۆکان بێئاکام دەبێت، شۆڕش دەست پێدەکاتەوە،شەهید ملازم خولەش یەکێک دەبێت لەو ئەفسەرانەی بە زووترین کات خۆی دەگەیەنێتە ریزەکانی شۆڕش و وەک فەرماندەیەکی عەسکەری دەبێتە فەرماندەی بەتالیۆنی ٤ی زۆزک و ڕۆڵێکی بالای دەبێ لە سنووری پێشمەرگایەتی ئەم بەتالیۆنە، تا ئەوکاتەی پەیمانی شوومی جەزائیر لەنێوان عێراق و ئێران مۆردەکرێ بۆ لەناوبردنی شۆڕشی کورد، شەهیدمولازم خولە یەکێک دەبێ لەو چوارسەد کەسەی کە لەگەڵ شەهید عەلی عەسکەری ناوی خۆیان نووسیبوو بۆ ئەوەی درێژە بەخەباتی چەکداری بدەن و چەک دانەنێن، ئەوەبوو ماڵ و منداڵەکەی وەک هەزاران خانەوادەی تر دەگەڕێنێتەوە ناو شار و خۆیشی دوای شەش مانگ دەگەڕێتەوەو رەوانەی خوارووی عێراق دەکرێت، لەدواییدا ماڵ و منداڵەکەی دەچنە لای و لەشاری عەمارەی باشووری عێراق جێنیشین دەبن.

پاش ئەوەی لە ساڵی ١٩٧٩ بە بڕیارێکی حکومەتی عێراقی بەشێک لەو کوردانەی کە لەخوارووی عێراق نیشتەجێی کردبوون دەگەڕێنێتەوە کوردستان، شەهید ملازم خولەش یەکێک دەبێ لەوانەی دەگەڕێتەوە ناو شاری هەولێر درێژە بە کاری رێکخستن و خەباتی ژێر زەمینی دەدات، تاوەکو ساڵی ١٩٨٠ لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە داوای لێدەکرێت پەیوەندی بەهێزی پێشمەرگەوە بکات.



له راستەوە شەهید مولازم خولە، سەید مەجیدو سمکۆ دزەیی

شەهید مولازم خولە بێ گوێدانە سەختی خەباتی ئەو سەردەم، پەیوەندی بە ریزەکانی پێشمەرگەوە دەکات و لەبەر ئازایەتی و لێهاتوویی و کارامەیی دەکرێتە فەرماندەی هێزی هەولێر و خۆشناوەتی.

لەگەڵ گۆڕینی سیستەمی دامەزراوەیی هێزی پێشمەرگە لەناو "ی.ن.ک" لە هێزەوە بۆ تیپ، شەهید مولازم خولە دەکرێتە سەرتیپی ٨٣ی هەو رێ، هەر لەو ساڵانەدا سەرپەرشتی چەندین داستان و شەڕی گەورەی وەکو بەستی شەرغە و ڕێگای هەولێر پیرمام و شەڕی کارگەی قیری هەولێر و چەندین داستان و نەبەردی و چالاکی تری کردووە.

پاش ئەوەی دوژمنانی کورد لەسەر سنوورەکانی عێراق-ئێران کەوتنە خۆ بۆ کۆکردنەوەی هێز بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی کوردایەتی و "ی.ن.ک". لەبەر زۆری ئەزموونی عەسکەری و دڵسۆزی و ئازایەتی لەسەر پێشنیازی خودی هەڤاڵ مام جەلال و لەلایەن سەرکردایەتی یەکێتییەوە شەهید ملازم خولە هەڵدەبژێردرێ بۆ سەرکردایەتی کردنی شەڕەکانی بەرەنگاربوونەوەی دوژمن و پاراستنی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، تا لە نەبەردییەکی زۆر قارمانانەو نابەرامبەردا بە سەختی بریندار دەبێ و راستەوخۆ ئیفلیج دەبێ، پاش دوو ساڵ لەبەرسەختی ناوچە ئازاد کراوەکان و شەڕو شۆڕی زۆر چەندین شوێنی بۆ دەگۆڕن تا گفتوگۆی ساڵی ١٩٨٣ی نێوان "ی.ن.ک" و حکومەتی عێراق دەست پێدەکا، ئەوکات شەهید ملازم خولە بۆ چارەسەری تەندروستی رەوانەی ئەوروپا دەکرێ، پاش ئەوەی ماوەیەک لەژێر چاودێری پزیشکانی وڵاتانی ئەڵمانیا و سوید تەندروستی هەروەک خۆی دەمێنیتەوە، بەڵام ئەمە یەک تۆزقاڵ کار لە ورەی پۆلایینی شەهید مولازم خولە ناکا، لەدەرەوەی وڵاتیش چەندین ئەرک و لێپرسراوێتی پێ سپێردراوە و لە خۆبووردووانە و دڵسۆزانە ئەرکەکانی جێبەجێکردووە، هەر لەبەر ئەمەش بووە هەڤاڵ مام جەلال لە یەکێک لە سەردانەکانی بۆ ئەوروپا ئەوکات لە ماڵەکەی خۆی لە وڵاتی سوید چاوی پێدەکەوێت، بەڵام بەداخەوە لە رێکەوتی ١٩٨٩/٧/٥ خۆی و برایەکی تری بەناوی "فوئاد" کە ئەویش پێشمەرگەیەکی قارەمانی "ی.ن.ک" بوو لەگەڵ کوڕە بچووکەکەی بەناوی "ئاری" بە کارەساتێکی دڵتەزێن بە یەکجاری ماڵئاوایی دەکەن، ئەوکات لە ئەوروپاوە لەرێگای ئێرانەوە تەرمەکانیان دەهێنرێتەوە قاسمەڕەش و لەوێ بەئامانەتەوە دەنێژرێت، تا راپەڕینەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١، لە مەراسیمێکی پڕ شکۆدا تەرمەکانیان هێنرایەوە هەولێر و لە گۆڕستانی شەهیدان لە گردی پیرداود نێژران.

هەزراران سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدی فەرماندە مولازم خولە و سەرجەم شەهیدانی رێگای رزگاری کورد و کوردستان.



شەهید مولازم خولە لە کۆنفرانسی کۆمەڵەی رەنجدەرانی کوردستاندا



شەهید مولازم خولە لەنێو پۆلە پێشمەرگەیەکدا



شەهید مولازم خولە لەکاتی هێنانەوەی تەرمەکەی لە سویدەوە بۆ قاسمە رەش

---



باهەبێ
(٤٦)
سەنگەر زراری

## وێنە جیاوازەکانی وێنە

جاران خەڵک وەکو چۆن بۆ ئاهەنگ و بۆنەکان خۆی دەڕازاندەوە و جلی جوانی دەکڕی و لەبەری دەکرد، بەهەمان شێوەش ئەگەر بیویستبا وێنەیەک بگرێ، خۆی دەڕازاندەوە و دەچووە لای وێنەگر، بەرامبەر کامێراکە رەق رادەوەستا و هەناسەی لەبەرخۆی دەبڕی، زۆرجار برادەران بە کۆمەڵ، یان خێزانەکان بەیەکەوە لەسەرکاتێکی دیاریکراو رێکدەکەوتن بۆئەوەی بچن وێنەیەکی جوانی یادگاری بگرن، لە ریگا سەد دوعایان دەکرد تا بەسەلامەتی بگەن و تووشی خۆڵ و تۆز نەبن، یان ئۆتۆمبێلێک بە خێرایی بەلایاندا تێپەڕ نەبێت و چڵکاوی جۆگەکەیان پێدا بکات و ریسەکەیان لێ بکاتەوە خوری. کە دەشگەیشتن سەد دوعای دیکەیان دەکرد وێنەکەیان جوان دەربچێت، لە وێنەکەدا چاویان نەقوچابێ، ملیان خوار نەبووبێ و ریک راوەستابن.

ئەو کاتە وێنەی رەشوسپی دەوری هەبوو، کە وێنەی رەنگاورەنگیش هات، شۆڕشێک بوو هەمووانی دڵخۆش کرد، دنیای گۆڕی، بۆیەش ئەوکات وێنە چێژی خۆی هەبوو. هەموو ژیان لەو چرکەساتە کۆ دەبووەوە، کە وێنەگرەکە دەیگوت حازربن... هەمووان هەناسەیان نەدەما.. تا چرکەی کامێراکەیان گوێ لێ دەبوو.

ئێستا وێنەگرتن بۆتە گەمەی منداڵان، هەر کەسێک دەبینی، ئەگەر کامێرایەکی باشی نەبێت، مۆبایلێکی باشی بەکامێرای پێیە و بە مۆدێل دەیگۆڕێ، بۆئەوەی لە وەخت و ناوەختدا چرکەی لێوە بێنێ و رووی مۆبایلەکە بسووڕێنێ و شاشەکەیت پیشاندات و پێت بڵێ: جوانە.. تۆش بە لاموبالاتەوە لێوی لێ هەڵدێنی دەڵێی نا... دە وێنەی ترت دەگرێ بۆ ئەوەی بە یەکێکیان بڵێی: ئا باشە عەیبی نییە..

ئێستا خەڵکی بۆ گەڕاندنەوەی تاموچێژی وێنە کۆنەکان، دەچنە لای وێنەگرەکان و داوای وێنەی رەش و سپی دەکەن، ئەمە ئەو چێژەیە کە لە وێنە دەکرێت، نەک وێنەی مۆبایل و کامێرای دیجیتاڵ، کە چارەنووست دەخاتە دەستی کۆمپیوتەر یان فلاش میمۆری و سی دی، دەبێ سەد دوعا بکەی. دوعاکەش بۆ ئەوەنا کە وەکو جاران تا دەگەییە دوکانی وێنەگرەکە ئۆتۆمبێل چڵکاوت پێدا نەکات، بەڵکو بۆ ئەوەی ڤایرۆسێکی نەگریس لەناوکۆمپیوتەرەکەت یان لە ناو میمۆرییەکەت نەیخوات، چونکە خەڵکی ئێستا بە دەگمەن تاقەتی چاپکردنی وێنە (شووشتنەوەی وێنە)ی هەیە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی جارجار یەکێک لە ئەژنۆی خۆی بدات و بڵێ سەدان وێنە لە کۆمپیوتەرەکەم رەشبۆتەوە، ئێستا چی بکەم؟!

ئینجا نەک هەر بۆ مرۆڤ، بەڵکو وێنە بۆ ئۆتۆمبێلیش پەیدا بووە، مەبەستم ئەو رادارانەیە، کە لەسەرجادە سەرپێچی ئۆتۆمبێلەکان تۆمار دەکەن، برادەرێک کە رادارەکەشی دەدیت ئۆتۆمبێلەکەی هێدی نەدەکردەوە، دەمگوت: بۆ وادەکەی؟ دەیگوت: با وێنەیەکی ئۆتۆمبێلەکەم بۆ یادگاری بۆ بگرن.

جۆرێکی تری وێنە، وێنەی ناخی مرۆڤە، واتا سۆنەر و ئەشیعە و... دکتۆرێکی ساختەچی پەیدابوو، چەند وێنەیەکی "ریخۆڵە" و "دوازدەگرێ"ی لەلای خۆی دانابوو، لەگەڵ ئامێرێک، هەرنەخۆشێک دەچووە لای،وێنەیەکی لە ئامێرەکەوە دەردەهێنا و دەیگوت ئەمە وێنەی زگی تۆیە، "ریخۆڵە"ت وای لێ هاتووە و "دوازدەگرێ"ت وای لێهاتووە و.. نەخۆشەکەش سەری بادەدا و چاوی دەبڕییە دەستی دکتۆرەکە چارەسەرێکی بۆ بنووسێت. دواتر دەرچوو کە ئەمە وێنەی عامە و بۆ هەموو کەسێک هەر ئەو وێنانەیە پێیان پیشان دەدات، وەکو ئەو ئینشایە عامانەی قوتابیانی پۆلی دوازدە لەبەری دەکەن و بۆ هەموو بابەتێک دەبێ!!

هونەری بەدرخان
Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی هونەریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ
بەسەرپەرشتی: مەسعودی مەلا هەمزە
masoud.press@yahoo.com
ژمارە ٥٤ - ١٤٥، ٢٦/٧/٢٠١٠ی زایینی

**پرسە**
دڵگرانین بە کۆچی دوایی گەورە هونەرمەندی کورد "سەفوەت جەڕاح" کە دوای ١١ ساڵ لە ململانێکردن لەگەڵ نەخۆشی، نیوەڕۆی ٢٠/٦/٢٠١٠ لە نەخۆشخانە کۆچی دوایی کرد. هیوادارین ئەمە دوا کۆستی بنەماڵەکەیان و هونەرمەندان بێت.
دەزگای بەدرخان

# هونەر لە ئەمریکا ... بەشێک لە کەلتوور ، ئامرازێک بۆ بژێوی ژیانی هونەرمەند


هونەرمەندێکی وێنەکێش چاوەڕوانی کارە، نیوجێرسی

**لەو گەشتە ٢٥ رۆژییەی کە بەمەبەستی بەشداریکردن لە حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان و بەشی هونەری و کەلتووری نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجامیاندا، لەوێدا هاوشان لەگەڵ "حەیدەر کەریم، عەتا قەرەداغی، حەسەن یاسین، فەیسەڵ عەلی، هەوراز محەمەد" سەردانی چەندین مۆزەخانەو شوێنی هونەریمان کرد، بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەران و هونەرمەندانی کورد بە پێویستی دەزانم باسی بەشێکیان بکەم.**

**مەسعودی مەلا هەمزە**


پەیکەرێک لەناو جەرگەی شاری نیویۆرک

**وڵاتێک پڕ بایەخ لە هونەر**
هەر لە سەرەتای گەیشتنمان بە نیویۆرک و دواتر چوونمان بۆ واشنتۆن دی سی بوونی ئەو هەموو پەیکەر و تابلۆ ناسک و جوان و قەشەنگانە بووە جێی سەرنجی ئێمە، بە شێوەیەک زۆربەی باڵەخانە بەرزەکانیش بەشێوەیەکی هونەری مامەڵەیان لەتەک کراوەو بەرزی باڵەخانەکە وەکو تابلۆیەکی قەشەنگی شێوەکاری وایە، دواتر دەستمان کرد بە سەردانیکردنی مۆزەخانەکان، لەو پێناوەشدا لە واشنتۆن سەردانی مۆزەخانەی هونەرمان کرد، لەو مۆزەخانە گەورەیەدا کە زۆرجار گروپەکەی خۆمان لەیەکتر ون دەبووین، ئەویش بەهۆی ئەوەی کە مۆزەخانەکە ئەوەندە گەورەبوو، لەوەش گرنگتر واتدەکرد لقێکی تر لە ژوورێک دەبوویەوە کە پڕی بوو لە تابلۆو پەیکەری جوان.

**مۆزەخانەکان چەند بەشێکی جیابوو**
هەر لەگەڵ سەردانیکردنت بۆ هەر مۆزەخانەیەک لەدەستپێکدا نەخشەی مۆزەخانەکەت پێدەدراو لەسەرەتای چوونە ژوورەوەت کەسێک وەک رێنیشاندەر باسی بەشەکانی بۆ دەکردی، ئەوجا ئەو هونەرمەندانەی تەنها لە راگەیاندنەکان گوێمان لە ناویان ببوو لەوێ بە تابلۆ قەشەنگەکان و پەیکەرە ناسکەکانیان شاددەبووین، ئەوە جگە لەوەی بەشی زۆری ئەو تابلۆ و پەیکەرانەی کە لەو مۆزەخانەیەدا بوونیان هەبوو هی سەدەی هەژدەو نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم بوو، کە بە بڕوای من پێویستە هونەرمەندانی کورد هەریەک لەو مۆزەخانانە ببینن.

**چوونە ژوورەوەی مۆزەخانەکان هەندێکیان بە بلیت و زۆربەیان بەخۆڕایی**
هەر لە سەردانیکردنمان بەو مۆزەخانانەدا تووشی دوو جۆر لە سەردانیکردن بووینەوە، یەکەمیان ئەو مۆزەخانانە بوو کە چوونە ژوورەوە تێیدا بەخۆڕایی بوو، کە لەبارەی ئەوەشەوە پرسیارم کرد یەکێک لە برادەرە کوردەکانی ئەوێ پێی راگەیاندم کە ئەو مۆزەخانانەی لە واشنتۆن بەخۆڕایین کاتی خۆی زەوییەکانی هی پیاوێکی دەوڵەمەند بووەو خۆی پێشنیازی کردووە ئەو زەوییانەبکرێتەمۆزەخانە،لەبەرامبەر ئەوەی ئەو وەک خاوەنی زەوییەکان لە هەق و مافەکانی خۆی خۆشبووە داوای لە حکومەت کردووە کە دەبێ چوونە ژوورەوە لەو مۆزەخانانە بە خۆڕایی بێ، بەشی دووەمی مۆزەخانەکانیش ئەوانەن کە لە ویلایەتەکانی دیکە سەردانمان کردن و چوونە ژوورەوە بە بلیت بوو، بەڵام لە هەموو حاڵەتێکدا هەستم دەکرد کە مۆزەخانەکانی واشنتۆن زیاتر لەوەی ویلایەتەکانی دیکە پڕ خزمەتگوزاری و رێک و پێکترە.

**مارکێتەکانی ناو مۆزەخانەکان**
لەسەرجەمی ئەو مۆزەخانانەی سەردانم کردن، بەر لەوەی لە مۆزەخانەکە تەواوبیت و بێیتە دەرەوە تووشی مارکێتێکی قەشەنگ دەبی، کە بەشی زۆری ئەو تابلۆ و پەیکەرانەی لە مۆزەخانەکە دەیبینی بەشێوازی جۆراوجۆر لەبەری گیراوەتەوە، هەر لە شێوازی تابلۆ بە قەبارەی بچووکتر و لەسەر قەڵەم جاف و وەکو دیاری و چەندان جۆری تر، بە شێوەیەک تۆی بینەر ئەستەمە بتوانی لەو مۆزەخانەیە بێیتە دەرەوە بەبێ ئەوەی لەو مارکێتە هەندێ شت بۆ دیاری نەکڕێ، ئەوەش جۆرێکە لە بازرگانی هونەری کە پێموایە بە پارەو داهاتی ئەو مارکێتە دەتوانرێ چەندین کاری خزمەتگوزاری پێشکەش بە مۆزەخانەکە بکرێ.

**موزیک لەسەر شەقام**
لە هەردوو شاری نیویۆرک و واشنتۆن و بە تایبەتی لەناو بازاڕە گەورەکان چەندین میوزیکژەن و گروپی میوزیکیمان بینی،کە خەریکی پێشکەشکردنی بەرهەمەکانی خۆیان بوون، هەمووشیان قووتوویەکی بچووکیان لەبەردەم خۆیان دانابوو، هەرکەسەو بە ئارەزووی خۆی وەکو دیاری بچووک پارەی دەدایە ئەو گروپانە، دیارە ئەو کارکردنەش هەم هونەرمەندەکان دەژیێنێ، هەمیش ئەوە دەسەلمێنێ لەو وڵاتە میوزیک بەشێکە لە ژیانی هەر هاووڵاتیەک و ناکرێ بەبێ میوزیک بژین، جیا لەلای خۆشمان گوێگرتن لەمیوزیک بەشێوەیەکی راستەوخۆ تەنها لەرێگای کۆنسێرتە هونەرییەکانەوە نابێ، کە لەناو هۆڵە گەورەکان ئەنجام بدرێ.

**شێوەکار و کارکردن بۆ بژێوی ژیان**
لەناو بازاڕەکانی هەردوو شاری نیویۆرک و واشنتۆن چەندین هونەرمەندیشێوەکاروو وێنەکێشمان بینی کە لەسەر کورسیەک دانیشتبوون و چەند تابلۆیەکیان هەڵواسیبوو، هەر کە بە بەردەمیدا دەچووی داوای لێدەکردی بە بڕێک پارە وێنەیەکت بکێشی، جا هەیانبوو رێک کۆپی خۆت و هەیانبوو بەشێوەی کاریکاتێر، بەشی زۆری ئەو هونەرمەندانەش چینییەکان بوون، کە ئەو جۆرە کارکردنە بەشێکی یەکجار گرنگە لە ژیانیان و وەکو بژێوی ژیان سەیری دەکەن، ئەو شوێنەی زۆرترین هونەرمەندم لێی بینی ناو شاری نیوجێرسی بوو، بە تایبەتی ئەو شوێنەی بە بەلەم دەچی بۆ سەردانی پەیکەری ئازادی، کە لەو شوێنەدا زیاتر لە ٥٠ هونەرمەندم بینی، بەشێوەیەک گەنج و بە تەمەنیان تیابوو.

**بڵاوکراوە هونەرییەکان**
لە کاتی سەردانیکردنت بۆ هەر کتێبخانە یان سوپەر مارکێتێکی گەورە ئەوا ژمارەیەکی بێ شومار لە گۆڤار و بڵاوکراوەی هونەریت دەدیت، کە بەشێوەیەکی زۆر ئاسان دەتوانی لەرێگای ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانە هەست بە بوون و خاسییەتەکانی هونەری ئەمریکی بکەی بە هەموو رووەکانییەوە، ئەوە جگە لەو گۆڤار و بڵاوکراوانەی کە لە وڵاتانی دیکەی ئەورووپی و دنیا بەزمانی ئینگلیزی دەردەچن و دەگەنە ئەو وڵاتە بۆ ئەوەی خوێنەرانی ئەمریکی پێ ئاشنا بکات.


دوو پەیکەر لە ماڵەکەی جۆرج واشنتۆن

**هونەر وەک بەشێکی گرنگی ژیان**
لەو ئەمریکایە بەهەر شوێنێکدا دەڕۆی هەست دەکەی هونەر بەشێکی یەکجار گرنگە لە ژیانی هەر هاووڵاتییەک، بەوەی لە نمایشەکانی سەر شەقام دەبینی خەڵکێکی زۆر و بێ شومار بەدیار نمایشە هونەرییەکانەوە وەستاون و بە حەماسەوە گوێی لێ دەگرن و دوای تەواوبوونی نمایشەکان وەکو کەلتوورێک پارە دەخەنە ناو سندوقەکان.

**نمایشی جەستەو کۆکردنەوەی پارە**
لە کاتی سەردانیکردنمان بۆ شاری نیوجێرسی لە ویلایەتی نیویۆرک بینیمان چەند کەسێکی رەش پێست خەریکی نمایشی جووڵەو جەستەن، کە نمایشەکانیان یەکجار سەرنجڕاکێش بوو،دوای تەواوکردنی نمایشەکەش بەشێوەیەکی ئەوەندە دڵخۆشانە خەریکی کۆکردنەوەی پارە بوو، کە مرۆڤ هەستدەکا ئەوە وەکو بازرگانی لە هونەرەکەی خۆی دەڕوانێ.

**سینەمای 3D**
هەر لەگەڵ گەیشتنمان بۆ ئەمریکا هەوراز محەمەدی هاوڕێ و هاوگەشت زۆر جەختی لەوە دەکردەوە، کە پێویستە سەردانی سینەما بکەین و شێوازی هۆڵەکان ببینین، زۆر هەوڵیشمان بۆ ئەوە دەدا، تاکو رۆژێک هەریەک لە برادەرانی گروپەکە "حەسەن یاسین، فەیسەڵ عەلی، عەتا قەرەداغی، هەوراز محەمەد" چوونە سینەماو سەیری فیلمێکی ئەرژەنتینیان کرد، بەندە بەهۆی سەرقاڵبوونم بە ئامادەکردنی بابەتەکانی ژمارەی رابردوو نەمتوانی بچم، بەداخەوە نەتواندرا بابەتەکان بەرێ بخەین، بۆ رۆژی


بەردەم هۆڵێکی سینەمای بافەلۆ

دواتر توانیمان کێشەکان چارەسەر بکەین، چونکە گرفتی ئینتەر نێت هەبوو، بەڵام هەر دوای ئەوەی چووینە شاری بافەلۆ زۆر جەختمان لەوە کردەوە کە گرنگە سینەمای 3D ببینین، ئەوەبوو شەوێکیان هاوشان لەگەڵ "ئاروین و دانیار" من و حەسەن یاسین و هەوراز چووین بۆ سەیرکردنی سینەمای 3D بەڵام بەداخەوە پێی رانەگەیشتین، بۆ رۆژی دواتر چووینە سینەمایەک و سەیری فیلمێکمان کرد بە شێوازی 3D کە سەیرمان کرد هۆڵەکە لای خۆمان ئاسا جگە لە ئێمە کە ٥ کەس بووین هەر ٥-٦ کەسی دیکەی تیابوو، کە هاتبوون بۆ سەیرکردنی سینەما، هەر لەوێ گوتم گوناهە بینەری ئەمریکی لە سەیرکردنی فیلم بێزاربن، لەبەرئەوەی هۆڵەکانیان ئەوەندە خۆشە دڵی بینەر رادەگرێ.

**زۆربەی فیلمەکانت بە DVD دەست دەکەوت**
لەگەڵ سەردانیکردنت بۆ هەر سوپەرمارکێتێک سەیر دەکەی زۆربەی فیلمە سینەماییە دیارەکانت بە شێوەی ئۆرجیناڵ دەست دەکەوێ و دەتوانی بۆ خۆت بیکڕی، بەڵام وەک لای خۆمان نا، بەڵکو بەشێوەیەکی زۆر جوان و سەرنجڕاکێش.


تابلۆیەکی شێوەکاری مۆزەخانەی هونەر - واشنتۆن


نمایشێکی جووڵەی جەستە - نیوجێرسی


یادی هەڵەبجە

### بەشێک بۆ ناساندنی هونەرو کەلتووری کوردی بە ئەمریکا

# نەجات عەبدوڵلا: ئامانجی سەرەکی بەشەکەمان، ناساندنی هونەرو کەلتووری کوردییە بە ئەمریکییەکان و گەلانی نیشتەجێی ئەو وڵاتە

**دوای ئەوەی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان بە هاوکاری بەشی هونەر و کەلتوور لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە واشنتۆن حەوتەمین فێستیڤاڵی خۆی سازکرد، لە دیدارێکدا نەجات عەبدوڵلا بەرپرسی ئەو بەشە باسی لە کارەکانیان و ئامانج لە دامەزراندنی ئەو بەشە دەکات...**

## ئا: هونەری بەدرخان


نەجات عەبدوڵلا بەرپرسی بەشی هونەرو کەلتوور لە نوێنەرایەتی

*** ئامانج لە دامەزراندنی بەشی هونەر و کەلتوور لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێم چی بوو؟**

- مەبەست لە دامەزراندنی ئەم بەشە بۆ خزمەتکردن و ناساندنی هونەر و کەلتووری کوردییە بە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو هەموو نەتەوە جیا جیاکانی دانیشتووی ئەو وڵاتە کە ژمارەیان یەکجار زۆرە.

هەر لە سەرەتای دامەزراندنی ئەم بەشەوە هەوڵمان داوە کە زۆرترین و باشترین پەیوەندی لە بواری کەلتووری دروست بکەین لەگەڵ شوێن و بەشەکانی کەلتووری ئەم وڵاتە، بۆ ئاڵوگۆڕو باسکردن لە کەلتووری یەکتری و چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن بۆ ئاشناکردنی بە هاووڵاتیانی کورد و ئەمریکییەکان.

*** بۆ ئەو مەبەستە چالاکییەکانتان لەچی خۆی دەبینێتەوە؟**

- لەوەتەی ئەم بەشەمان کردۆتەوە ئێمە چەندین چالاکیمان هەبووە کە کاریگەری تەواوی هەبووە لەسەر هاووڵاتییە ئەمریکییەکان و جێی دڵخۆشی هەموو کوردەکانیش.

بۆ ئەوەی بتوانرێ ئەم جۆرە چالاکییانە ئەنجام بدرێ لە وڵاتێکی وەکو ئەمریکا، هەر بۆ ئەو مەبەستە بەشی هونەر و کەلتوور بەشداری و هاوکاری چەندین فێستیڤاڵی سینەمایی ئەو وڵاتەی کردووە لە ساڵانی ٢٠٠٨و ٢٠٠٩و ٢٠١٠، کە زۆربەشیان فیلمی کوردیان تێدا نمایشکراوە، وەکو فێستیڤاڵەکانی "مون دانس" پالم "سپرینگ".

*** دەکرێ خوێنەران و هونەرمەندانی کورد بەوە ئاشنا بکەی لەرووی چۆنایەتییەوە چالاکییەکانی ئێوە چی لەخۆ دەگرێ؟**

- ئێمە جۆرەها چالاکی هونەری و کەلتووریمان سازکردووە، لەوانە هاوکاری کردن و بەشداریکردن لە فێستیڤاڵە سینەماییەکانی وەکو "بۆستن" و "کوردیش نیویۆرک فیلم فێستیڤاڵ" و چەندین فێستیڤاڵی دیکەو کردنەوەی چەندین پێشانگای هونەری شێوەکاری، کە لەهەموویان گرنگتر پێشانگای شێوەکاری هونەرمەند "فەلاح شوانی" بوو، کە ماوەی مانگێکی خایاند لە فاوندەری گەلەری لەناو واشنتۆن D.C.

هەروەها هەموو ساڵێک لەیادی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو ئەنفال ئێمە بە نمایشی هونەری و کردنەوەی پێشانگای شێوەکاری ئەو یادە بەرز رادەگرین، لە ٢٠٠٩/٣/١٦ لەناو باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە نیویۆرک ئەو یادەمان کردەوەو پێشانگایەکی شێوەکاریشمان کردەوە کە ماوەی مانگێک بەردەوام بوو. ئەمساڵیش لە ٢٠١٩/٣/١٦ لەنێو مۆزەخانەی نێودەوڵەتی "میوزیەم ئۆف تۆلیرانس" لە لۆس ئەنجلۆس پێشانگایەکی یەک مانگیمان بەبۆنەی هەڵەبجەو ئەنفال کردەوە، کە ئەو مۆزەخانەیە ساڵانە ٢٥٠٠٠٠ خوێندکار سەردانی دەکەن. هەر لەو مەراسیمەدا دان بە تاوانەکە نراو پشتگیری لێکرا.

*** ئەو کارانەی باستان کرد ناساندنی کورد بوو بە ئەمریکا، ئەی بۆ ناساندنی کوردستان بە تاکی ئەمریکی چیتان کردووە؟**



میوانانی هۆلیوود لە مۆزەخانەی سلێمانی

- ئێمە وەکو بەشی هونەر و کەلتوور چەندین شاندمان هێناوەتەوە کوردستان و رەوانەشمان کردوون، لەگرنگترین شاندەکان کە هێناومانەتەوە کوردستان شاندی هۆلیود بوو، کە بۆ یەکەم جار بوو ئەم جۆرە شاندە سەردانی کوردستان بکەن، کە ئەو کارە لە ساڵانی ٢٠٠٧ و ٢٠٠٨ بوو و چەندین کاردانەوەی باشی هەبوو بۆ ناساندنی هونەری سینەمای کوردی و کەلتووری کوردی بەگشتی، کە شاندەکە لە چەندین کەسایەتی ناوداری شەقامەکانی سینەمای ئەمریکا پێکهاتبوو. لەوانە "سێرجی بۆدرۆف، کریستینا جۆنس، جۆرهای کۆمۆرا و چەندین هونەرمەندی دیکە. مەبەستیشمان لە هێنانەوە یان ناردنەوەی ئەم جۆرە هونەرمەندانە زیاتر بۆ دروستکردن و پتەوکردنی پەیوەندی نێوان شەقامەکانی سینەمای ئەمریکی و کوردییە، چونکە وەک هەرێمی کوردستان زۆر پێویستمان بە رێنمایی و ئامۆژگاریی ئەم جۆرە پسپۆڕانەی بواری سینەما هەیە. هەر لەو گەشتەیاندا شاندەکەی هۆلیۆد سەردانی هەریەک لە"هەڵەبجە، پەرلەمانی کوردستان، بەشی سینەمای‌کۆلیژی‌هونەرەجوانەکان، مۆزەخانەی ئەمنەسوورەکە، سەتەلایتی کوردسات، کوردستان تیڤی، بازاڕی سلێمانی، بازاڕی هەولێر، قەلای هەولێر، مۆزەخانەی رستن و چنین لە قەلای هەولێر، مۆزەخانەی سلێمانی، ئەشکەوتی هەزارمێرد، پارێزگای هەولێریان کرد.

هەموو ئەوانە و چەندین چالاکی دیکەی گرنگ، کە وەکو بڕیارمانداوە بەردەوام دەبین لەو جۆرە کارکردنانە.

*** لە ٢٩و٢٠١٠/٦/٣٠ بەشەکەتان بەهاوکاری دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی بەدرخان حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخانی لە واشنتۆن سازکرد، دەکرێ بزانین بۆ؟**

- دوای ئەوەی هێمن کەریم مام رەشی رۆژنامەنووس بە مەبەستی تەواوکردنی تێزی دەرچوونەکەی هاتبووە ئەمریکا لەوێوە باسی لە فێستیڤاڵەکانی بەدرخان کرد، هەر لەوکاتیش موژدەی سەرکەوتنی شەشەمین فێستیڤاڵی بەدرخانی لە یۆنان پێراگەیاندم و پێشنیازی کرد حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە وانشتۆن سازبکرێ، پێشتریش وەک بەشەکەی خۆمان بیرۆکەیەکی وامان هەبووە، ئەوەبوو هەر لەرێگای هێمن مام رەشەوە حەمید بەدرخانم ناسی و ئیتر کارمان بۆ بە ئەنجام گەیاندنی فێستیڤاڵەکە کردو لە کۆتاییدا بە ئەنجام گەیشت.

*** دوای بەڕێوەچوونی رات لەسەر فێستیڤاڵەکە چۆن بوو؟**

- بە بڕوای من ئێمە گەورەترین فێستیڤاڵی کوردیمان لە واشنتۆن بە هاوکاری دەزگای بەدرخان سازکرد، کە چەندین رووناکبیر و رۆشنبیرمان بانگهێشتی ئەم فێستیڤاڵە کردبوو بۆ نموونە مامۆستای گەورە کەمال مەزهەر، ژنە رۆماننووسی گەورەی ئەمریکی "جین ساسۆن" و هتد... لێرەوە بەپێویستی دەزانم سوپاسی برای بەڕێزم هێمن مام رەش بکەم کە بووە هۆی ناسینی من و کاک حەمید بەدرخان، هەروەها سوپاسی بێپایانی حەمید بەدرخان دەکەم کە توانی کارەکان بە ئەنجام بگەیەنێ و زۆر هیلاک بوو بە راپەراندنی کارەکانی فێستیڤاڵ.


میوانانی هۆلیوود لە هەڵەبجە


فێستیڤاڵی فیلم لە بۆستن


حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن


دکتۆر کەمال مەزهەرو قوباد تاڵەبانی لە حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان


میوانانی هۆلیوود لە ئەمنە سوورەکە


کاتێ نەجات و حەمید کاترین پۆتەر لە حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان خەلات دەکەن


میوانانی هۆلیوود لە مۆزەخانەی رستن و چنینی قەڵای هەولێر

# ژیانێک.. پڕاو پڕ لە داهێنان.. لێوانلێو لە دەربەدەری!؟




**د. مەولود ئیبراهیم حەسەن**


**یەکێ بێ گەورەبێ و بەڕەڵلا بێ**
**وەک منی لێ دێ و زەحمەتە چابێ**
**(زیرەک)**

**چونکە کوردبووم هونەر بۆمن هیچ بەهرەیەکی نەبوو**
**(زیرەک)**

**خۆم ئەزانم چۆن دڵخۆشیان بکەم**
**(زیرەک)**

**هەر کەسێکی ئەمن بناسێ دەزانێ هیچ کاتێک دۆستایەتی و پیاوەتیم بە پارە نەگۆڕیوەتەوە**
**(زیرەک)**

**گۆرانی ساڵ**

هونەرمەندی گەورەی کورد مامۆستا "مەزهەری خالقی" لە چاوپێکەوتنێکدا دەفەرمووی: پێکەوە لەگەڵ زیرەک لە رادیۆ کارمان دەکرد "رۆژانە سەدان نامە بۆ زیرەک دەهات" هەروەها خاتوو "میدیا زەندی" خێزانی زیرەک و بێژەری رادیۆ ئەویش دەنووسێ: "رۆژانە دوو هەزار نامە بۆ زیرەک دەهات" ئەم هەموو نامە زۆرە زۆر لێکدانەوە هەڵدەگرێ! بەڵام ئێمە جارێ ئەم ژمارە زۆرەی نامە دەکەینە پێشەکی بۆ ئەم رووداوە مێژووییە "داهێنەرە" کە یەکێ لە نامەکان دواجار چیرۆکێکی "تاڵ و شیرین" مان بۆ دروست دەکات، تاڵییەکە بۆ زیرەک خۆی بوو شیرینییەکەشی بۆ میللەتی کورد و تورک. لەم بەسەرهاتەدا گۆرانییەک دێتە بەرهەم کە زیرەک بە "گۆرانی ساڵ" ناوی دەبات، بەڵام لە راستیدا وەک زۆربەی هەرە زۆری گۆرانییەکانی زیرەک بوو بە گۆرانی "هەموو ساڵەکان" گۆرانییەکەش. چونکە لەگەڵ کچێکی تورک گوتوویەتی و بە کوردی و بە تورکییە، ناوەکەشی بەهەردوو زمان بڵاوبووەتەوە، ناوەکان ئەمانەن "پێبکەنە بابت بیتم" و بە تورکیش "گولدرمانی گولدر".

گوتمان ئەم رووداوە "تاڵ" ییەکەی بۆ زیرەک بوو، با بزانین چی بووە هۆی ئەم تاڵییە!؟ دەنگ خۆشییەکەی زیرەک شتێک نییە بە کەس بشاردرێتەوە گۆرانیبێژە دەنگ خۆشەکان، ژیانیان پڕە لە چیرۆکی سەیر، زیرەکیش یەکێکە لەوانەی، کە ئەم دەنگ خۆشییەی سەدان چیرۆکی بۆ دروستکردووە، بە تایبەت لەگەڵ ئافرەتان!؟ ئێمەی رۆژهەڵاتی بە خۆش خەیاڵی ناسراوین، ئافرەتێکیش بە رادەی دەنگ خۆشییەکەی زیرەک، بە زیرەک سەرسام دەبێت، وەک "ژاڵە"ی هونەرمەند بۆ زیرەک باس دەکات، بۆ دەنگی زیرەک پەیکەرێکی یوسف ئاسا دروست دەکات! دەیان نامە بۆ زیرەک دەنووسێ کە سەردانی بکات، دواجار کە زیرەک دەبینێ "کۆشکی خەیاڵاتی بەسەریەکدا دەرووخێ" و لەبەر خۆیەوە دەڵێ: "خۆزیا هەر لە دوورەوە دەنگتم بیستبایە ئاغای زیرەک" پاش ئەو هەموو نامە ناردن و سووتان و کروزانەوەیە لە نێو نامەکانیدا، لەواقیع ئاوا پێشوازی لە زیرەک دەکات!! ئەمەش یەکەمین ژن و دوا هەمین کەس نەبووە کە بە ئاشکرا و لە روو سەرسامی و بێزاری خۆی لە "ناحەزی رەنگ" و "خۆشی دەنگی" زیرەک دەرنەبرێ و زیرەک رووشکێن و دڵشکێنی نەکات!!

بەڵام، زۆر هونەرمەندان و لێهاتووانە زیرەک ئەم جۆرە رووداوانەی کردووە بەهەوێنی داهێنان و بەردەوام شانەی هەنگوینی دەرداوەو خۆی زۆر جوان باسی ئەم حاڵەتانە دەکات، فەرموو گوێ لە زیرەک بگرە و بزانە چ دڕوگەوهەرێک لە دەمی دەبارێ "من هەرکاتێ دڵم لە شتێ شکابێ و کاری تێکردبێم، ئەوسا داری غەم لەنێو دڵما بەری شیعری و ئاوازی گرتووەو تا ئارەزووم کردبێت چاکترین شیعر و جوانترین ئاوازم بە خۆشترین دەنگ و سەداوە وتووە و تا وتبیشم هەر بۆم هاتووە" بەڵێ !! لای زیرەک داری غەم بەری شیعرو ئاواز دەگرێ!

خوێنەری خۆشەویست.لەبیر نەکەی ئەو هەموو گۆرانییە خۆشەی زیرەک کە دڵی من و تۆو هەزاران و میلۆنان کەس شاد دەکات و بەردەوام شادت دەکات، شادمان دەکات بەرهەمی داری غەمی نێو دڵی زیرەکن!!

تکایە! سەر پێیانە سەیری ئەم دەنگە خۆشە مەکە! جار جارە بیر بکەرەوە، ئەم دەنگە خۆش و ئەفسوناوییە، بەرهەمی چ ژیانێکە؟ خاوەنی ئەم دەنگ چۆن ژیاوە؟ ئەرێ ئەوەندی ئەم گۆرانییانە دڵی ئەم هەموو خەڵکە شاد دەکەن، خاوەنەکەی بۆ خۆی "زیرەک!!" هەتا چەند دڵشاد و دڵخۆش بووە؟ نەخێر زیرەک هیچ وەختێک لەناخەوە دڵشاد و دڵخۆش نەبووە، بەڵکە لەناخەوە هەمیشە ناڵاندوویەتی و گریاوە "دەگریم دەناڵم" گریان لەنێو هەموو گۆرانییەکانیدا ریشەی هەیە، هەتا لە ئاوازە زۆر پڕ زەوق و شەوقەکانیشی، بەدەنگێکی گریاناوی هەڵبەستە گەرمەکانی دەربڕیوە، یەکێک لە هۆیە گرنگەکانی زۆری گوێگرو هەواداری زیرەک ئەوەیە، کە تاکەکانی میللەتی کورد بەهۆی مێژوویێکی پڕ کارەسات، هەموویان لەناخەوە حەز بەگریان دەکەن و بێ ئەوەی خۆیان هەستی پێ بکەن! گریان ویستی لە ناخیاندا چەکەرەی کردووە. وەختێک دەنگێکی پڕ سۆزو گریاناوی وەک دەنگی زیرەک بەم هەموو هونەر و بەم هەموو سۆز و عەشقەوە وەک دەنگێکی چیایی "وەک کەو دەقاسپێنێ" و گوێگر بەلای خۆیدا رادەکێشی، بە خەمەوە شاد دەبن. جگە لەو دەمارە گریاناوییەی دەنگی زیرەک، تەواوی پێکهاتەی دەنگ و هونەری زیرەک بە شیعرو ئاوازەوە پڕ لە پێکهاتەی مێژوویی و جوگرافی و کەلتووری و زەوق و کەسایەتی کورد، دەنگی زیرەک دەنگێکی تەواو کوردییە و لەناخی مێژووەوە دێ و تەواوی جوگرافیای کوردستانی گرتووتەوە وەک ئاوی زوڵاڵی کانییەکانی کوردستان دەڕژێتە نێو ناخی تاکی کورد. دەنگی زیرەک دەنگێکی کوردی و خۆماڵییە و ئاشنایە بەباری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردستان و شارەزاییە بە باری دەروونی تاکەکان، دەنگێکە برین دەکوڵێنێتەوە و برین سارێژ دەکات. هەر بۆیە بەردەوام خەڵکانێک هەن لەگەڵ دەنگی زیرەک دەگریێن و شاد دەبن.

**دڵشکانێک**

لە ساڵی ١٩٥٩ کاتێ کە لە ئێستگەی گۆرانیم دەگووت، زۆرجار نامەم لە خانمکێکی تەبرێزییەوە بۆ دەهات. باسی سووتان و کروزانەوەی ئەویندداری تیا دەنووسی و داوای لێدەکردم کە بچم بۆ لای و سەرێکی لێبدەم و خۆمی نیشان بدەم و قسەی خۆش خۆش نامەکانی دەرازاندەوە. هەڵبەت نامەی ترم بۆ دەهات بەڵام هیچیان وەک نامەی ئەم خانمە نەبوو کە لە هەموو نامەیەک ئەدرەسی تەواوی خۆی تیا دەنووسی و سوێندی دەدام کە بچم و لەماڵەوە سەرێکی لێ بدەم.

رۆژێک وا رێککەوت رێگام کەوتە ئەوشارەی خانمەکەی تیایە.

دوای بەجێگەیاندنی کارم، بەبیرم کەوتەوە کە لەم شارە خانمەێک بەردەوام نامەم بۆ دەنووسێت و داوام لێ دەکات کە سەری لێ بدەم، ئێستاش وا گەیشتوومەتە ئێرەو ئەدرەسەکەشم لایە، ئەی بۆ نەچم سەرێکی لێ نەدەم و نیوەڕۆیەکەشم لای ئەو نەخۆم؟ پشوێک بدەم و بشزانم ئەم خانمە چی لێم دەوێت کارێکی پێم هەیە!

دەستم خستە گیرفانم و ئەدرەسی خانمەکەم دەرهێناو هەندێک سەیرم کرد و لەدواییدا تەکسیەکم راگرت و سواربووم.

بە شوفێرەکەم وت: کاکە بێ زەحمەت ئەم ئەدرەسە دەزانی؟

لەم کاتەدا بەدەستمەوە بوو.. نیشانی کاکی شوفێرم دا، تەماشای کرد وتی بەڵێ پێ دەزانم.

- دەباشە کاکە بمگەیەنە ئەو شوێنە.

- بەسەر چاو.

- ماشێنەکەی وەرسووڕاند و رووی کردە جادەیەک، پاش ماوەیەک رۆیشتن لای دایە جادەیەکی تر، هەندێک رۆیشت و لەبەر دەرگایی ماڵێک رایگرت.. دەستی بۆ خانووەکە درێژ کردو وتی:

- برا ئەمەیە ئەدرەسەکەت.

منیش حەقەکەی خۆیم پێداو دابەزیم. کە سەیری خانووەکەم کرد کۆشکێکی دەوڵەمەندانم هاتە بەرچاو. هەندێک لە دارو دیوارو دەرگاو پەنجەرەکەی ورد بوومەوە و لەدڵی خۆما دەمووت باشە بچم؟ نەچم؟ کەوتبوومە دوو دڵی.. کە بیرم کردەوە تازە تا ئێرە هاتوومە چۆن خۆم ئاشکرا نەکەم و راست بگەڕێمەوە! پاشان غیرەتم هێنایە بەر خۆم و چوومە بەر دەرگاکەو دەستم بردو زەنگم لێدا.. هەندێک گەرامە دواوە، وەک بڵێیت مەترسیم هەبوو لەوەی کە سەربەخۆ بۆلای ئافرەتێکی نەدیتەو نەناس هاتووم، تۆزێک بەلامەوە سەیر بوو و دڵیشم بە توندی لێی دەدا.

دوای ماوەیەکی کورت- ئافرەتێکی جوان دەرگای کردەوە.. کە تەماشای منی کرد وتم ئەمەیە ماڵی فلان خانم؟

وتی: بەڵێ ئێرەیە.. بەڵام تۆ کێی؟

وتم: من حەسەن زیرەکم. هەر ئەم وشەی لێ بیستم یەکسەر رەنگی گۆڕاو کەوتە پەلە پەل و وتی: ئاغای زیرەک توخودا راوەستە تا موژدە بۆ خانم دەبەم و موژدانەی لێ دەستێنم، ئێستا بزانێ تەشریفت هێناوە بۆ ئێرە لە خۆشییان خەنی دەبێ و موژدانەکی زۆر چاکم پێ دەدا!

ئەمەی وت و بەغاردان بۆ ژووری هەڵات، هەر لە رێگا هاواری کرد: خانم خانم.. موژدانەم بەرێ حەسەن زیرەک هات..

تا ئەمەی وت لەدەرگای حەوشە چوومە ژووری.. حەوشەکەی گەورە بوو.. چیمەن و گوڵی رەنگاو رەنگی تیا بوو.. چوار دەورەیشی بەدار سێو و هەرمێ و هەڵووژەو داری تری سێبەری دەورە درابوو هەموو داری رێک و جوان بوون.. دیمەنی حەوشەکەیان رازاندبۆوە.. بەناو حەوشەکەدا بەرەو ژووری دەڕۆی چەند پلیکانەیەک سەر دەکەوێ بەلەکۆنێکە بەسەر حەوشەکەدا دەڕوانێ.. لەم کاتەدا من لەژێر باڵۆنەکە لەنێو حەوشە وەستابووم.

خانم بەغاردان هاتە دەرو وتی: کوا حەسەن زیرەک؟

کە تەماشام کرد چ ببینم.. سووبحانەڵلا "احسن الخالقین" لە دڵی خۆما گوتم:.

خودایا.. ئەم ئافرەتەت چۆن وا بەجوانی و رێک و پێکی و بێ عەیبی دروست کردووە؟؟!! لە جوانی و ناسکی ئەم ئافرەتە بەڕاستی سەرم سوڕمابوو! خانم گەیشتە سەر بەلەکۆن و تەماشاییکی منی کردوو وتی: کوا حەسەن زیرەک؟

وتم: من حەسەن زیرەکم خانم گیان!

خانم کە ئەمەی لەمن بیست وەک بڵێی جامێ ئاوی ساردت بەسەریا کردبێت.. سەری لێ شێوابوو.. شتی وای باوەڕ نەدەکرد کە حەسەن زیرەکی ناودار پیاوێکی ئاوا قەیرەو رەنگ پیاو بێت، بێگومانم لە دڵی خۆی وایزانیوە کە حەسەن زیرەک کوڕە لاوێکی زۆر جوان و ناسکە و جوانییەکەی لە دەنگە خۆشەکەی دڵگیرترە. بەڵام لەخەوە خۆشەکەی داچڵەکی بەجوانی سەیری کردم و هەر لەبەر پێم تا تۆقی سەری روانیم.

لە دوایە لەدەمی دەرچوو وتی:. خۆزیا هەر لە دوورەوە دەنگم بیستبای ئاغای زیرەک!! وای دەزانی گوێم لێ نەبوو.. منیش وەسەر خۆم نەهێنا..

بەڵام ئەم سەیرکردنە گاکرپەو ئەم قسە پڕ بەدڵییە کۆشکی زێڕینی خەیاڵاتیان رووخاندم.. دووبارە ئافرەتەکە لێی پرسیمەوە:. توخودا ئەتۆ حەسەن زیرەکی؟ چەندی کەیف پێ دەهات بمگوتبا نەوەڵلا ئەو نیم، بەڵام راستییەکەم ناگۆڕم، ناچار وتم: بەڵێ خانم گیان من حەسەن زیرەکم!

دەستم بۆ گیرفانم بردو نامەیەکم دەرهێنا، دامە دەستی و وتم: فەرموو ئەمەیش یەکێکە لە نامەکانت کە بۆت ناردووم داوات لێ کردووم کە بەپەلە بێم و سەرتان لێبدەم! ئێستاش وا هاتوومە خزمەتت! خانم جوان سەیری نامەکەی کردو دڵنیا بوو کە دەستنووسی خۆیەتی، نامەکەی لوول داو دایە دەست کارەکەرەکەی کە لەلایەوە وەستابوو بەدەم بەخەندەوە سەیری منی دەکرد. ئەوسا خانم دەستی بۆلام درێژ کردو بە نادڵی وتی:.

دەفەرموو کاک زیرەک وەرە سەرەوە هەندێک دانیشە!

بەڵام هەندە بەساردو سڕی منی وەرگرتەوە کە زۆر دڵم بەخۆمەوە مایەوە. سەیری نامەکانم دەکردو سەیری بێ مەیلی خانمم دەکرد سەرم سوڕ دەما چونکە هیچی بەسەر هیچەوە نەبوو... بەهەر حاڵ چوومە سەرەوە دەستم درێژ کرد تۆقەی لەگەڵ بکەم زۆر بەنادڵی دەستی پێدام.. کە دەستم بۆ کارەکەرە کە درێژکرد تۆقە لەگەڵ ئەویشا بکەم هەند بە گەرمی دەستی درێژ کردو دەستی گوشیم تۆڵەی خانمیشی بۆ کردمەوە.

لەسەر کورسییێک دانیشتم.. خانمیش لەبەرامبەرم دانیشت و وتی: ئاغای زیرەک راستە من نامەم بۆ نووسیووی کە سەرم لێبدەیت و چاوم پێت بکەوێت، مەبەستم ئەوەیە کە ئەم کارەکەرەم دەنگێکی زۆر خۆشی هەیە و تورکە گۆرانی دەڵێت جا گەر پێکەوە بە کوردی و تورکی گۆرانی تۆمار بکەن زۆر خۆش دەردەچێت!

بەم قسەیە دەیویست قسەکەی ترم لێ بشارێتەوە و وابزانم بەڕاستی بۆ ئەوە بەشوێنا ناردووم کە گۆرانی لەگەڵ کارەکەرەکەی تۆمار بکەم:

بەڵام کاکە میرزا تۆ بڵێی ئەم قسەیە راست بێت؟ بەڕاستی من باوەڕ ناکەم! بەڵام ناچار بووم گوێ لەهەر قسەیەکی بگرم کە رێکی دەخات.

تەماشایەکی کارەکەرەکەم کرد، ئەویش سەیری کردم و پێکەنی بەڕاستی ئافرەتێکی جوان و ژیکەڵە و نەشمیلە و ئێسک سووک و خوێن شیرین بوو: خانم رووی کردە کارەکەرەکە و بە تورکی حاڵی کرد کە پێم گووتووە کە هەردووکتان پێکەوە گۆرانی تۆمار بکەن؟

منیش رووم کردە کارەکەرەکە و وتم:.

* ناوت چییە؟

- ناوم "ژاڵە"یە.

* باشە تۆ گۆرانی دەزانی؟

- لە راستیدا من دەنگم خۆشە بەڵام تەنها ئەوەی کە لە گۆرانی بێژەکان گوێم لێبووە فێری بوومە، وەکو ئەوانیش بە دەنگی خۆم زۆر بەخۆشی و بە رێک و پێکی دەتوانم بیڵێمەوە!

منیش شتەکەم بەڕاستی و بە هەندی ورنەگرت بەڵام بۆ ئەوەی هەست بە شکستم نەکەن وتم: باشە بەیانی لە سەعاتی ١٠ی پێش نیوەڕۆ لە تۆمارگای "ئاواز" لە فلانە شەقام چاوەڕوانت دەکەم.

ئەمەم وت و هەڵسامە پێ وتم: بەیارمەتیتان من لە خزمەتتان مەرەخەس دەبم.

ماڵاواییم خواست و دەستم درێژ کردو تۆقەم لەگەڵ کردن، ئەمجارەیان زۆر لەجاری پێشوو گەرم و گوڕتر و رووخۆشتر بوون.

تا لەوێ نەرۆیشتم و نەگەیشتمە سەر جادە هەستم بە دڵشکاوی خۆم نەکرد بەڵام هەر زۆر لە دڵی خۆم دەرهێنا.. چونکە زۆرم لەم جۆرە شتانە دیوەو لێی راهاتووم. یەکسەر سواری تەکسییەک بووم و چوومە بازار.

بەیانی سەعات ٩،٥ نۆ و نیو رووم کردە تۆمارگای "ئاواز"...

خاوەنەکەی دۆستێکی دێرینمە و خۆشەویستمە، کوڕێکی زۆر چاکەو هەر جارێ بۆ ئەم شارە بێم دەبێ سەرێکیش لەم هاورێیەم بدەم.

کە گەیشتمە تۆمارگا.. لە دوورەوە کاک "فەرەیدون" خاوەنی تۆمارگا چاوی بەمن کەوت بەرەو پیرمەوە هات و باوەشی بۆ کردمەوە و یەکترمان ماچ کرد.

بەخێرهاتنێکی گەرمی کردم.. دوای ئەوەی ساردیمان خواردەوە و هێندێ قسەمان کرد.. دەستی دایە "یولیون"ێک هێندێکی بۆ لێدام تا شتێکی بۆ بڵێم..

خەریک بووم گۆرانییەکی بۆ بڵێم.... کە چاوم بە "ژاڵە" کەوت بەرەو تۆمارگا دەهات.

وتم: کاکە فەرەیدون ئەم کچە بۆ لای من دێت.. بە کورتی و بەپەلە بەسەرهاتەکەم بۆ گێڕایەوە وتم ئێستاش وا هاتووە گۆرانیم لەگەڵ تۆمار بکات. هاورێکەم سەری لەمە سووڕما.. کۆتاییمان بەقسە هێنا..

"ژاڵە" خانم هاتە ژووری.. بەڵام ژاڵە خانم چ ژاڵە خانم سەد ماشەڵلا لەپەری دڵ رفێنتر... وا خۆی رازاندبۆوە نەک دڵێک سەد دڵی شەیدا دەکرد.

خانم کە هاتە پێشترێ بۆنی گوڵاوەکەی وەک بۆنی گوڵی بەهەشت ئەم ناوەی داگرتەوەو هەر زوو بەلووتما پڕاو مێشک و دڵی کردمەوە.

لەبەری هەڵسامەوە بەرەو پیریەوە چووین تۆقەمان لەگەڵ کردو دانیشت.. دوای هەندێک قسەی خۆش بەکاک فەرەیدونم گووت:

کاکە دە ئەتۆ دەنگی خانم تاقی بکەرەوە با هەندێک پراوە بکەین.

هەڵبەت تۆمارگای ئاواز بۆ گۆرانی گوتن و مۆسیقا لێدان جێگای تایبەتی هەبوو.

کاک فەرەیدون دەستی دا "بولپون"ەکەو بە ئارامی دەستی لێ ژەند..

بە هەوای "دەشت" پەنجەکانی لەسەر ژێییەکە دەهێناو دەبرد.

سەیرێکی ژاڵەم کرد دیم لە خۆشیا سوور هەڵگەڕاوەو وەک کۆنە گۆرانی بێژێکی شارەزا بە مۆسیقا بۆ مۆسیقاکە سەری رادەهەژاند.

لەپڕ پەردەی شەرمی دڕی و دەستی خستە بنا گوێچکەی و یەک گۆرانی شێوە هەڵسانەو ئاوا لەگەڵ مۆسیقا رۆیشتنەم بینی سەرسام بووم و تا کۆتایی گۆرانییەکەی هیچ دەنگم نەکرد. لەکاتی گۆرانی گوتنی دا من هەر سەیری دەم و جووڵە و بزووتنەوەیم دەکرد.

پاشان چەپڵەمان بۆ لێدا و ئەویش سوپاسی کردین.

هەڵبەت بە تورکی گۆرانییەکەی وت.

ئەمەش چەند دێرێکی گۆرانییەکەیە:

**"گول سەن"**
**"گول سەن.. گولار ئیچند سەن.. گول سەن"**
**"خەختەن نە ئیشنوار سانو ئاغا زیرەک"**
**"بولبولاردن بولبول سەن"**
**"دۆلاندی کەچ چەرخ گەردوون.. ئاغلمە گول سەن"**
**"واتاکەی"**
**گول سەن: دوو مانای هەیە یەکیان واتە تۆ پێبکەنە.. ئەویتر واتە تۆ گوڵی.**
**"تۆ گوڵی.. لەناو گوڵاندا تۆ گوڵی"**
**"کارت نەبێ ئەتۆ بە خەڵکی کاک زیرەک"**
**"لەگەڵ بولبولانیش ئەتۆ بولبولی"**
**"ئەگەر بە پێچەوانە رەورەوەی گەردوون سووڕا"**
**"هیچ بۆی مەگری و پێ بکەنە"**

پاشان هەندێک پراوەمان کرد.. لە ئاوازێک دەگەڕاین تا پێکەوە گۆرانی بڵێین، کاک فەرەیدون چەند ئاوازێکی گۆڕی.. بەڵام هیچم بەدڵ نەبوو..

ئەوان هەر گۆرانییان دەگووت و ئاوازیان تازە دەکردەوە.. منیش لە جیهانێکی تر لە ئاوازێکی دڵرفێن دەگەڕام... تا لەپڕ وتم:

**"گولدر مانی گولدر.. دەردو نادر بلدر"**

کردم بە کوردی:

**"پێ بکەنە با بتبینم.. دەرچێ گیانی شیرینم"**

کاک فەرەیدون کە ئەم چەند وشەی لەسەر ئەم ئاوازە بە کوردی و تورکی لێ بیستم یەکسەر هاتە سەر ئەم ئاوازەم زۆریش جوانی بۆ لێدام.

من بەتەنیا ئەم چەند وشەم دەوت و دەوتەوە بەڵکەم ژاڵە خانمیش بێتە سەر ئەم ئاوازەی من.. لەپڕ ژاڵە بە تورکی لەسەر هەمان ئاوازی من دەستی پێکرد. ئەمان چ دەست پێکردنێک؟ بەڕاستی تورکییەکەی هەر لەخۆی دەهات! منیش بە کوردی وەری گەڕامێ.... بەڕاستی ئەمە لەو سەردەمەدا بۆمن سەرمایەیەکی گەورە بوو..

دەنگێکی وا خۆش و سەرکەوتنێکی وا گەورە و پێشکەوتنێکی وا بەپەلە بوو، کە بۆ کوردو تورکەکان بوو بە "گۆرانی ساڵ" و دوای



زیرەک لە تافی جوانیدا

# ئاگاداری



**هەفتەنامەی بەدرخان، لە ژمارەکانی دادێ، چاوپێکەوتنێکی گرنگ لەبارەی ژیان و مردنی هونەرمەندی گەورەی کوردو جیهانی "حەسەن زیرەک" لەگەڵ "رابە خانم"ی خێزانی ئەو هونەرمەندە بڵاودەکاتەوە.**
**لەو چاوپێکەوتنەدا، رابە خانم دەڵێ: دوای مردنی زیرەک دەستەیەکی ئەمریکی هاتن ویستیان لاشەی زیرەک ببنە ئەمریکا.**
**هەروەها رابە خانم دەڵێ: زیرەک پاش ناشتنی هاتە خەوی من و دایکی و خوشک و براکانی، هەروەها ئیمام "جومعە"ی بۆکان داوای دەکرد گۆڕەکەی بگوێزنەوە بۆ سەر "ناڵە شکێنە".**
**چاوەڕێبن.**

## حەسەن زیرەک

بڵاوبوونەوەشی بووە مایەی ناوبانگ بۆ هەردووکمان.
من و ژاڵە خانم بووین بە ئاشناییەکی زۆر لەیەک نزیک... جارێ لێم پرسی:
ئەرێ توخودا ژاڵە خانم پێم ناڵێیت خانمت بۆچی وا بێ قسەو ساردو بێ مەیل بوو لەگەڵ منا؟ باشە ئەو هەموو نامە ناردنەی لە چی ئەم کەم لوتفییەی لەچی؟
ژاڵە خانم وتی: "لەڕاستیدا ئاغای زیرەک بەپێی ئەم دەنگ و سەدایەت خانم پەیکەرەکی یوسفی کەنعانی لێ دروست کردبووی.
بەڵام کە چاوی بەتۆ کەوت پێچەوانەی خەیاڵی ئەو هاتییە بەر چاوی بە چاو پێکەوتنێک هەموو کۆشکی خەیاڵاتیت بەسەر یەکدا رووخاند، شەو پێی دەگووتم بریا ئەو نامەم بۆ حەسەن زیرەک نەناردبا و نەهاتبا ئێرەو چاوم پێی نەکەوتبا و بۆخۆم هەروەک جاران بەخەیاڵ بژیابام".
منیش کردم بە پێکەنین و وتم: جا باشە لەخۆت نەپرسم ژاڵە خانم توخودا یەکجار وا ناشیرینم کە خانمت ئاوا لێم بڕەوێتەوە؟؟؟
ژاڵە وتی: وەڵڵا زیرەک رەنگ پیاو هەڵکەوتووی. جوانیش بۆ ژن هاتووەو، پیاویش پیاوەتی.
دیم بەم جۆرە هەر دڵم دەداتەوە.
جا کاکە مەبەستم لەم هەموو قسەکردن و بەسەرهات و گێڕانەوەیە ئەمەیە کە من لە ژیانی خۆما لەم جۆرە شتانە راهاتووم... ئینجا بۆ من عاجز مەبەو دڵگیر مەبە چونکە وەک لەمەو پێش گووتم من هەر چەند شتی وام بەسەر هاتبێ لەم بوارەدا ناوبانگێکی تازەم دەرکردووە.

**زیرەک و ئەبوو سەباح:**

من تا ئێستا نەم بیستووە و نەم خوێندووتەوە کە دەزگاکانی راگەیاندن، "رادیۆ" و "رۆژنامە" و "تەلەفزیۆن". کە لەسەردەمی زیرەکدا وا هەبوون، هیچێکیان "کە هیوادارم هەڵەبم و هەبێ" نەلە ئێران و نەلە عێراق چاوپێکەوتنییان لەگەڵدا نەکردووەو راستەو خۆ رای زیرەک لەبارەی هونەرو لەبارەی ژیانی خۆی لەم ریگایانەوە باس نەکراوە، هەر بۆیە دەبێ میللەتی کورد زۆر سوپاسی "میرزا کەریم خۆشناو ئەبوو سەباح" بکات کە زۆر نهێنی ژیانی زیرەک- کە یەکجار نهێنی گرنگن بەهۆی ئەوانەوە تۆمارکراون و چاپکراون و بڵاوبوونەتەوە. میرزا کەریم دووبەرگی لە کتێبی "حەسەن زیرەک و هەندێک لە بەسەر هاتەکانی" بڵاوکردۆتەوە و ئەو کاسێتەش کە بەهۆی سەردانی "ئەبوو سەباح"ەوە تۆمارکراوە و کاتی خۆی دەنگی دایەوەو دواجار بوو بە کاسێتێکی گرنگی مێژوویی بۆ هونەری کوردی و ژیانی زیرەک.
ئەو سەردان و کاسێتەی ئەبوو سەباح لە زۆر رووەو لێکۆڵینەوە هەڵدەگرێ، چونکە زیرەک زۆر بە برینداری "کەمێک" گرێی دڵی خۆی بۆ ئەبوو سەباح کردۆتەوە و بەهۆی ئەهلی هەولێریش روو لە میللەتی کورد دەکات و بەهۆی میللەتی کوردیش روو لە تەواوی مرۆڤایەتی دەکات دەڵێ: "کەس نەبوو بڵێ، زیرەک تۆچکارەی؟؟"
سەیرکە خوێندەواری خۆشەویست، زیرەک تەنیا سەرمایەی هونەرەکەی بووە، جگە لە هونەرەکەی وەک میرزا کەریم دەڵێ "ژیانی تاڵ و گیرفانی بەتاڵ" بەشی زیرەک بوو، کەچی وا رێککەوت، هەر لەودەمەی کە ئەبوو سەباح و برادەران میوانی میرزا کەریم دەبن و زیرەکیش میوانەکانی، میرزا کەریم بە میوانی خۆی دەزانێ، بەهۆی ئەوانەوە لەگەڵ "تاجیری ئاواز" رێکناکەوێ، ئەگەر چی پارەیەکی زۆری دەدەنێ کەچی زیرەک بە میرزا کەریم دەڵێ: "زۆرم پێ خۆشبوو کەلای میوانەکان لێت نەپرسیم و سەبەبی رۆیشتنەوەیان چی بوو، چونکە میوانەکانی تۆ بەم وەزعەیان بزانیایە کە لەسەر ئەوان لەم دوو کابرایە عادز بووم و دەستم لەو پارەو پوولە زۆرەی ئەوان هەڵگرتەوە، ئەوان هەستیان بە شەرمەزاری دەکرد کە ئەوان بوون بەبارو زەحمەت لەسەر من و لەسەر تۆ.. لەبەر ئەمە دەمەوێ چۆن بەخۆشی هاتوون ئاواش بە خۆشی بڕۆنەوە، نەک بە دڵشکاوی هەرکاتی منیان بیر بکەوێتەوە لەسەر ئەم شتە گچکە ویژدانیان نارەحەت بکات" بەڵێ: ویژدانی زیرەک ویژدانی مرۆڤێکی مەزنە دڵخۆشی میوانی دۆستەکەی لاگرنگترە، لەو پوول و پارە زۆرەی کە تاجیرەکانی ئاواز لە بەرامبەر چەند گۆرانییەکییەوە پێی دەدەن، با ئەو پارەیە پارەیەکی زۆریش بێت. ئەم جۆرە هەڵوێستانە لە ژیانی زیرەک، هەڵوێستی بەردەوامی ژیانی زیرەک بووە، بەردەوام رێزی لەوانە گرتووە، کە رێزیان لەخۆی و هونەرەکەی ناوە.
جا کە زیرەک چاوپێکەوتنی تێرو تەسەلی لەگەڵ نەکراوە، ناچار جار جار لەکاتی تۆمارکردنی گۆرانی و لە دانیشتنە سادەو خۆماڵییەکان کەمێک گرێی دڵی خۆی کردووتەوە، ئەوەتا لەبەردەم ئەبوو سەباح و میرزا کەریم، چەند وشەیەک پێش گۆرانی گوتن تۆمار دەکات، سەیرکە چ وشەیەکی دوردانەی خوێناوین، خوێناوی بەخوێنی دڵی زیرەک، ئەو دڵەی پڕ لە عەشقی ژیان بوو، زیرەک دەڵێ: "ئەمن لێرە لە کێوو شاخێکدا چۆن لە هەموو ئێران و عێراق رێگام و جێگام نەبووەوە شوێنێکم نەبوو تیا بژیم، لەبەینی دوو سێ کێودا چایخانەیەکی پرتوکاو ناخۆش و سەر سورهێنەرم هەیە، ئەگەر بێن تەماشا بکەن سەرتان سوور دەمێنێ کە من چۆن لێرە دەژیم.
نەئ پێم خۆشە کاسبی دەکەم، چونکە هونەر لە نێو کورد دا قەدری نەما هونەر بۆمن بەهرەیەکی نەدا، هونەر بۆمن کارێکی نەکرد کەبە شوێنێ دا بچم.. چۆن کوردم و بە زمانی کوردی قسە دەکەم."
بەڵێ: بە کوردی قسەکردن، بە کوردی گۆرانی گوتن، بە کوردی ژیان، کوردیەکی بێ غەل و غەش لە هەموو سەردەمێکدا باجێکی گرانی هەیە. زیرەک ئەگەرچی وەک دکتۆر محەمەد سەدیقی موفتی زادە دەڵێ: "لە هونەر هیچی کەم نەبوو" بەڵام، ژیانی زیرەک هەمووی باج دان بوو، "ساتێک بێ غەم نەبوو!!" دەڵێن: هێلکەی قەقنەس لە نێو ئاگردا دەتروکێ و جوجەڵە دەکات، زیرەکیش گوڵی هونەرەکەی لە نێو ئاگری غەم و میحنەت دا پشکووت.

**میوان پەروەی**

میرزا کەریم خۆشناو دەگێڕێتەوە: لە تشرینی ساڵی ١٩٦٩ مەرزەبانی میری بانگیان کردم و وتیان:
ئێوە خزمتان بەناوی "ئەبوو سەباح" و "جەلال"ەوە هەن؟
وتم: بەڵێ "ئەبو سەباح" کوڕی پوورمەو "جەلال"یش خزممە و دۆستی دێرینیشمە کاکە خۆ هیچ نەبووەو هیچیان لێ نەقەوماوە؟
- کاکە تەنگاو مەبە و هەموویان سەلامەتن.. وان لە مەخفەری فلانی چاوەڕوانی تۆن.. دەتوانی دوو سێ رۆژ لێرە مەرەخسیان بۆ وەرگری و بیانبەیتە لای خۆت!.. منیش ماوەی سێ رۆژ مەرەخەسیم بۆ وەرگرتن و سواری ماشێن بووم و بەپەلە رووم کردە رێگای مەرز... رێگاکە جادەی گشتییەو سنوور و دێهاتەکان سەر سنوور بەشاری "بانە"وە دەبەستێ..
دەبوو بەم رێگایەدا بڕۆیشتباما.
نزیک چایخانەکەی زیرەک کەوتم. هەڵبەت ماشێنەکەمیان دەناسی لە دوورەوە بەدەر کەوتبام دەیانزانی لادەدەم.. زیرەکم دی بەڵام پەلەم بوو دەستم هەڵتەکاند گوایە سڵاوی لێ دەکەم.
زیرەک کە دی خەریکە راست تێ دەپەڕم و لانادەم دەستی هەڵتەکاند و وتی: ئەمە بۆ لانادەی بەم پەلە پەلە بۆ کوێ دەچی؟
ناچار لامداو پاش چاک وچۆنی لە کانیاوە ساردەکەی کانی مەلا ئەحمەد جامێ دۆی ساردی بۆ دەرهێنام و دایە دەستم.. سوپاسم کرد.
* کاکە ئەمە خێرە وا بەپەلەی؟
- کاکە دوو خزمی لەپێشم هاتوون.. زۆریش خۆشەویستن.. وان لە مەرز.. سێ رۆژم مەرەخەسی بۆ وەرگرتوون ئەوا دەچم بۆ شاریان بهێنم.. بۆیە بەپەلەمە. ئەرێ تۆش نایەی پیاسەکی بۆ بکەین زۆرمان پێ ناچێ و زوو دەگەڕێینەوە.
-منیش زۆرم پێخۆش بوو لەگەڵت بێم بەڵام شاگردەکانم هەناردوونەتەوە. بەڵام ئێوە کە گەڕانەوە تۆزێک لادەن و بەخێرهاتنی ئەم خزمانە بکەم و پشوێکیش بدەن!
- زۆر سوپاس کاکە، کە گەڕاینەوە بە خزمەتت دەگەین و شتێکی ساردیش دەخۆینەوە جا چ دۆ بێت چ شتێکی تر بێت.
هەڵبەت ئەم قسەیەم بۆ پێکەنین کرد... ماڵاواییم خواست و بەرێ کەوتم.. کە گەیشتینە مەخفەری مەرزی دیم میوانەکان چاوەڕوانی منن.
منیش بۆلای ئامیر مەخفەرەکە چووم و چاک و خۆشیم لەگەڵ کردو وتم: دەتوانم میوانەکانم لەگەڵ خۆم بەرم؟
ئەمیش وتی: تۆزێک پێش تۆ بروسکەمان پێ گەیشت بۆماوەی سێ رۆژ دەتوانن بمێننەوە.. ئێستاش تۆ دەتوانی لەگەڵ خۆت بیانبەی!
منیش زۆرم سوپاس کردن و هاتمە دەرو لەگەڵ میوانەکانم سوار ماشێنەکە بووین.. بەرەو شار هاتین.
لە رێگا میوانەکان وتیان: دەتوانن حەسەن زیرەک ببینین؟
وتم: بەڵێ.. لەسەر رێگاکەمانە.
باسی وڵاتم لێ دەپرسین و هەواڵی کەس و کارم دەپرسی.. تا دارو بارو شینایییەکەی چایخانەی کانی مەلا ئەحمەد بە دەرکەوتن.. ماشێنەکەم هێواش کردەوە و وتم: دەزانن ئەم شینایییە کوێیە؟
وتیان: خۆ ئێمە یەکەمجارە بۆ ئێرە دێین، ئێمە چوزانین ئێرە کوێیە!؟
وتم: نا ئێرە چایخانەی حەسەن زیرەکە.
هەر ئەمەندەم وت میوانەکانم وا کەوتنە پەلە پەل زۆریان پێخۆش بوو دایان بەزێنم و لە یالەکەی مەلا ئەحمەد بەپێیان غاردەنە خوارێ.. بۆ ئەوەی زووتر بگەنە لای زیرەک.. دەم دەم دەیانوت:
ئەرێ کاکە تۆ بۆ ئەمەندە بە ئارامی لێ دەخوریت دەتۆزێ پێ لە بازنزین بنێ درەنگە!! منیش دەمزانی مەبەستیان ئەمەیە زوو بگەنە زیرەک..
شۆڕ بووینەوە و لامان دایە چایخانەکە.. زیرەک بەرەو پیرماوە هات و راوەستاین. میوانەکانم خۆیان فڕێدا خوارەوە، منیش ماشێنەکەم کوژاندەوە و یەکە یەکە پێشکەش بە زیرەکم کردن: ئەمەیان محێدین "ئەبو سەباح"ە پوورزامە.. ئەمەشیان کاک "جەلال" خزممەو دۆستێکی خۆشەویستە. کاکینە ئەمەش هونەرمەندی گەورە و بەناوبانگ کاک "حەسەن زیرەک"ە. ئەمیش دەستی بۆ درێژکردن کە تۆقەیان لەگەڵ بکات بەڵام ئەبو سەباح حەسەن زیرەکی خستە نێو باوەش و وەری گەڕایێ بە ماچکردن وتی: بەخوا سوێندم خواردووە دەبێ دوازدە ماچی لێ بکەم!
ئەو قسەیەی خۆی گەیاندە سەر بەڵام هی ئەویتریان کەمتر بوو تەنها بە شەش ماچ رازی بوو گەڕایەوە دواوە. منیش هەروا راوەستابووم.
پاشان زیرەک وتی: کاکە ئەتۆ ساڵی دوو خزمی ئەوهات بێن ئەمن دەم و چاوم شۆردنم ناوێت!!
هەموومان دەستمان بە پێکەنین کرد کە سەیری ئەم خزمانەی خۆم کرد دیم لەخۆشی بینینی حەسەن زیرەک و ئاشنا بوونیان لەگەڵیان خەریک بوون باڵیان دەگرت.. لە راستیدا ئەمەندە شاد بوو بوون نەیاندەزانی چۆن هەستی پڕ کامەرانی خۆیان بۆ دەرببڕن.
هەندێک لە خزمەتیا دانیشتین و پاشان رووم تێی کرد و وتم: کاکە هەڵبەت تۆ پێ گوتنت ناوێ کە بۆنان خواردنی شەوێ دێیتەوە بۆ لای ئێمە. لەوێشەوە بەرابیعە خانم دەڵێم، بەمەرجێک ئێستا لەماڵی ئێمە نەبێت!
وتی: کاکە بەسەر چاو، دێمە خزمەت، خۆ پێگوتنی منی نەدەویست خۆم شەو هەر دەهاتمە لای ئەم خزمانە.
هەڵسااینە پێ و ماڵاواییمان خواست و بە ئومێدی دیدار سواری ماشێن بووین و رووومان کردە شار..
میوانەکان ئەمەیان زۆر بەلاوە گران بوو کە زیرەک جێبهێڵن و هێشتاش لە دیداری تێر نەبوون. بەڵام ناچار بوون و دەسەڵاتیان لەمە پتر نەبوو.. چونکە دەبوو بچووباینە دائیرەی مەرزەبانی و میوانەکانمان پێ نیشان بدابان، جا ئەوسا دەیانتوانی بە ئازادی لە شارەکە بمێننەوە.
ئێوارە زیرەک هاتە ماڵەوە هەنارێکی گەورەی بەدەستەوە بوو.
دوای سڵاو چاک و خۆشی کردن.. رووی لە رابە خانم کردو وتی: رابەگیان نەڵێی بە دەستەواڵا هاتووەتە لای میوانەکان، ئەوا یەک هانارم هێناوە شیرینە وەکو قەند.. بەشی هەموومان دەکات و دراوسێکانیش دەتوانن لێی بخۆن!
ئێمەش پێکەنین و رابە خانم وتی: راستە گیانەکەم ئەو هەنارەی کە تۆ بۆ میوانەکانت هێناوە، بەشی کۆڵانی دەستەڕاست و کۆڵانی دەستە چەپیش دەکات بەمەرجێک هەر ماڵەی دەنکێکی لێ بخۆن!!
هەموومان پێکەنین و زیرەکیش وتی: جارێ پێم بڵێن بزانم دۆڵمەتان لێ ناوە یان نا؟
وتم: کاکە هەرچەند ئەمانە مێوانن و خۆشەویستیشن، بەڵام هەر دەبێ لایەنی تۆشی تیابێت.. چونکە جێگایێکی تایبەتیت لە دڵماندا هەیە!
وتی: "زۆرت سوپاس دەکەم، دڵ ئاوێنەی دڵە.. ئا ئێستا چەند کەسانێک لە "تەهران"ەوە بۆ لام هاتوون، سوودی زۆریشی بۆم تیایە و زۆریش چەورن بەڵام من دیداری ئێوەم لەپارەو پوولی ئەوان زۆرم پێ چاکترە. بەتایبەت کە خزمەکانی تۆش بۆ سەردانت هاتوون وا دەزانم بۆ لای من و بۆ سەردانی من هاتوون.. چونکە جیاوازی من و تۆ نییە".
هەڵبەت سوپاسم کرد.. رابە خانمیش بۆ ئەوەی لە گفتوگۆی مەجلیسەکە بەشدار بێت هەڵی دایە و وتی: باوکم منیش ئەگەر نەمزانیبا پیاوێکی وا چاکی چۆن شووم پی دەکردی؟
هەموو پێکەنین و زیرەک وتی: "رابە گیان ئەتۆ بۆ شۆخی ئەم قسەیە دەکەی، بەڵام ئەمن بەڕاستی دەڵێم و خۆشت و هەر کەسێکی ئەمن بناسێ دەزانێ هیچ کاتێک دۆستایەتی و پیاوەتیم بە پارە نەگۆڕیوەتەوە...
پارە ئەمرۆ بووەتە وەسیلەی ژیان ناچارین هەندێک هەوڵی بۆ بدەن تا ئیحتاجی بەردەستی خەڵک نەبین، من ئەوەندەم بەسەو دەوڵەمەندیم ناوێت چونکە من بەم جۆرە لەبەر چاوی خەڵک جوانم، خۆشم ئاوام پێ چاکە و لە ویژدانی خۆم رازیم.
توخودا ئێستا لەگەڵ ئێوەیا دانیشتووین ئەمشەو بەخۆشی رایبوێرین هەموو پارەو پوولی دنیا ناهێنێ؟"
ئێمەش هەموو وتمان: "بەڵێ چۆنی دەفەرمووی وایە. بەڵام خۆزیا هەموو کەسی ئا ئەوها بیروباوەڕی پیاوانەی هەبوایە. تا مرۆڤایەتی و مرۆڤ دۆستی بەسەر بێ نرخی و ناپیاوی زاڵ بوایە و یەکترمان بە پارە نەگۆڕیبوایەوە بۆ پارە یەکترمان نەفرۆشتبایە. ئەم شەو شەوێکی دیار و تاکە لە ژیانمان کە لەم مەجلیسە لەگەڵ جەنابتان دانیشتووین جارێکی تر نایبینینەوە مەگەر بەخەو."
بەیانی زیرەک چووە بازاڕو هەندێ کەل و پەلی چایخانەی کڕی و منیش بۆم گەیاندەوە جێ.
لەرێگا وتی: تۆ بڵێی ئەو میوانانەی لە تەهرانەوە هاتبوون رۆیشتبنەوە؟
وتم: کاکە ئەم میوانانە بەسەردان بۆ لای تۆ هاتوون یا ئیشیان هەیە؟
وتی: کاکە ئەمانە "تاجیری ئاواز"ن
وتم: "تاجیری ئاواز" چییە؟
وتی: "تاجیری ئاواز کاری ئەمەیە کە لە هەر جێگایەک ئاوازێکی تازە یا گۆرانی بێژێک گۆرانییەکی تازەی هەبێت یان گۆرانی بێژێکی تازە بێت، ئەوا لەگەڵی رێک دەکەون و دەیبەنە تەهران.. بەرێگای خۆیان ئاوازەکە یان گۆرانییەکە تۆمار دەکەن و دەیکەنە قەوان زۆری بە کۆمەڵ دەفرۆشن و لەهەمان کاتیشا ئەیخەنە سەر کاسێت و دەیدەنە تۆمارگاکان. سوودێکی گەلەک گەورەی لێ دەبینن و من، زۆرم رێز لێ دەگرن و زۆرم پارە دەدەنێ و هەموو خەرجیشم لەسەر ئەوانە تا دەچم و دێمەوە."
تا گەیشتینە چایخانە بەم قسانەوە خەریک بووین، کە سەیرمان کرد ماشێنی تەهرانییەکان لەوێ راوەستابوو..
وتی: وادیارە نەرۆیشتوونەتەوە.
ئێمە کە گەیشتینە لایان دابەزین و سڵاومان لێ کردن، لەبەرمان هەڵسان. ئێمەش لەبەرانبەریان دانیشتین.
زیرەک بانگی کردە شاگردەکانیش هاتن و کەل و پەلەکانیان بردە ژوورەوە.
پاشان رووی کردە میوانەکان و وتی: کاکە دەبێ بمبوورن مێوانی دوورترمان هاتبوون لەبەر ئەمە نەمتوانی ئەوەی شایستەی بەرێزتانە بەجێی بهێنم.
ئەم قسەیەی بۆ ئەوە کرد کە میوانەکان دڵگیر نەبن. بەڵام ئەوان بەگرژی لەگەڵ زیرەک دوان و وتیان: باشە میوان هات بەخێربێت بەڵام حەق ئەوە نەبوو کە تۆ ئێمە لێرە بهێڵیتەوە. دوێنێ بڕۆیشتبواین ئێستا لە جێگای خۆمان بووین، خۆشت دەزانی هەر رۆژێک ئێمە لە شوێنی خۆمان نەبین زەرەرمان لە قازانجمان پترە.
کە ئەم قسەیان کرد دیم زیرەک سوور هەڵگەڕاوەو زۆریش تووڕە بووە. بەڵام کەمتر بەسەر خۆی هێنا.
منیش کەمێک دانیشتم.. لەپاشان ماڵاواییم خواست و هەڵسام هاتمەوە شار.
کە گەیشتمەوە ماڵێ دڵم نەهات پێیان بڵێم کە زیرەک لەگەڵ تەهرانییەکان پێک دێت و ئێستا لەوانەیە بڕوات یا رۆیشتووە و دوو سێ رۆژیش دەمێنێتەوە. جا ئەگەر وانەبێت تا ئەو دەگەڕێتەوە دەبێ ئەوانیش بڕۆنەوە و... بەم جۆرە لە دیداری زیرەک بێ بەش دەبن.
ناچار لای میوانەکان دەنگم نەکردو وتم: ئەرێ پێتان خۆشە هەندێک لە دەوروبەری شارو سەیرانگاکان بگەڕێین؟ سەیرانگای زۆر خۆشی لێ هەن، وەک سەیرانگای سلێمانی بەگ..
یا دوکانان.. یا بارەوەران.. یا کانی مەلا ئەحمەد.. ئەمانە هەموو جێگای خۆشن نایەن؟
وتیان: باشە با بڕۆین.
سواری ماشێن بووین و ئەم سەیرانگاو ئەو سەیرانگامان کرد. پاشان رووم کردە کانی مەلا ئەحمەد: بۆ ئەوەی رۆیشتنی زیرەک یان لانەبێتە شتێکی کتوپڕی.. چونکە من دڵنیا بووم کە لەگەڵ میوانەکانی رۆیشتووە.
جا حەزم کرد لە زمانی شاگردەکانەوە ببیستن.
هەر دەرۆیشتن و لەم خەیاڵەدا بووم، تا گەیشتینە چایخانەکە.
ماشێنەکەم تانزیک کانییەکە لێ خوڕی. لەوێ هاتینە خوارو رووومان کردە بن سێبەری دارەکان. دەمویست بچینە بن سێبەری ئەو دار بییەی کە جۆگە ئاوەکەی بە بندا دەڕوات و بە چەمەن و گیاشینکەی ناو دارو بار داپۆشراوە گیاو گوڵ بەرز بۆتەوە و.. جێ دانیشتنمان بوو.
من بۆ ئەو شوێنە خۆم هەڵدەکوتی بەڵام لەپڕ رەق راوەستام و تاس بردمیەوە کە دیم مێزێکی گەورەی پان و بەرین بە جوانترین میوە و خۆراکی سوک و بەرداغی سپی و خاوێن و چینی رەنگاو رەنگ و دۆڵکە دۆی سارد رازاوەتەوە و چەند کورسی دەورەدراوە و حەسەن زیرەکیش لەسەر کورسییەک لێی پاڵ داوەتەوە. بەڕاستی لام سەیر بوو و من چاوەڕوانی ئەمەم نەدەکرد.
زیرەک کە چاوی بە ئێمە کەوت هەڵساو ئێمەش گەیشتینە لای، دەست و مست و چاک و خۆشیمان لەگەڵ کردو وتی:
کاکە ئەمن دەمێکە چاوەڕوانیتان دەکەم، ئەمە بۆ ئەوەندە گیر بوون؟ ئەم مێزەم بۆ ئێوە لەم جێگا خۆشە داناوە.
منیش سەیرم کردو پێکەنیم و هیچ قسەم نەکرد.. من وام دەزانی ئێستا ئەو نیوەی رێگاشی بڕیوە، چوزانم لێرە مێزی بۆ ئێمە داناوە و چاوەڕوانیمان دەکات..
میوانەکانم هەڵیان دایەو وتیان: ئێمەی زۆر گەڕاند و جێگای خۆش خۆشی پێ نیشان داین. بەڵام ئێمە لای تۆمان لەم جێگایانە پێ خۆشترە!
هەڵبەت زیرەک خۆیشی دەزانی بۆ درەنگ بۆ لای هاتووین. هەر دەمویست پرسیاری لێ بکەم کە بۆ لەگەڵیان بۆ تەهران نەڕۆیشتووە؟
بەڵام هەر کە من سەیرم دەکرد ئەو رووی خۆی دەکرد بەم لاوە نەئدەهێشت لە بارەی ئەوانەوە هیچی لێ بپرسم. منیش زوو لەمەبەستی گەیشتم و ئیتر هەوڵم نەدا، کە تا کاتێ خۆی دێ هیچی لێ بزانم.
پاشان وتم: ئەرێ زیرەک میوانەکانم حەز دەکەن شتێکیان بۆ تۆمار بکەی دەڵێی چی؟
وتی: بەسەر چاو، بەڵام کاکە زەبتتان پێیە؟
وتم: نەخێر نەمان هانیوە!.. لە دڵی خۆما وتم خۆ ئێمە بەهیوای ئەوە نەبووین کە تۆ لێرە بی.. بۆیە وا دەست بەتاڵی هاتووین!!
وتم: کاکە ئەتۆ شەو وەرە ماڵەوە!
وتی: ئەم شەو بمبوورن بۆم ناکرێ بە دیدارتان شاد ببم. بەڵام ئێوە بەیانی زەبتێک بێنن و لە هەیوانی چایخانەکە دادەنیشین و هەندێک قسەی خۆش دەکەین هەندێکیش گۆرانی تەسجیل دەکەین، بەیانییان ئێرە چۆڵە.
میوانەکان ئەمەیان زۆر پێ خۆش بوو و لەسەر ئەم رایە ماینەوە.
نان و خۆراک و میوەی خۆش خوارد و هەندێک دۆی ساردیشمان بەسەراکرد.. قۆرییەک چایشیان لەبەردەم داناین..
ئەم نیوەڕ و نموونەییەکان بوو و قەتیشم لەیاد ناچێتەوە! ئەی بۆنا؟ خۆراکی وا بەتام و بەلەزەت و پاک و تەمیز کە بەدەستی رابە خانم لینرابێت و لە ژێر سێبەرە سووکەکەی داربی و شنە شنی کزەبای کوێستان و شۆڕە- شۆڕی جۆگە ئاوە ساردەکەی کانی مەلا ئەحمەد و لەگەڵ هونەرمەندێکی بەرزی وەک حەسەن زیرەک دابنیشی چۆن وات بەدڵا ناچێ کە هەرگیزاو هەرگیز لەیادی نەکەیت و وەک خۆشترین و خۆشەویستترین یادگاریش بۆ دۆست و هاوڕێیانتی نەگێڕیتەوە؟؟!! بەڕاستی هەر پاروێک لەم چێشتە هەموو پارەو پوولی تەهرانییەکانی دەهێنا...
بۆ ئەم داوەت و خەرجی کێشانە زۆرمان سوپاسی زیرەک کرد!

ئەڵقەی چوارەم

کەلچەری بەدرخان Bedirxan

بڵاوکراوەیەکی ڕووناکبیریی گشتییە لەگەڵ بەدرخان دەردەچێ

سەرپەرشتیاری کەلچەری بەدرخان:
عەبدولڕەحمان مەعروف: awrahman2002@yahoo.com
بە هاوکاری راوێژکاری رووناکبیریی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان:
د.ئازاد حەمە شەریف
ژمارە ٧٤ - ١٤٥ - ٢٠١٠/٧/٢٦ی زایینی

## بەئەسپایی



ئاوڕەحمان مەعروف

### کامە تای تەرازوو قورسترە!؟

ڕەنگە بپرسن لە نێو لاپەڕەی کەلچەر و لە دووتوێی ئەم گۆشە ئەدەبییە، ئەم بابەتە کۆمەڵایەتییە یانی چی؟ بەڵام ئارامتان بێت تا ئەم ڕووداوە حەقیقییە دەگێڕمەوە: ئەم هەینییە ٧/٢٣ کاتژمێر "٩" خەریک بووم لە بازاڕ هەندێک پێداویستی بکڕم، ژنێک هات بە تەرە فرۆشەکەی گوت: من حسابێکم لەگەڵ تۆ هەیە، منیش لە دڵی خۆم گوتم: لەوانەیە شتێکی لەلای لەبیرکردووە یان شتێکی بەرامبەر کرد بێت یاخود...

بەڵام نەخێر... ئەو ژنە جوانمەردە، ئەو ژنە ڕووسوورو دەستپاک و دەروون پاک و ناگەندەڵە، بەر لە "١٠" ڕۆژ لەو شوێنە تریێ کڕی بوو، دڵنیانەبوو، کە پارەکەی داوە یان نا!؟ ئەو "١٠" ڕۆژە ویژدانی ئاسوودە نەبووەو هەر لەخەم و خەیاڵی ئەوە دابووە، کە ئایا ئەم هەزار دینارەی تەنیا یەک هەزار دینار و پارەی یەک کیلۆتریێ داوەتە ئەم کوڕە یان نا؟!

وادیاربوو تەڕە فرۆشەکە گەردەنی ئازاکردو گوتی: پووریێ هیچ نییە گەردەنت ئازا بێت، بەڵام ئەم ژنە کە نموونەی کەم و دەگمەنە لەم دنیایە پڕ گەندەڵی و ڕاو و ڕووت و جەنجاڵ و ژاوەژاوە، گوتی: نا کوڕم بۆ ئەوەی دڵم ئاو بخواتەوە"٥٠٠" دینارت دەدەمێ با "٥٠٠" لە من و "٥٠٠"یش بەرتۆ بکەوێ.

بڕوانن ئەم ویژدان و دڵەی، ئەم هەموو گەورەیی و جوانییەی لە ناخ و کەسایەتی ئەو ئینسانە جێی بۆتەوە، دەک ڕووی دایکت سوور بێت لە هەردوو دنیا، دەک ئەو باوکەت هەر سەربەرزو هەمیشە لە بەرایی خەڵکەوە بێت، کە کچێکی وەک تۆیان بە دنیا بەخشی. من زۆر بەو ژنە سەرسام بووم، تەنانەت فرمێسک لە چاوانم قەتیس ما، ئەگەر عورف و کلتوور و کۆمەڵگا ڕێی بدابام دەچووم لە باوەشم دەگرت یان خۆم دەخستە باوەشی.

ئەو دەمەش یەکسەر بیرم بۆ گەندەڵکارو ئەم هەموو پیسی و ناشیرنی و کارە نابەجێ و نادروستەی بازێک کاربەدەست و دەسەڵاتدارو بازرگان و خەڵکانی نا بەرپرس چوو، کە بە هەزاران و ملیۆنان دینارو دۆلاری ئەم میللەتە بە هەدەر دەدەن، کەچی ئەم ژنە "١٠" ڕۆژ نائارام و دوودڵ و نائاسوودەیە فەقەت لەبەر یەک هەزار دینار.

جا بەدڵنیاییەوە دەڵێم: جوانی و مانەوەی ژیان و خەندەی سەر لێوی منداڵان و بەردەوامی ئەم دنیایە لەسەر دەست و پەروەردە و ئەخلاقی ئەم کەسانەوە درێژەی هەیە و دەڕواتەرێوە، لە بەرامبەریشدا گەندەڵی و پیسی و دزی و خیانەت و کاری نابەجێی کەسانێکیش ئەم هەموو گەرماو تەقینەوە تیرۆرو نائارامییەی جیهانیان لە ئەستۆدایە.

بەڵێ گەندەڵکاران ڕێژەیان زۆر زیاترە لە کەسانی وەک ئەم ژنە جوان و مەزن و سەرفیرازە، بەڵام بێگومان هەرتای تەرازوو و باڵی ئەو ژنە قورس و سەنگینترە، لەگەندەڵکارو دەروون پیس و ناشیرین و چاوچنۆکان و... قوربان یەک بە سەدە بگرە بە هەزارە!!

# مایکڵ چایت: بەهۆی کوردانی تورکیا فێرە کوردی بووم

**مایکڵ چایت یەکێکە لەوکەسانەی، کە تەمەنێکە خەریکی زمانی کوردناسییە، یەکێکە لەو مرۆڤانەی، کە بەردەوام بە ئەدەب و زمانی کوردییەوە سەرسامەو هەمیشە شتی نوێی چاوەڕواننەکراوی لێ بەدی دەکرێت. چەندین ساڵ خەریکی دانانی فەرهەنگێکی گەورەی"کرمانجی - ئینگلیزی"بووەو دکتۆرانامەکەشی لەسەر"مەم و زین"ە.**

**لەم دیدارە تایبەتییەدا، کە لە ڕۆژی ٢٠١٠/٧/١٣ لەناو کتێبخانەی"کۆنگرێس"دا ئەم دیدارە سازدرا.**

**لەو دیدارەدا هەردوو بەڕێزان د. ئازاد حەمەشەریف، ڕاوێژکاری رووناکبیری دەزگای بەدرخان و د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی، ڕاوێژکاری کەلتووری دەزگای بەدرخان ئامادە بوون.**

**دیداری: حەمید بەدرخان - واشنتۆن**

*** مایکڵ چایت کێیە؟**

- کوردناس و خوێنەری کتێب و فۆلکلۆرناسم. لە مانگی هەشتی ساڵی ١٩٥٧ لە هەرێمی ئۆهایۆ لەدایکبوومە.لەوێش گەورەبووم. کە تەمەنم شەش ساڵ بوو لە خوێندنگەی ئاسایی بێزاربووم و دایک و باوکم ناردمیان بۆ خوێندنگایەکی تایبەتی، کە لەوێ لە تەمەنی ٦ ساڵان دەستمکرد بەفێربوونی زمانی عیبری. ئەوە دووەمین زمانمە. کە گەیشتمە قۆناغی ئامادەیی فێری زمانی لاتینی بووم. وادەرکەوت کە بۆ من زۆر ئاسان بوو، هەر لەو ساڵەدا لەماڵەکەمان بینیم کتێبی ئەڵمانی و فەڕەنسی و ئیسپانیش هەبوو. خۆم فێری ئەو زمانانەش کرد. ساڵێکی دوای ئەوە چووینە ئیسرائیل بۆماوەی ٧ مانگ، بەرلەوەی بچینە ئیسرائیل باوکم پێیگوتم وادیارە حەزت لەفێربوونی زمانەکانە، دەچینە ئیسرائیل لەوێ جگە لە عیبری زمانێکی دیکەش هەیە، کە عەرەبییە. لەبەرئەوەی ئەو دوو زمانە زۆر لەیەکتر نزیکن و یەکێکیان دەزانی ڕەنگە کە چووینە ئیسرائیل، ئەگەر بتەوێ فێری عەرەبیش بی.

*** کەی و چۆن فێری زمانی کوردی بووی؟**

- دوای ئەوەی فێری زمانی عەرەبی بووم، زۆر سەرنجم دایە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. عەرەبی و تۆزێک تورکی و فارسیم دەزانی. زۆر حەزیشم لە هەڵپەڕکێی گەلەرییە. بۆ نموونە هەڵپەڕکێی بولغاری و مەکدۆنی و ڕۆمانی و یۆنانی و ئەلبانی و تورکی. کە تەمەنم ١٨ ساڵ بوو بیرمە دەمخوێندەوە وەسفێک لە هەڵپەڕکێیەک هەبوو لە ڕۆژهەڵاتی تورکیاو نووسرابوو ئەو هەڵپەڕکێیە هی گەلی کوردە. ئەوکات زۆر گەنج بووم یەکەمجار بوو زانیم لە تورکیا جگە لە تورکەکان گەلێکی دیکە لەوێ دەژین. چاوەکانم کراونەتەوە، ئینجا تێگەیشتم ئەو هەڵپەڕکێیانە کە زۆرم حەزم لێیانە هی کوردەکانە. ئینجا مۆسیقاو هەڵپەڕکێکە زۆر خۆش بوو. ئینجا ویستم زمانەکەشیان فێربووم.

*** کەوابێ و ئەگەر لە ڕێگای کوردەکانی تورکیاوە کوردت ناسیبێ. ئەوە بەشێوەزاری بادینی قسەت کردووە. ئێستا بە سۆرانی قسە دەکەی، چۆن فێری شێوەزاری سۆرانی بووی؟**

- لە ڕاستیدا هەر لە دەسپێکەوە بۆ زمانەکانی دیکە، ئەگەر بمویستایە فێری زمانێک بم دەچوومە کتێبخانەیەک و کتێبێکم دەکڕی. بەڵام بۆ زمانی کوردی شتێکی وا نەبوو. ئینجا لە کتێبخانەکەی زانکۆکەمان کتێبێک هەبوو هی بەدرخان و ڕۆژێر لێسکۆ بەزمانی فەڕەنسی بوو لەسەر زمانی کوردی. ئەوە سەرچاوەیەکی باش بوو خوێندمەوە. دوای ئەوە کتێبی جەمال عەبدوڵڵا هەبوو لەسەر زاراوەی سۆرانی، یانی هەر لە دەستپێکەوە هەم کرمانجی و هەم سۆرانی هەن. بەڵام هێشتان نەمدەزانی چەند لەیەکتر نزیکن یان دوورن. هەر کەس دەیگوت هەریەک لە کورد بە زاراوەیەک دەدوێ هیچ کەس لە یەکتر تێناگا. من نەمدەزانی و باوەڕم نەکرد دەمویست خۆم ببینم و تێی بگەم نەک بەگوێرەی قسەکانی کەسانی دیکە بڕۆم.

*** تۆ فەرهەنگێکت داناوە، ئەو فەرهەنگە کوردی ئینگلیزییە، یان ئینگلیزی کوردییە. ئەو فەرهەنگە چۆن و لەسەر چ بنەمایەک ئامادەت کرد؟**

- فەرهەنگەکەم کرمانجی ئینگلیزییە. ١٦ ساڵ لەسەر ئەو فەرهەنگە ئیشم کرد. لە دەستپێکەوە ڕێگایەک بوو بۆ ئەوەی خۆم فێری کوردی بم. بۆ نموونە ئەگەر وشەیەک هەبووایە نەمزانیبا هەموو ڕستەکەم دەنووسی. ئینجا لە فەرهەنگەکانی دیکە بۆی دەگەڕام. ئەگەر دۆزیبوومایەوە باش بوو، ئەگەرنا بەردەوام دەمخوێندەوە تا نموونەیەکی دیکەم بۆ وشەکە دەدۆزییەوە. ئینجا وردە وردە توانیم لەنێوان زاراوەکانی باکوور بۆ نموونە لە ئەرمەنستانەوە و لە فارسەوە بگرە تا سوریا تۆزێک جیاوازی هەیە. بەڵام لەیەکتر تێدەگەن. زازا زاراوەیەکی دیکەیە، کە ئەویش دەزانم. هەورامی و زازاکی لەیەکتر نزیکن بەڵام هەریەکەیان جیاوازن و کرمانجی و سۆرانیش دەزانم.

*** دەڵێن تۆ ٤٠ زمان دەزانی، ڕاستە؟**

- دەتوانم بڵێم زانیاریم هەیە لەسەر ٤٠ زمان. ناتوانم بڵێم هەموویان بە باشی دەزانم، تەقریبەن ١٢ زمان بە تەواوی دەزانم.

*** دانانی فەرهەنگەکەت لە خۆشەویستیت بۆ میللەتی کورد بوو یان شتێکی دیکەی لەدواوە بوو؟**

- لە دەستپێکدا بۆ خۆم بوو، دوایی کە بینیم هەندێ کەس و هەندێ دەوڵەت ئینکاری بوونی ئەو زمانەیان دەکرد، من گوتم فەرهەنگەکەم بریتییە لە زیاتر لە ٨٠٠ لاپەڕە. با ببینن و بزانین چۆن دەتوانن نکۆڵی لە کتێبێکی وا بکەن. یانی ئەمە کتێبێکی فیکشن نییە.



کاتێ بەڕێزەوە ئینسکلۆپیدیای هەولێر دەچێتە کتێبخانەی کۆنگریسی ئەمریکی

*** بە بڕوای تۆ میللەتی کورد شایەنی ئەوەیە دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێ؟**

-ئەوە پرسیارێکی زۆر سیاسییە، من سیاسەتمەدار نیم. بەڵام وەک مرۆڤێک پێموایە کوردەکان نە زیاتر، نە کەمترن لە خەڵکەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

*** کورد بە وەفا بوون لە بەرامبەر ئەو هەوڵەت کە فەرهەنگێکی کوردی-ئینگلیزیت چاپکردووە؟**

- بەڵێ، بەڵام من ئەو کتێبەم بۆ ئەوە چاپنەکرد خۆشحاڵ بن. بێگومان خۆشحاڵن. بەڵام من ئامانجەکەم ئەوە نەبوو خۆشحاڵیان بکەم. ئامانجەکەم ئەوەبوو کە شتێکی نوێ پێشکەشی دنیا بکەم.زانیارییەکی نوێ کە تا ئەوکات نەبوو.

*** جگە لەو فەرهەنگە کوردی-ئینگلیزییەت هیچ فەرهەنگێکی دیکەت دەرکردووە؟**

- تا ئێستا نا، بەڵام کتێبی دیکەش هەن کە هێشتا تەواونەکردوون.

*** وەکو ئاگادارین ٢٨ ڤێرژنی "مەم و زین"ت لەلایە، ئەوەیان چۆنە؟**

- زۆر ڕۆمانی "مەم و زین" هەیە، لە تێزەکەم ١٩ دانە هەیە، بەڵام ئەوە ساڵی ١٩٩١ بوو. ئێستا چەند دانەیەکی دیکەم لایە. بەڵام ئەوانەی تەسدیق کراون زۆر زۆرن.

*** دکتۆراکەت لەسەر "مەم و زین" بوو؟**

- بەڵێ..

*** بۆچی "مەم و زین"؟**



مایکڵ چایت

- ساڵی ١٩٨٧-١٩٨٨ چوومە تورکیا بۆ ئەوەی زانیاری لەسەر تێزەکەم بنووسم. بەڵام ئەو وەختە بابەتێکی دیکە هەبوو کە دەمویست لەسەری بنووسم. ئەویش زاراوەکانی زمانی تورکی بوو. چووم لە ئەرزەڕۆم دانیشتم و ٧ مانگ لەوێ مامەوە. بەڵام دەوڵەتی تورک نەیهێشت بچمە ئەو جێگایانەی دەبووایە سەریان لێبدەم بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکەم بکەم. ئینجا لەدوای ئەوەی بێزار بووم و گوتم ئەگەر پێیانوایە من ئەوەندە خەتەرناکم پیشانیان دەدەم چەند بێ کێشەم. بۆیە وازم لەو بابەتە هێنا. بابەتێکی دیکە کە زۆر نزیک بوو لەوە ئەویش مەم و زین بوو. ئەوەبوو بڕیارمدا یەکەمین جار زۆر ڕۆمانی "مەم و زین" وەربگێڕمە سەر زمانی ئینگلیزی. ئینجا ١٩ ڕۆمانم کۆکردەوەو کردمن بە ئیگنلیزی و لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریم لەنێوان ڕۆمانەکان کرد.

*** بەنیازنیت تێزی دکتۆراکەت بڵاوبکەیتەوە؟**

- هەر لە دەستپێکەوە نیازێکم هەبوو ببێتە کتێب. بەڵام بەداخەوە ئەو ڕۆژانە کەس قەبوڵی نەدەکرد شتێکی وا چاپ بکات. ئەمڕۆ ئەگەر هەوڵبدەم زۆر ئاسانتر دەبێ. بەڵام کاتم نییە، بەر لەوەی چاپ بکرێ دەبێ پێداچوونەوەیەکی نوێی بۆ بکەم، ئەمەش کاتی دەوێ و کاتیشم نییە.

*** پردی رووناکبیری لەنێوان گەلان چۆن دەبینی؟**

- شتێکی زۆر پیرۆز و گرنگە.

*** دوا پرۆژەت چییە؟**

- جگە لەو کتێبە ١٢ وتارم هەیە لەسەر کوردەکان و زمانەوانیو شتی وا. بەڵام ئێستا خەریکم کتێبێک تەواو بکەم بۆ فێربوونی کرمانجی. ئینجا کتێبێکی دیکەشم هەیە بۆ فێربوونی سۆرانی، بەڵام زۆری ماوەو هێشتا کەموکوڕی هەیە.







ئەوە هێلکاری نووسینی زیاتر لە ٣٤ زمانە کە مایکل چایت قسەی پێدەکات

# یەکەم هەست ... چێژی یەکەم دەقی بڵاوکراوە جیاوازە

**چنار نامق**

گەلێک جار ئەستەمە مرۆڤ بتوانێت گوزارشت لە هەستەکانی بکات بەرامبەر بە شتێک یان مەسەلەیەک، هەست شتێکە بەرجەستە نییە، پتر هەڵقوڵاوی ناخە، کەمتر لە روخسارو پتر لە جیهانی ناوەوەی مرۆڤدا رەنگ دەداتەوە و بەرەوتێڕامانی دەبات.

مرۆڤی ئاگا ئەو هەستانە لە کارەکانیدا رەنگ دەداتەوە، نووسەر زۆر جار ئەو هەستە بە رستەیەک یان پاراگرافێک یان قەسیدەیەک یاخود بە کارێکی داهێنەرانە گوزارشت لێدەکات، ئەمەش رێژەییە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێت، رەنگە شتێک من بهەژێنێت بەلای کەسانی دیکەوە زۆر ئاسایی بێت، رەنگە مرۆڤ لە ساتەکانی خۆشیدا بگریەت لەبری پێکەنین و بە پێچەوانەشەوە.

ئەو تەوەرەی کە قسەی لەبارەوە دەکەین هەستکرنە بە یەکەم بڵاوکردنەوە، گومان لەوەدا نییە


چنار نامیق

نۆبەرە هەمیشە هەستێکی جیاواز دەداتە خاوەنەکەی، جووتیارێک لەناو مەزراکەیدا کاتێک نۆبەرەی یەکێک لە بەرهەمەکانی دەبینێت و لێی دەکاتەوە و دەیخوات جۆرە هەستێکی لەلا دروست دەبێت، کە ئارامی دەروونی پێدەبەخشێت، بۆ نووسەریش ئەو هەستە گرنگتر و جیاوازترە، ئەوە دەبێتە بەرهەمی سەرەتای ئاشنابوون بە نووسین و هاتنەبەری ئەو ئاشنابوونە ،لەئاکامدا دەبێتە فاکتەرێکی هاندەر بۆ قوڵبوونەوەو رۆچوونە نێو دنیای نووسین و بەرهەمهێنان.

کەم رێکدەکەوێت یەکەم دەقی بڵاوکراوە هەمان یەکەم دەق بێت، کە دەینووسین، بەڵام چێژی یەکەم دەقی بڵاوکراوە جیاوازە ، دەکرێت ئەو هەستە بە شادی و تێڕامان ناوبەرین.

شادییە چونکە پەیامێکی ویستراوت هەیە و گەیاندووتە بە وەرگر، ئەو پەیامە نۆبەرەی زادەی هزری تۆیە، تێرامانیشە ، بەو مانایەی چۆن پلان بۆ هەنگاوەکانی داهاتووت دابڕێژی، بەوەی لە داهاتوودا چۆن ئەو پەیامە فراوانتر و کامڵترو ئافرێنەرتر دەکەیت و چۆن بتوانی دەقی باشتر بخولقێنیت، ئەمەیان زۆر گرنگەو کەمەنکێشی دنیای تێفکرینت دەکات.

من یەکەم دەقم لە رۆژنامەی هاوکاری بڵاوکردەوە بەناوی (نیشتمانم). لەو دەقەدا غوربەتی دووری نیشتمانێکی داگیرکراوم لێدەچۆڕا، چەند جوان بوو ئەو دەمە ئەندێشەی خۆم لەبارەی نیشتمانە دابەشکراوەکەم دەخستەڕوو، دڵی خۆمم بە کێڵگەیەک و ئەویشم بە بارانی بەهاران دەشوبهاند، لەسەردەمی قەدەغەکاندا وشەی سەربەستیم دەنووسییەوە، ئەودەم گەیاندنی پەیامەکەم هەستێکی دڵخۆشکەر بوو بۆم، دەمویست ئەو چرایەی بۆ عیشقی نیشتمانەکەمم هەڵکردووە تا ئەبەد نەکوژێتەوە، ئەودەم سەربەستی بۆ من وەک ئاو وابوو بۆ تینوویەک.

ئەو هەستانە بەئێستەشەوە یادەوەری جوانن ، نووسەران سەرەتا بۆیان گرنگە چەند بڵاودەکەنەوە، من ئێستا لام گرنگ نییە چەند دەنووسم ، ئەوەی بۆم گرنگە ئەوەیە چی دەنووسم و چۆن و بۆ کێ دەنووسم.

---

# لە هەگبەی مام سام



**ئا: د. ئیسماعیل قەرەداغی**

**زانکۆی جۆرجتاون- واشنتۆن دی سی**

مام سام وشەی لە USA باوە بەمانای ئۆنکل سام Uncle sam واتا، مام سام هێماو سمبۆلی ئەمریکا، بە ناسنامەی ئەمریکا دەناسرێ. هەگبەی بە دەستەوەیە، گشت کەلتوور و کەلەپووری ئەمریکای تێدا هەیە. ڤێجا دوو هەفتە بەر لە ئێستا، سەردانی زانکۆی جۆرجتاونی واشنتۆنم کرد و لە پەرتووکخانەی زانکۆکە، لە هەگبەی ئۆنکل سام پەرتووکی چیرۆکی ئەمریکایی رەسەنم هەڵبژارد بۆ خوێندنەوە بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێک. تێیدا بوو، یەک چیرۆکی زۆر سەرنج راکێشی تێدابوو: ئەمەش وەکو خۆی لە خوارەوە بیخوێنەوە.

تایناڵ: چیرۆکی پەیدابوونی دۆستایەتی نێو خواەندەکان و مرۆڤ بە گوێرەی خەڵکی رەسەنی ئەمریکا، کە بە هیندییە سوورەکان دەناسرێن.

دانەر: کۆنە، نەناسراوە: پڵنگی گەورە.

چاپ: ساڵانە بە چاپ دەگات.

ناوەرۆک: پوختەی ناوەرۆک درێژە.

رۆژێ، پڵنگێکی گەورە ویستی پیاوەتی بکات.

منداڵێکی بێباوکی هەڵگرتەوە. بە خێوی کرد. فێری قسەکردن و پاک و خاوێنی و راو و مەلەو نووسین و هەموو شتێکی کرد. ئەم کوڕە دەیگووت: باوکە بەراستی ئەتوو منت دروست کرد، چونکە پێش تۆ من هیچ نەبووم. من نەفکرم هەبوو نە توانام هەبوو.

ئایا چۆن دەتوانم سوپاست بکەم؟!

قەت ناتوانم قەرزی تۆ بدەمەوە.

رۆژێکیان، پڵنگی گەورە چوو بۆ دارستان بۆ ڕاو، بۆ ئەوەی خۆراک، بهێنێ بۆ مرۆڤە بچووکە، چونکە پڵنگی گەورە ئەم منداڵەی ناو نابوو "مرۆڤ". بەڵام لەهەمان کاتدا ، ئەم منداڵە کەناوی مرۆڤ بوو، ویستی تەعەدا بکات لە شەرەف و ناموسی هاوسەری پڵنگی گەورە.

ژنەکە بە مرۆڤ-ی گووت:

"مرۆڤ، عەیب ناکەی؟ ئەمن خێزانی ئەم پڵینگەم کە تۆی درووستکرد. بۆچی وا دەکەی؟"

مرۆڤ زۆر گریا و داوای لێکرد ئەم ژنە هیچ بۆ هاوسەرەکەی خۆی باس نەکات.

کە پڵنگی گەورە گەڕایەوە، ژنەکەی پێی گووت: بەخێر هاتییەوە! پاش نانخواردن دوو قسەم هەیە! مرۆڤ لە گۆشت خواردن، کەم تەرخەمی نەکرد.

پاش ئەوەی تێرو پڕیان گۆشت خوارد، ژنەکە گووتی ئەی پڵنگی گەورە، وابزانم کاتی ئەوە هاتووە هاوسەرێک بدۆزیتەوە بۆ "مرۆڤ" ئەو ئینسانە کە خۆت دروستت کرد، چونکە نابێ بەتەنێ بمێنێ.

پڵنگی گەورە بە ئەرکی خۆی هەستاو ژنێکی جوان و رێکوپێکی هەڵبژارد بۆ مرۆڤ. چەک و شمشێری و چەرخی ئاگری دایە دەست مرۆڤ.

گووتی: ئێستا لەمەودوا، تۆ دەبی بە نان هێنەری خۆت. چەک و ئاگر و مەنجەڵ و هەموو کەرەستەکانی پێویست لەلای ئێوەیە، واتا خۆت و ژنەکەت. خانووی ئێوەم زۆر نزیک دروستکردووە بۆ ئەوەی ئاگامان لێتان ببێ.

مرۆڤ و ژنەکەی زۆر خۆشحاڵ بوون و سوپاسی پڵنگی گەورەیان کرد. چوونە ماڵی خۆیان.

رۆژێکیان پڵنگی گەورە چوو بوو بۆ راو.

ژنەکەشی سەردانی مەملەکەتی خۆی کرد.

پڵنگی گەورە و ژنەکەی بە مرۆڤ و ژنەکەیان گوت:

"ئێمە دەڕۆین. ناچارین پڵنگی بچووکیشمان بۆ ماوەیەکی کەم لەلای ئێوە بەجێ بێڵین.

ئاگاتان لێی بێ، ئەم پڵنگە منداڵە. ئاگاتان لێ بێ: گوورگ نەیخوات، پیاوی خراپ نەیکوژێ، نەخۆش نەکەوێ. ئێمە تاکو ئێستا هیچمان لە ئێوە داوا نەکردووە. تەنها ئاگاتان لە منداڵەکەمان بێ. کە ئێمە لەم سەفەرە دەگەڕێینەوە، پاداشتی زۆر گەورەتان دەکەین.

مرۆڤ و ژنەکە گووتیان: بەسەرچاو! ئێوە گەورەی ئێمەن! ئێوە خواوەندی ئێمەن! ئێوە مرۆڤتان درووستکرد و ژنی مرۆڤتان دروستکرد، لەبەر ئەوە، پێویستە لە قسەی ئێوە دەرنەچین، چونکە مرۆڤ دەبێ خودای خۆی بپەرستێ بەبێ درۆ و بەبێ غەش!" پڵنگی گەورە و ژنەکەی بە دڵنیاییەوە چوونە دەرەوە، هەر یەکێکیان بۆ ئیش و کاری خۆیان چوونە دەرەوە.

لەهەمان کاتدا، مرۆڤ و ژنەکەی دەستیان کرد بە بۆڵە بۆڵ و گازاندە.

ژنی مرۆڤ گووتی: ئۆف ئۆف! من کاتم نییە ئاگام لە منداڵی خۆم بێ، ئێستاش دەبێ ئاگام لە منداڵی پڵنگ ئەفەندی بێ!

برسیمە! ئۆف!

"مرۆڤ" گووتی: بەهۆی ئەم پڵنگە بچووکەوە، ئێستا ناتوانم ئیش بکەم و ناتوانم بچمە سەر ئیش و کارەکانی خۆم! وای کە برسیمە! تێنوومە!

پڵنگی بچووک زۆر بێگوناه و پاک و بێگەرد بوو. سەیری مرۆڤ و ژنەکەی دەکرد بە چاوی خۆشەویستی. ڤیجا ژنەکە گووتی:

"سەیری بکە! چەند قەڵەوو جوانە! بۆچی گۆشتی نەخۆین و پێستی نەکەین بە لێفەی خۆمان؟"

"مرۆڤ" گووتی قاە قاە! ئێستا پێستی لێ دەکەمەوە بەو شمشێرە، کە پڵنگی گەورە دای بە من! تۆش گۆشتەکەی ئامادە بکە بە ئاگری ئەو چەرخە چاخماخە کە بە خۆی کردی بە دیاری بۆ تۆ! با پێمان فێر نەبن! هەر جارێک ئیشیان بە ئێمە هەبوو منداڵێکیان دەخوێن!

پاش ماوەیەکی کورت، پڵنگی گەورە و ژنەکەی گەڕانەوە. دیتیان مرۆڤ و ژنەکەی تاوانبارن، چونکە نەیانتوانی ئامانەت بپارێزن.

پڵنگی گەورە دانیشت لەسەر عەرشی خۆی و گووتی:

"ئەی مرۆڤی بێ ئەقڵ!

تۆ قوڕی کوڕی قوڕی!

تۆم کرد بە پیاو، بەڵام هەر ژیانی تاوان و قوڕ بەسەریت لا خۆشترە!

خۆت و ژنەکەت بڕۆنە دەر!

شایانی رەحمەت نین! لەبەر ئەوەی رەحمتان بە کوڕەکەم نەکرد، کە ئەوەش بەڕاستی زاتی منەو خودی خۆمە، وێنەی منە وشە و وتەی منە، رێزتان لێ نەگرت، بۆیە رێزتان لەمن نەگرت! بڕۆنە دەر! تا ژیانتان مابێ جارێکی دیکە بەچاوی خۆتان ئەم بەهەشتە نابینن! مرۆڤ زۆر گریا و گووتی: خەتای من نەبوو، خەتای ئەو ژنەیە کە تۆ بۆ منت هێنا!

ژنی مرۆڤ گووتی ئەتۆ باوکێکی زاڵمی! بۆچی ئێمەت دروستکرد و بۆچی نازو نیعمەتمان پیشان دەدەی، بەڵام بێ بەشمان دەکەیت؟!

پڵنگی گەورە گووتی: ئێوە دەبێ لە ناو ئاگردا بسوتێن، وەکو ئەوەی دڵی من سووتا بەوەی کە کوڕی منتان سووتاند، ئێوەش دەبێ لەناو ئاگردا بسووتێن! ئەمە چارەنووسی ئێوەیە!

بەڵام لەپاشان پڵنگی گەورە گریا! گووتی ئەمانە بە تەنیا لە دارستان ناتوانن بژین.

بۆیە، جار و بار پڵنگی گەورە یارمەتی دەنێرێ بۆ مرۆڤ و ژنەکەی، بەبێ ئەوەی خۆی ئاشکرا بکات. مرۆڤ و ژنەکەی هەست دەکەن دەستی شاراوەی پڵنگی گەورە لە هەموو شتە باشەکاندا هەیە.

زۆر جاریش مرۆڤ و ژنەکەی دەگریێن و شیوەن دەکەن چۆن ئەوەندە بێ ئەقڵ بوون کوڕی پڵنگی گەورە بکوژن و بیخۆن! کە پڵنگی گەورە گووتی لە شیوەن و گریان و پەشیمانی "مرۆڤ و ژنەکەی" دەبێ، دەگاتە ئەو بڕیاری کەوا رۆژێ لە رۆژان لەدوا رۆژێکی زۆر دوور و پاش ئێستا، سەر لەنوێ دەبێتە دۆست لەگەڵ مرءڤ و ژنەکەی.

ئەمەش کۆتایی ئەم ئاڵقەی هەگبەی ئۆنکڵ مام سام لە ئەمریکا USA بۆ ئەم جارەمان!

**بەشی یەکەم**


مام سام

---

## نۆڤلێت... (٣٣)و کۆتایی



# خەرەندەکانی سنوور

**کاروان عەبدوڵڵا**

ئەگەرچی چەند دەرگایەکی نێو زیندانەکەم بە گومانەوە دەبڕی و لەچەند شوێنێکیشدا دڵنیایان دەکردمەوە، کە ئیدی دوای کەمێکی دیکە خۆم لەدەرەوەی زیندان دەبینمەوە، کەچی هێشتا ترس بە دامێنی جەستەمەوە مابوو، جاروبار دەگەیشتە بینەقاقام، تەواو رەشبینی دەکردم، من لەو دەمانەدا کەسێکی پەلکێشکراو بووم، لەوژوور دەیانبردمە ئەو ژوور، ئەو کەسانەی رووبەڕوویان دەبوومەوە، بە ئارەزووی خۆیان، سەروسیمای حەزو ناحەزی رەنگاوڕەنگییان نیشان دەدام، هەبوو بزەیەکی بۆ دەکردم، هەشبوو، بەنیگایەک دنیای لەبەرچاوم تاریک و رەش دەکرد. من کە بەڕاڕەوەکەی بەردەمی ژوورەکاندا رەتدەبووم، هەستم دەکرد بەنێو خەرەندێکی قووڵ و عاسێدا تێدەپەڕم، خەرەندێک کە لە هەردوو لاوە خەڵکانێکی چەهرە ترش و چاومۆن رێزیان بەستبێ. منی نامۆ، بێدەسەڵات، بەنێو ئەو حەشاماتەدا هەنگاوم هەڵدەهێنا، لەوە تۆقیبووم نەوەک لەپشتڕا کەسێک بە ئیهانەکردنەوە پێم بڵێ: (بێزەحمەت لەکوێ هاتووی، بۆ ئەوێ بگەڕێوە!) چەند جارێک بەراست و رەوان گوێم لەناوی خۆم بوو، کە لە دەمی کەسێکەوە دەمبیست، ئەو کەسە وجودی نەبوو لەنێوانماندا، من هەر ئەوەندەم دەزانی کە دەبوایە لە هەنگاوهەڵێناندا بەردەوام بم. لەو ئانوساتەدا نەمدەتوانی بیر لە هیچ شتێک بکەمەوە، تەنیا ئەوە نەبێ، لەنیگای هەموو ئەوانەی دەکەوتنە بەرامبەرم، رەبۆت ئاسا بیبیلەی چاویان دەجوڵاندەوە، کە بەتەنیشتیانەوە تێدەپەڕیم، بە عاستەم پەنجەی خواحافیزیان بۆ بەرزدەکردمەوەو بەهێواشیش لێویان لێکدەترازاند، وشەیەک لە دەمیانەوە دەردەچوو، بەڵام لێیان تێنەدەگەیشتم، کە گەیشتمە ئاخرین دەرگا بەرزەکەی زیندان، لەوێ وەستاندمیان، یەکێ لە پۆلیسەکان بەهێمنی قۆڵی گرتم و بردمییە ژوورێک. ئەو کەسەی لە بنەبانی ژوورەکە دانیشتبوو جل و بەرگێکی مەدەنی لەبەردابوو، خێرا بۆم هەڵسایەوە و بەخێرهاتنی کردم، دەستی بۆم درێژکردو ئەو فایلەی کە بە دەستمەوە بوو، لێمی وەرگرت و خستییە سەر مێزەکە. بزەیەک روخساری داگرت و داوای لێکردم لەسەر کورسییەک دابنیشم. کابرا هەر بەپێوە سەیرێکی فایلەکەمی کرد، دواجار بەکەمێک گومانەوە دیقەتی دامێ و وەک بەدوای وشەیەکدا بگەڕێ، چەند جارێک فایلەکەی هەڵگێڕو وەرگێڕ کرد. شەپۆلێ لە گومان و ترس جارێکی دیکە هێرشی بۆم هێنایەوە، هەستم دەکرد هەموو گیانم دەرزی ئاژن دەکا، ئەو کورسییەی لە سەری دانیشتبووم تا دەهات تەسکترو تەسکتر دەبۆوە، کابرا هەستی بە نارەحەتی و نیگەرانی من کرد. لەپشت مێزەکە سوڕایەوە و لێم نزیک کەوتەوە. منیش وەک ئەوەی کەسێک هەڵمسێنێتەوە، هەستامە سەرپێ، ئەو دەستێکی خستەسەر شانم و بەهێمنی پێمی وت:

- هیوادارم لێرە نەتبینینەوە!

ویستم بڵێم ((یەعنی ئازادم؟)) کەچی قسەکەی خۆم گۆڕی و بەدوودڵییەوە وتم:

- سوپاس... زۆر مەمنون!

کابرا بانگی پۆلیسێکی کرد و پێیڕاگەیاند، کە دەرگا گەورەکەی زیندان بکەنەوە، بەر لەوەی دوا هەنگاوەکانم رووەو دەرگاکە هەڵێنم، کابرای مەدەنی جارێکی دیکە بانگی کردمەوە ژووری و ئەو پارەیەی کە لەکاتی خۆیدا، واتە بەر لە ساڵ و نیوێک لەکاتی گرتنمدا لێیان وەرگرتبووم، پێمی دایەوە و کاغەزێکیشی لەبەر دەمم داناو داوای لێکردم ئیمزایەکی لەسەربکەم. ئەو کاتەی دەستم دایە قەڵەمەکەی سەر مێزی کابرا، گوێم لە دەنگی کرانەوەی دەرگا ئاسنینەکەی زیندان بوو، توانیم پشت دەرگا مەزنەکەی زیندان ببینم، هەڵمەتی بەگوڕی شەپۆڵەکانی باو لاربوونەوەی قەد و بالای دارەکانی ئەوبەر جادەکەی بەرامبەر زیندان کەوتنە بەرچاوم، شنەبایەک هەر لە زمانی دڵدانەوەی کەسێک دەچوو، کە زویرکرابێ، بەسەر جەستەمدا تێپەڕی، خێرا ئیمزایەکەم کردو لەژوورەکە هاتمە دەرەوە. لەبەر دەرگا گەورەکە مۆرێکیان لەدەستی چەپم داو پێیان وتم:

- ئاگاداری ئەم مۆرە بە.. رەش نەبێتەوە، تا لەسنووری ئێمە دەردەچیت!

دوای چەند چرکەیەک خۆم لەپشتی دیواری ئاسنینی زیندان بینییەوە، سەیرێکی خۆمم کرد، لەوە دەچوو ئەوکات باوەڕم کردبێ، کە من لە دەرەوەی زیندانم...

***

ئەوکاتەی ئێمەیان لە ئۆتۆمبێلە سەربازییەکە هێنایەخوارێ، جارێکی دیکە توندتر و قایمتر چاویان بەستینەوە... من نەمدەزانی لەکوێم و ئەو شوێنەی ئۆتۆمبێلەکەی لێ وەستابوو کوێی ئەو وڵاتەبوو... ویستم دەنگ هەڵبڕم و ناوی خێزانەکەم بهێنم، بۆ ئەوەی ئەگەر لەگەڵماندا بێ، بزانێ منیش لێیەوە نزیکم، کەچی خێرا کەسێک پڕی دایە دەستم و بەدوای خۆیدا بردم، هەستم دەکرد بەشوێنێکدا دەڕۆم، هەر لە دۆڵێکی داخراو، یا خەرەندێکی ترسناک دەچێ، من بەناو تاریکستاندا دەڕۆیشتم، وەختێک گوێم لە دەنگێک بوو، ئەو کەسەی دەستمی گرتبوو، وەڵامی دەنگەکەی دایەوە، هێندەی نەبرد، وەستێنرام، وەستانێکی پڕ لەنیگەرانی و حەپەسان بوو، هەستم کرد هەر لەو شوێنەی وەستابووم، دەرگایەکی ئاسن کرایەوە. دواتر دەستێک ئەو پەڕۆیەی سەرچاومی لابرد، سەرەتا هیچ شتێکم نەبینی، کەسێک دووجار شانمی راتەکاند و شتێکی گوت، هیچی لێ تێنەگەیشتم، بەڵام دەمزانی مەبەستی ئەوە بوو بچمە ئەو ژوورەی کە لەبەرامبەریدا وەستابووم، ژوورەکە هەر لە ئەشکەوتێکی نارێک دەچوو، لە نێوەراستیدا قەرەوێڵەیەکی کۆنی لێدانرابوو، کە چوارچێوەکەی ژەنگاوی و سەرین و بەتانییەکەی سەری پڕ پەڵە خوێن بوو، لە سەرەوەی سەقفی ژوورەکە تەنیا کونێکی بچووکی هەبوو، من لەو دیمەنە پیس و وەحشتناکەی ئەو زیندانە تاکە کەسییە رادەمام، لەناکاو گرمەیەک هاتو دەرگاکەیان لەسەر داخستم و لەنێو تاریکیدا نقوم بووم!

## فەرهەنگی ناوو نازناوو ناتۆرە



عەبدولوەهاب شێخانی

١- فات رەشی لاچینی
تحفه -١- ل١٠
٢- زلەخا چوختیش.
تحفه -١- ل١١٠
٣- دابیە سۆر.
٤- یای نازێ مەنگوری.
ئاواز- ل١٦٩.
دوو ناوی بچووککراوەیان دوو ناوی قرتاو بەیەکەوە بۆ کوڕو باوک
١- حەمە عەبۆ.
٢- قالەی عەوڵڵا مەرگەیی.
مێژوو-٢- ل١٢١.
٣- تۆفەی قالە
٤- حەمە جافری گولپی.
رامان-ژ- ٤٥- ل١٥٨.
ناوی بچووککردنەوە+ ۆک
ناوی بچووک کردنەوە لە کوردەواریدا زۆرجار ناو بچووک دەکرێتەوە ئامرازی "ۆک"ی بۆ زیاد دەکرێت یا بۆ خۆشەویستی ئەگەر هاتوو منداڵ بوو، ئەگەر بەتەمەن گەورەش بوو بۆ سووکایەتی پێکردنە.
١- بۆ سووکایەتی پێکردن.
١- سالحۆکە جوو ئەمیندار بوو.
مێژوو-٢- ل١١.
٢- برایمۆکی چاپچی.
مێژوو-٢- ل١١١.
٣- سالحۆکی بابە زۆرەی، برایمۆک.
مێژوو -٢- ل١١٧.
٤-مامزۆک، خالیدۆک، قادرۆک، کەریمۆک، وایشۆک، ئاغۆک.
٢- ناوی بچووککردنەوە بۆ خۆشەویستی و ژیکەڵەیی منداڵان وەکو ئەمانەی خوارەوە:
١- بابۆک، ٢- مامۆک، ٣- بەگۆک ٤- لاوۆک
٣- ۆکە:
عەیشۆکە، خەجۆکە، جەبارۆکە.
٣- لۆک دەبێتە ئامرازی بچووککردنەوە : تەهالۆک.
٤- ناوی بچووککردنەوە بە ئامرازی "ۆل، لێ" بۆ خۆشەویستی:
ناسکۆڵ، ئاسکۆڵ، فاتمۆلێ، "رابیلێ، فاتیلێ".
٥- کە: ئامرازی بچووککردنەوەیە بۆ خۆشەویستی فاتەکە، عەلەکە، نازەکە.
دوو ناوی بچوککراوەیە لەگەڵ یەکدا ناوی خۆی و ناوی دایکی، کە ناوی دایکی دەبێتە نازناو بۆی
١- حەمەی ئامە.
٢- ئەحەی عاسە.
ئەحمەد محەمەد حوسێن کە ناسراوە بە "ئەحەی عاسە" سێ سەد ل١١٣.
خوولە پیزە: واتە مەحموود بووە نوی بەناوی دایکی بانگ کراوە، پیرۆز بووە بوویتە پیزە لە حکومەتی ساڵی "٥٠" عاسی بوو لە ناوچەی سلێمانی، ماوەیەک مایەوە، لە دواییدا بە خیانەت کوشتیان ئێستا بە ئیدیۆم بە یەکێک دەڵێن کە عاسێ بێ پێی دەڵێن لێمان بوویتە "خوولە پیزە".
دوو ناوی کرتاو هی کوڕە و باوکی
١- ئەودال ئۆمەر. ئاواز ل٤٣.
٢- ئەحە خولەی سنەیی ... ئاواز ل ١٦٨.
٣- عەزەی مینە... ئاواز ل ١٦٨.
٤- کاکە حەمەی سەعە... ئاڵاواز ل ١٦٨.
تەحریف کردن:
تەحریف کردن: گۆڕینی کەرتێک لە ناو: دوای ئەوەی کە ناو کورت دەکرێتەوە لە ئەسڵی ناوەکە کەرتێک دەمێنێتەوە ئەویش تەحریف دەکرێت، "واتە پیتێک دەگۆڕێت یان زیاد دەکرێت، کە لە ناوە کرتاوەکەیان دا ئەو پیتە یان ئەو چەند پیتە نییە.
١- مەحموود: کە کورت دەکرێتەوە دەبێتە "حووده" هەروەها دەبێتە "خولە" کە زۆر پیتی لەناوە ئەسڵییە نییە.
٢ سلێمان: سامە. ٢- سوولە. ٣- سالۆ.
٤- سپۆ.
ئیبراهیم: بلە، ئیبۆ، ئیباو.
٤- گوڵەباغ: گولولوک، گووروک.
٥- محەمەد: محە "مەم، مەمۆ، مەمەد، مەمەند".
٦- مستەفا: مستۆ، مچە، مستیل، مچۆل.
٧- عەزیز: عەزە، عەزۆ.
- عومەر، عومێ، مەحمەر، مامەر.
٨- قادر، قادۆ، قالە.
- حەمەدەشین: حەمشین.
٩- جەعفەر: جەحە، جەرگۆ، جافر، جاجێ.
١٠- حەمەدەمین: حەکۆ.
١١- جومعە: جووکە، جووکل.
١٢- مەجید:مەجۆل، مەجکۆ.
تاهیر: تەیرۆ.
١٤- ئیسماعیل: سمکۆ، عیلە، سمە، سمۆ.
١٥- فواد: فنۆ.
١٦- عەلائەدین: حەلاو
ناو قرتاندن لە ناوی جوگرافیدا
ناو قرتاندن و بچووککردنەوە بووەتە ناوی جوگرافی هەر بە قرتاوی یان بچووککراوەیی ناوی شارو گوندو گەڕەک و... هتد ناو لێنراوە.
١- عەبدوڵلا گوجیلان: عالڵا، گوندێکە لە کەندیناوە.
٢- قەڵاو دوزێ: قەڵادزێ.
٣- مەلا کاک ئاغا: مەلاکاغە، ناوی گوندێکە.
٤- زوورگە ئاباد: روورگەبات.
٥- عەزە: گوندێکە لە دەشتی هەولێر.
٦- شاقول ئاباد: شەقلاوە.
نازناو بۆتە ناوی جوگرافی
زۆر نازناو بۆتە ناوی جوگرافی دوو نازناویش بەیەکەوە بۆتە ناوی جوگرافی.
١- مەلا قەرە: ناوی گوندێکە لە دەشتی هەولێر.
٢- مەلا کاغە: ناوی گوندێکە.
٣- شێخ رەش.
نازناوی ئایینی+ ناوی قرتاو لە ناوی جوگرافی
نازناوی ئایینی وەکو "شێخ، مەلا، پیر" لەگەڵ ناوی قرتاودا بووەتە ناوی جوگرافی:
١- پیرمام: ناوی شارۆچکەیەکە.
٢- مەلا سەفی: ناوی گوندە.
٣- شێخ شەروان: ناوی گوندە.
٤- شێخ مەسور: ناوی گوندە.
٥- شێخ وەسان: ناوی گوندە.
ناوی کوردی: ناوی کوردی جۆری زۆرەو لە زۆر لاوەی کوردستاندا وەرگیراوە بە پێی رۆیشتنی رۆژگار کۆن بووە و ناوی نوێ جێگای ناوی رۆژگاری کۆنی گرتۆتەوە هەروەها ناوەکان تایبەتن بە نەتەوەی کورد لەناو هەناوی نەتەوەو نیشتمانەکەی هەڵقووڵاوە، دەبێتە زۆربەش، وەکو ئەمانەی خوارەوە:
١- ناوی کوردی کۆن: بریتییە لەم ناوانەی کە رۆژگاریک بەر لە ئەمڕۆ باوی هەبوو بۆتە ناوی کچ و کوڕانی کوردی.
بابکۆ، ئەودال، عەودال، کاکۆ، بەنگین، شەنگە، کولک، بایز، قلیچ، بەهروز، فەرەیدون، چەتۆ، باوەیس، کەی خوسرەو، جیهان بەخش، خودادا، خوادە، خودیرە، باوە میر، شاقول، باوەجان، گەزۆ، وەیسی، پیربال، پیرت، باپیر، خورشید، فریاد، دەوڵەت، میرزا، شێرکۆ، رۆستەم، ئەردەڵان، کەیقوباد، گوڵاوی، مامل، بەگۆک، پلنگ، بەهرام، شاسووار، لاوکۆ، دەسکۆ، هەلۆ، ئاودەل، یەزدان شێر، وڵات، ئەردەشێر، رۆژی، قوباد، یارە، دەوڵەت یار، هەزار ئەسپ، میربەگ، یادگار، نیاز...تاد
٢- ناوی مەعنەوی کوڕان.
- هیوا، ئارام، ئامانج.
٣- ناوی کە لە سیفەتی باش وەرگیراون، وەک لاوچاک، سوارە، هۆشەنگ، فەرهەنگ، دلێر پێشڕەو.
ناوی بەرخودان
ناوی بەرخودان: بریتییە لەو ناوانەی کە بۆ بەرخودان و بەگری و کۆڵنەدان و نەبەزی بەکارهاتوون، وەک:"تەحدایە" بەرامبەر بە دوژمن ناویان لە کچ و کوڕانی خۆیان ناوە خەبات و تێکۆشان و کوردایەتی بووە، کە ناوی کوردییان هەڵبژاردووە، ماناو مەبەستی سەرکەوتن و کۆڵنەدانی داوە بە دەستەوە یان ئەو شاخ و کێوانەی کە شەڕی گەورەی لێ کراوەو دوژمن شکستی تێدا خواردووە، وەکو سەفین و هندرێن و... هتد.
یان پەرینەوە لە رووبارو زێی گەورە وەک شاکارێک دیاریکراوە و ناوی ئەو زێیە بوویتە ناوی کوردی وەکو ئەمانەی خوارەوە.
١- سەفین چونکە پالپشتی پێشمەرگە و شوێنی بەرگری کردن بووە و دوژمن چەندجار لە چیای سەفین شکاوە بوویتە ناوی کوڕانی کوردی سەنگەری کوردایەتی و مەکۆی خەبات بووە.
٢- هەندرێن: ساڵی "١٩٦٦" دوژمن شکستی گەورەی تێدا خواردووە پێشمەرگەش سەرکەوتنی لێ بەدەست هێنا پاش شەڕێکی زۆر قارەمانانە بۆیە هەندرێن بووە ناوی کوڕانی کوردی و ناوی تابلۆی زۆر لە دوکان و شوێنەکان.
٣- کوردە: ناوی کچانی کوردییە بۆ بەرگری بەناوکردن ناوی کچانی لێنراوە.
٤- کوردۆ: ناوی کوڕانی کوردییە بۆ بەرخودان لە ناوی نەتەوەی کورد.
٥- کوردستان: ئەوپەڕی پیرۆزی و خۆشەویستی بۆیە ناوی کچانی کوردی بووە.
٦- رزگار: لەکاتی چەوسانەوەی کورد زۆر باو بووە منداڵانی کورد زۆر ناوی رزگاریان لێناوە
٧- سەرکەوت: کۆڵنەدان و نەبەزین و سەرکەوتن بەسەر دوژمن

# عەلی حەسەن مستەفا: سەد مخابن برایمی برام لە ١٩٨٩/٨/٦ جێی هێشتین و ماڵئاوایی لێ کردین



عەلی حەسەن مستەفا

لە مێژووی ئیسلامدا زۆرجار رۆڵەی ئاوا هەڵکەوتووەو بەنارەوا شەهید کراوە، هەروەک پاشای گەورەی رەواندوزو مەلای خەتێی گەورەی و شێخی نەمر. لەساڵی ١٩٦٣دا مامۆستا عەبدولخالق پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە کردو دەستی کرد بە دامەزراندنی ئێزگەیەک بۆ شۆڕش، لە ساڵی ١٩٦٥دا ئێزگەکە هاتە بەرهەم و دەنگی شۆڕشی کوردی بەمیللەتانی دراوسێ و دوورو نزیک گەیاند، خۆی لێپرسراوی راگەیاندنی شۆڕشی ئەیلول بوو تا ساڵی ١٩٧٠، پاشان گەڕایەوە شاری هەولێر، پیشەی دوکانداری دەکرد، لە ساڵی ١٩٧٤دا گەڕایەوە ناو جوڵانەوەی شۆڕشی کورد تا نسکۆی ١٩٧٥، ئیتر چووە دەرەوەی وڵات و ماوەیەکی ژیانی لە وڵاتی ئەڵمانیا بەسەر برد، دوای ئەوەی دووری نیشتیمانی کاردەکاتە سەر هزرو بیری بۆ دواجار بڕیاری گەڕانەوە بۆ کوردستان دەدات و هەر لە کوردستانیشدا ماڵئاوایی هەتا هەتایی لە کورد دەکات و تیرۆرکرا. مامۆستا شێرکۆ بێکەس وەک وەفا پارچە هۆنراوەیەک پێشکەش بەگیانی مامۆستا عەبدولخالق دەکاو دەڵێ:

**بەرێکەوت لە ناو هەولێر**
**(قەڵا)م بینی، لاواز... لاواز**
**ریشی هاتوو**
**دەستێکم خستە سەر شانە**
**خۆڵاوییەکەی**
**ئەم ناسیتەوە؟! لێم پرسی**
**ئەی تۆ نەبووی هەموو جارێ**
**حەزرەتی نالی ئەیناردیو**
**کە ئەگەیشتی ... بەرامبەرم**
**لە دووکانی**
**(عەبدولخالق)ی گلێنەم**
**دائەنیشتی؟**

٧- شەهید باوکە، کوڕی مەلا حەمەد ئەمین حاجی حەسەن دیبەگەییە، لە ساڵانی پەنجاکاندا لە شاری مەخموور چاوی بەدنیا هەڵهێناوە، لە ساڵی ١٩٦٨ هاتۆتە نێو ریزی شۆڕشی ئەیلوول، گەنجێکی زیرەک و لاوێکی چالاک و قارەمانێکی بەئەمەک و چاونەترس بوو، لە ساڵانی حەفتاکان دوژمن لە بەغدا دەستگیری دەکەن لەگەڵ (شەهید لەیلا قاسم) شەش مانگ لە کۆشکی (نهایە) بەند کران، پاش لێدان و ئەشکەنجەیەکی زۆر قارەمانانەو بوێرانە خۆی راگرت و تەنیا وشەیەکی نەدرکاند، کە گەڕایەوە شاری هەولێر پەنجەکانی پێی خوێنیان لێدەهات و لەبەر پیسی زیندانەکانی رژێم زۆربەی لەشی تووشی هەوکردنێکی خراپ بوو بوو، کە ئەمەش جۆرێک بوو لە سیاسەتی دژ بە زیندانیان، وێرای هەموو ئەمانە پارتی دیموکراتی کوردستان ویستیان کوشتنی لاوێکی بەسەردا بسەپێنن، بۆ ئەو مەبەستەش لەگەڵ مندا دەستگیرکرایەوە، نۆمانگ لە زیندان ماینەوەو دوای ئەوەی لە دادگای بالای هەولێر بێ تاوان دەرچووین بەناچاری هەردووکمانیان ئازاد کرد، دوایی گواسترایەوە بۆ هێزی بێتواتە لەلای (شێخەی حاجی رەسول) ماینەوەو ئەوەبوو لەساڵی ١٩٧٤دا شەڕ هەڵگیرسایەوە هەر لەگەڵ من پێشمەرگە بوو، بەڵام دوای چەند مانگێک رەوانەی ناوشاری هەولێرکرا، کاتژمێرەکەی دەستی وەکو یادگارییەک لەلای من جێ هێشت و دوای ئەوەی لەگەڵ چەند لاوێکی تر وەک خۆی بەمەبەستی چالاکی لە ناوشاردا دەگیرێنو هاورێیەکم لە زینداندا بەچاوی خۆی قارەمانێتی شەهید باوکە دەبینێت و لە زمانی خۆیەوە بۆی گێرامەوەو گوتی: (هەموو رۆژێ ئەفسەرێکی ئەمن بۆ لێدان و ئەشکەنجە دەکەوتە ناومان، دەمانچەو کلاشینکۆفێکی پێ بوو، بەمەبەستی ئەشکەنجەو لێدانی روودەکاتە شەهید باوکە، بەڵام شەهید (باوکە) قارەمانانەو جوامێرانە لێی دێتە دەستو دەمانچەو کلاشینکۆفەکەی لێ دەستێنێتو کابرای ئەفسەر شل و کوت دەکات، ئیتر ئەوەبوو پاش چەند رۆژێک ئەو قارەمانە چاونەترسە لە سێدارە دەدەن، زۆر نامەردانە شەهیدی دەکەن. شایەنی باسە ئەم کەڵەمێردە لە بنەماڵەی ئێمە بوو و یەکێ بوو لەنموونەی پێشمەرگەی قارەمان و بەجەرگ، کە لە دەستەکەی مندا خەباتی بەخزمەت کورد دەکرد.

٨- شەهید ئیدریس عەبدوڵلا حاجی باپیر: لاوێکی خوێن گەرم و گەنجێکی چاو نەترس و وریاو دڵسۆز بۆ گەل و نیشتیمان، لە راپەرینەکەی یازدەی ئازاری ساڵی ١٩٩١ لە گەڵ جەماوەرو پێشمەرگەدا هێرش دەباتە سەر بینایەی (منظومة استخبارات الشمال) لە سەر رێگای هەولێر کەرکووک قارەمانانە رووبەروویان دەبێتەوە، کە کۆمەڵێکی زۆر لە پیاوکوژانی رژێمی تێدابوو، سەرانی بەغدا پێیان گوتبوون بەرگری بکەن بە فرۆکە فریاتان دەکەوین و دەربازتان دەکەین، شەهید ئیدریس تا گوللەی بەعسییەکان نەیپێکابوو هەر دەجەنگا، بەڵام بەداخەوە شەهید دەبێت و جەماوەرو پێشمەرگە لە تۆڵەی ئەودا چواردەوریان دەگرن و لە ئەنجامدا دەست دەگرن بەسەر دەزگاکەو هەندێک لە جەلادەکان خۆیان حەشاردابوو، ئەوەبوو لە رۆژی دووەمی راپەرینەکە ئەوانیش دەکەونە بەردەستی پێشمەرگەو جەماوەر بەسزای گەل و شۆڕشیان دەگەیەنن، تۆڵەی شەهیدو شەهیدانی تریان لێ دەکەنەوە.

٩- ئیبراهیم حەسەن ساڵی ١٩٣٥ لە گوندی جانە چاوی بەدنیا هەڵهێناوەو لە ساڵی ١٩٤٥ چۆتە قوتابخانەو زیرەکانە قۆناغەکانی سەرەتایی وەکو هەموو منداڵانی لادێ بەسەرکەوتوانە بڕی، پەیوەندی بەهێزی هەبووە لەگەڵ حەمید عوسمانی سکرتێری ئەوکاتی حزبی شیوعی عێراق و بەهۆی ئەو پەیوەندییە بەهێزەوە کرایە کادری حزبی شیوعی هەتا ساڵی ١٩٥٨ و شۆڕشی چواردەی گەلاوێژو گۆڕانکاری مەلەکی بۆ کۆماری ئیتر حزب و رێکخراوەکان ئازاد بوون، ئەمیش لەبەر لێوەشاوەیی خۆی توانی لە رۆژنامە عەرەبییەکانی بەرامبەر بەجەماوەری خوێندەوار نووسینەکە بەزمانی کوردی باس بکات بۆ خەڵکەکە ئەوەبوو کرێکارانی شاری هەولێر هەڵیانبژارد بە سەرۆکی سەندیکای بیناسازی هەتا ساڵی ١٩٥٩-١٩٦٠ ئیتر وازی لە رێکخستنی حزبی شیوعی هێناو لە کاروباری میریدا بەژمێریاری شارەوانی مەخموور دامەزراو چەند ساڵێک لە خزمەت گوزارییەکانی مەخموورو گوێڕ دڵسۆزانە کارەکانی راپەراندووە، خەڵکەکەش زۆریان خۆش دەویست و رێزی زۆریان بۆ دادەنا دەستپاک و راستگۆ بوو، پەیوەندی بەهێزی هەبوو بە بنەماڵەکانی هۆزی بڵباس و ناوچەکانی بتوێن و حاجی کاکولی دەشتی کۆیەو سمایلی سوار ئاغاو حەمەد رەمەزان و حاجی رەسوڵ خاڵەو مام کاک. برایمی برام پیاوێکی ماندوونەناس بوو لە هاوکاری کردنی خزم و دۆست و کەسوکاری خۆی بووە هۆی هەبوونی پەیوەندی توندوتۆڵ لە نێوان هەموو لایەک، وەک رابەرێک هەموو خزم و دۆست گوێڕایەڵی بوون، ئامۆژگاری هەموو لایەکی دەکرد بۆ کاری چاکەو پیاوەتی. بیروباوەڕی ئەم پیاوە زۆر پێشکەوتووخواز بوو هەرگیز لێ نەدەگەڕا شتی پروپووچ و ئەفسانە لەناو دەوروبەرەکەی رەگ داکوتێ. لە رووی نەتەوایەتیشەوە زۆر دڵی بە پێشمەرگەو بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد خۆشبوو. رۆشنفیکر بوو لە رووی نەتەوایەتییەوە زوو هەستی بە پیلانە گڵاوەکانی دوژمن دەکردو یەکسەر بۆ خزم و دۆستانی خۆی شی دەکردووەو نەیدەهێشت ورەیان پێ بەر بدات، بەڵکو زیاتر جۆشی دەدان رووەو پێشمەرگایەتیو خزمەت کردنی بەرژەوەندییەکانی پێشمەرگەو شۆڕش.

بەڵام سەد مخابن برایمی برام لە ١٩٨٩/٨/٦ لەناوەخت و زوو بە جێی هێشتین و بەکارەساتی کارەبا دڵی تەزاندین و ماڵئاوایی لێ کردین. بە کۆچی دوایی ئەم پیاوە ماقووڵە هەموو خەڵکی شاری هەولێرو بیتوێن دڵگران بوون و بۆ بنەماڵەکەی ئێمەش کۆستێکی گەورە بوو.

١٠- شەهید ئەسوەد عومەر عەزیز لاوێکی خوێن گەرم و چاونەترس بوو لە هێرشی گرتنەوەی رواندوز و چیای کورەک شەهید بوو لە ١٩٧٤، تەرمەکەی کەوتە ژێردەستی دوژمن، شەهید لەگوندی گردگراوی بناری چیای بڵباسان سنووری قەزای مەخموور، شەهیدی جوانەمەرگ کوڕی خاڵم بوو.

**بەشی سی و نۆ**

# سامۆئیل لیام: هیوادارم رۆژنامەگەریی کوردی سەرکەوتووبێ

**حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن دی سی لە ٢٩و٢٠١٠/٦/٣٠ بەڕێوەچوو. جگە لە میوانانی کورد و کوردستان، میوانی بێگانە و بیانی ئامادەبوون، فێستیڤاڵێکی فرە رەگەز و فرە نەتەوەیی بوو. یەک لەو میوانە بەرێزانە دکتۆر "سامۆئیل لیام" بوو. بەدرخان چەند پرسیارێکی ئاراستەی ناوبراو کرد بەمەبەستی زیاتر ئاشنابوون بە یەکتری....**

**ئا: د.ئیسماعیل قەرەداغی– واشنتۆن**



سامۆئیل لیام - ٢٠١٠/٦/٣٠ - واشنتۆن

*** بەخێربێن بۆ حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان. ئایا دەکرێ بزانین چۆن ئاگاداری لەم فێستیڤاڵە بووی؟**

- بەڵێ زۆر سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە. من ناوم سامۆئیل لیام. بە رەگەزنامە کەنەدیم. ئەوا پازدە ساڵە لە واشنتۆن کاردەکەم. بە رێگای رێکلام و برادەران، زانیم کەوا فێستیڤاڵی بەدرخان هەیە. بەم جۆرە ئامادەبووم، چونکە گەلی کوردم خۆش دەوێ.

*** دەکرێ زیاتر تیشک بخەیتە سەر ئەمە؟**

- بەڵێ من وەکو بەڕێوبەری تەنفیزی لە گرووپی ماناس کار دەکەم. ئەم گرووپەش گرووپی بەرهەمهێنانە. ئێشمان لە چەند پرۆژەی بچووک لە کوردستان لە ساڵانی رابردوودا کرد.

*** رات سەبارەت بە سازکردنی ئەم فێستیڤاڵە چۆنە؟**

- من بە تەواوی ئامادە نەبووم لە گشت برگەکانی فێستیڤاڵەکە، لە سەرەتا بۆ کۆتایی. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە بۆچوونم زۆر سەرنجراکێش بوو، دیار بوو بەجوانی کاری بۆ کرابوو، کەسایەتیی بەناوبانگ بەشداری تێدا کردووە، دڵمان خۆش بوو بە فیلمەکان و بە وتارەکان و بە لێکۆڵینەوەکان و بەنمایشەکان، بەتایبەت، ئێوە لە وڵاتێکی دوور دێن بۆ بەشداریکردن. ئەمەش وا دەکات زیاتر بایەخ بدرێ بە زیاتر بە کەلتوور و ئەو پردە رووناکبیرییەش دروستدەبێ بۆئەوەی کورد زیاتر بناسرێ.

*** وا دیارە لە ئەمریکا زۆر کەنیسە هەن و دەوریان هەیە لە یارمەتیدانی خەڵکی بێگانە. هۆکاری ئەمە چییە؟**

- هەر مرۆڤێکی چاک هەوڵ دەدات ئازاری خەڵک کەم بکاتەوەو گرفتەکان چارەسەر بکرێن. مرۆڤ لە هەموو جیهان مرۆڤە بەبێ ئەوەی بایەخ بدەین بە رەنگ و رەگەز گشتیان شایانی رێزو خۆشەویستین.

*** ئەی کورد؟**

- کوردیش گەلێکی ئەم جیهانەیە چەوساوەتەوە،جینۆسایدکراوە، زۆر خەڵک هەن دەیانەوێت زیاتر کورد لە نزیکەوە بناسن و لێیان بگەن. ئەمە هەنگاوێکی زۆر باشە. هیوام سەرکەوتنتانە، هیوادارم ئەو چالاکیانە بەردەوام ببێ و رۆژنامەوانی کوردی تەمەن درێژ بێ.

*** سوپاس بۆ ئامادە بوونتان؟**

- سوپاس بۆ ئەم دەرفەتە.

# دوا دیداری تەلەفزیۆنی خالید جووتیار

**خوێنەری بەڕێز ئەم چاوپێکەوتنەی دەیخوێنیتەوە لە (٢٠٠٨/١١/١٤) لە بەرنامەی دوێنێ و ئەمڕۆی تەلەفزیۆنی گەلی کوردستان کەناڵی هەولێر پێشکەشکراوە، بۆ یادی شاعیرو نووسەرو فۆلکلۆریست خالید جووتیار حەزم کرد جارێکی تریش لە ڕێگەی هەفتەنامەی بەدرخانی بەڕێزەوە تەواوی دیدارەکەم بخەمە بەر دیدی خوێنەرانی بەڕێز.**
**بۆ یادی خالد جووتیاری نووسەرو شاعیریش هەر ئەوەندە دەڵێم یادت بەخێر ئەی خەمخۆری فۆلکلۆرو حەیران و لاوک و بەیت و قسەی نەستەق و مەتەڵ و پەندی پێشینانی کوردی.**

## ئا: سالار کۆشار

*** ئەگەر بێینە بواری فۆلکلۆر قسەیەک بۆ فۆلکلۆر، فۆلکلۆر هەر بەو شتانە دەووترێ، کە خاوەنی نییە یا قسەیەکی ترت هەیە بۆ فۆلکلۆر؟**
- فۆلکلۆر وەختی خۆی شتی بۆ دانراوە یانی پێناسەکی بۆ دانراوە چ ببیتێ یان نەبێتە فۆلکلۆر، هەموو ئەو شتانەو ئەو بەرهەم و شیعرانەی کە ناویان دیار نییە نازانی ئی کێندەرە، ئی کێیە بە فۆلکلۆر حساب ناکرێ، یانی فۆلکلۆر تایبەتمەندی خۆی هەیە وەکو بڵێی ئەو کەسانەی خەریکی ئیشی فۆلکلۆرن دەزانن ئەوە فۆلکلۆرە یان نا، بە زمانەکەی بەو شتە گشتییەی کە هەڵی دەگرێ هەندەک مەفهومی گشتی هەیە هەڵی دەگرێ یەک لە شەحناتەکانی فۆلکلۆر ئەوەیە کە تەعبیر لە ئەکسەریەت دەکا بە تەعبیرێکی سادە بە زمانی خەڵک یانی زمانی دوور لە بەلاغەی ڕەسمیات، کە ئەویش پێکچوون و لێکچوون و شتی وای زۆر تێدایە، بەڵام ئەوە ڕەسمیاتەکە نییە ئەو بەلاغەتەی کە لە مزگەوتەکان دەخوێنرێ یان لە مەکتەبەکان دەخوێنرێ ئەو شێوە گشتیەی فۆلکلۆر وایکردووە فۆلکلۆر جیابکرێتەوە لە ئەدەبێ ڕەسمی یان ئەدەبێ نووسراو.
*** یانی فۆلکلۆر بەو واتایە دەبێتە ئەدەبی گەل؟**
- ئەدەبێ گەل خۆ هەرواشە، بۆ نموونە دڵنیام لەوەی فۆلکلۆر چییە فۆلکلۆریش وەختی خۆی یەکێک نووسیوێتی خۆ میللەت کۆ نەبوویتەوە گۆرانییەک بڵێ، بەڵام ئەو کەسە دیار نییە، ئەوە زەمەنەک بووە نووسین نەبووە کەمیش بووە ئێستاش فۆلکلۆر دروست دەبێ یانی هەست دەکەی بەردەوام فۆلکلۆر دروست دەبێ.
*** باشە تۆ نایگەڕێنییەوە بۆئەوەی ئەو یەکە خوێندەواری نەبووبێ ئەو شتەی گوتووە کە دەم بە دەم ڕۆیشتبێت ؟**
- خوێندەواری و نەخوێندەواری کاریگەری هەبووە، کاتی خۆی تۆمار نەکراوە بە ناوی ئەو شەخسە، ئەگەر تۆمار بکرایە هەمووی وەکو عەلی بەردەشانی دەبووە خاوەنی دیوانی خۆی.

*** یانی بەرهەمەکانی عەلی بەردەشانی کەوتۆتە ناو فۆلکلۆر ؟**
- زۆر ڕاستە، چونکە عەلی بەردەشانی بەرهەمەکانی فۆلکلۆرە شتی زۆر جوانی هەیە، شتی زۆر بە قووەتی هەیە، ئەو بەیتەی کە لە بۆ ئاوڕەحمان پاشای بابانی نووسیوە یەکە لە هەرە شتە جوانەکان، یانی زۆر بەجوانی بیری کردۆتەوە عەلی بەردەشانی باس دەکا کەی ئەحمەد پاشای بابان هاتیتە سەر حوکم خۆی بە برازای ئەو دادەنێ دەیکاتە برازای خۆی، شیعرەکەی بڵاوکرایتەوە ئەوە فەترەیەک سالانی ٨٠ من خوێندنەوەیەکم لەسەر کتابەکەی "د. عزەدین" نووسی کە نالی باسی ئەحمەد پاشا دەکا عەلی بەردەشانیش لە هەمان ساڵدا باسی ئەحمەد پاشا دەکا کەواتە نالی و عەلی بەردەشانی لە یەک سەردەم ژیاون هەردووکیان باسی هاتنی ئەحمەد پاشا دەکەن بۆ سەر حوکم، ئەو باسی دەکا بەو تەعبیرانەی مە لە ئەدەبی کلاسیکدا دەخوێنرێتەوە بە ساڵ لێکدەدرێتەوە عەلی بەردەشانی دەڵێ ئەحمەد پاشای برازام یانی خۆی گەورەتربووە لەو وەکو بڵێی برازای خۆمە هاتەسەر حوکم.
*** مامۆستا تۆ زۆر شتت لەسەر فۆلکلۆر نووسیوە وەکو کتێب و نامیلکەو شتی وا، باسی ئەو نامیلکانەم بۆ بکە و باسێکی هەولێرو قەلای هەولێرم بۆ بکەی وەک شتێکی دێرین ؟**
- ئەمن زۆر لەمێژبوو شتم لەسەر فۆلکلۆر دەنووسی، بەڵام خۆت دەزانی کاتی خۆی چاپکردن و شتی وا هەندێک زەحمەت بوو ئیمکانیەت نەبووە لەبەر ئەوە هەندێک دواکەوتم لەو شتانەی کە هەیە، یەکەم شتم لە ٨٣ بناغەی یەکەم گۆڤاری فۆلکلۆریمان دانا من و کاک عەباس عەبدوڵلا یوسف و کاک سەدرەدین خۆشناو سێ ژمارەشمان لێ بڵاوکردەوە لەسەر ئەرکی خۆمان، بەڵام وابوو هەر یەکە یەکەک یارمەتی داین ئەمە وەکو سێ بەشی فۆلکلۆر بووبە فۆلکلۆر وەکو گۆڤارێک بەڵام حکومەت لێ نەدەگەڕا بەناوی گۆڤار ئیش بکەی، ئێمە بەناوی بڵاوکراوە کردمان ئەوانەی ئێستا لای جەنابتەژمارەی دوای ئەوە بەرەو فۆلکلۆر من لەسەرەتا حەزم لە فۆلکلۆر بووە لە سەرەتا ئەو بەرهەمانە هەڵبژێرم هەندێک زانستییەتی تێدابی یانی نەدەگەیشتە ئەو شتە عەفەویانەی کە خەڵک باسی دەکات، بەڕاستی زۆرناتوانم وەسفی فۆلکلۆر بکەم دەتوانم بڵێم بە چەند ڕستەیەک باسی بکەم یانی من پێت بڵێم ئەفسانە چییە باشترە لەوەی من بێم شەرعت لەبۆ بکەم، دەمەوێ باسی داستانت بۆ بکەم وەک ئەوەی نامیلکەیەکیان لەسەر قەلای دمدمە لە ڕووی مێژووییەوە لە ڕووی میتۆبۆجی لە ڕووی شوێنی قەلایەکە بۆ ئەو دەقە دروست بووە یان بۆ قەلای دم دم، ساڵی ١٦٠٨ ڕووی داوە لەنێوان شا عەباسی سەفەوی و لەگەڵ خانی لەپ زێرین ئەو کوردانەی لە قەلای دم دم بووینە ئێ ئەوە ساڵەکەی دیارە ناوەکان هەموو دیارن بۆ بووە بە فۆلکلۆر یانی دەقەک، ئەوەی من ئاگام لێ بوو لە ڕێی مامۆستا مەلا شکورەوە، کاک مەحمود زامداریش هەموو جارێ باسی ١٠١ یا ١٠٢ دەق دەکا، کە هەیە لە ناوچەکانی کوردستان لەسەر قەلای دمدم لە زازا ڕا بگرە تا دەگاتە دەشتی هەولێر تا دەگاتە سلێمانی تا کەرکوک لەبەر ئەوە ئەو شتە وەکو مێژوو بووە، هەستی کوردایەتییەکەی خەڵک گەورەیی تراژیدیایەکە وای کردووە فۆلکلۆر زۆر بە پێش ئەدەبی نووسراو بکەوی بۆ پاراستنی مێژووی قەلای دمدم و یەک لە سەروەرییەکانی.
*** ئەگەر باسی حەیران بکەین هەر لەو ڕێگەوە، بابڵێین دەقی حەیران دەبێ خۆڕسک بێ یان لاوک یان بەیت ؟**
- ئەوانە هەمووی لێک جیاوازن هەریەک پێناسەی خۆی هەیە، حەیران وەک دیارە من زۆر لە مێژە شتم لەسەر نووسیوە لە ساڵی "١٩٧٦" ەوە حەیران چییەو چۆنەو چ دەبێ بە حەیران، بۆ نموونە تایبەتمەندی خۆی هەیە لەوە لادەین نابێ بە حەیران، بەڕاستی وەکو چۆن سونەک دەستوری بۆ دانراوە دەبێ سەربەندو دوا بەندی یەک بگرتەوە بەچی دەست پێبکەی بەوە کۆتایی بێ لەناو ئەوەکە ئازادییەک هەیە سەربەستییەک هەیە بۆ دەربڕینەکە وشەو ئی دی وەسفی کوردانەو کرمانجی خۆمانی جوان تێدایە بە زۆریش دڵداریە یانی شتێک نەبووە شتی قەومی پێکرابی یەانی شەڕی جوانی بووە، یەک لە تایبەتمەندییە جوانەکان ئەوە بووە کە بەڕاستی لەو هەموو وەزعە ناخۆشانەی کە تووشی بووە شۆڤێنی نەبووە بەرامبەر بە دوژمنەکانی یانی ئەوە یەکە لە هەرە سیفاتە ڕەسەنایەتییەکانی کورد شەڕی جوانی کردووە، تۆ ئەو فۆلکلۆرە تەماشەکە هەمووی جوانییە ئەو بە جوانی وەڵامی ئەو شەڕە پیسانەی داوەتەوە من مێژووی حەیران بۆ تەقریبەن ٢٥٠٠ ساڵ بەر لە ئێستا دەگەڕێنمەوە، یەک لەو شتانەی کە مابیتەوە لە ئەدەبی سۆمەری بەمە بچی شتێکە تەرجەمەی عەرەبی کرایتەوە وەختی خۆی کرای مەڕ لەسەری نووسیە بە ناوی "تقسس زواج المقدس" واتە سرووتی زەماوەندی پیرۆز ئەوە یەک بووە لە شتە هەرە پیرۆزەکانی زەمانی سۆمەرییەکان، ئەو پاشایەی کە ئیشی زەماوەندی پیرۆزی کردیە ناوی شەلکی بووە حاکمی هەولێر بووە، لەلای من مێژووی هەولێر بۆ ٢٥٠٠ ساڵ دەگەڕێنمەوەو بە پێی ئەو نووسینانەی لەم دواییە بڵاویان دەکەمەوە، لاوک، لاوک جیهانێکی دیکەیە لاوک جیهانێکی زۆر فراوانترە لە حەیران، لاوک داستانە خۆی ڕووداوەکی گەورەیە ئەو کەسەی دێ دەقەکەی دەنووسیتەوە شیعرێک بەکاردێنی لە وەرگرتنەوەی شتەکان، کەواتا ڕووداوێک ڕووی داوە ڕووداوێکی گەورە شتێک بەسەر میللەتەکە داهاتووە.
*** کەواتا وەکو چیرۆکێکی درێژ ؟**
- بۆ نموونە هەڵەبجە شوان پەروەر کردی بە لاوک، بزانە لەو پێنج هەزار کەسی شەهیدو شارەک تێکچوو کارەسات ڕووی دا ئەو هات کردی بە لاوکێک لەماوەی ٥-٦ دەقە بووترێ، ئەوە چڕکردنەوەیە لەبەر ئەوە دایمەن ڕەئیەک هەیە ئەو جۆرە گوتنانەش جۆرەک لە شاعیریەتی تێدایە ئێ ئەتوو شاعیرت نەبێ کابرایەک دێ و ئەو شتە ئەگەر نەخوێندەواریش بی ئەگەر هەستی شاعیریەتی نەبی ناتوانی ڕووداوێک بەردەوامبێ ئەو لەماوەی ئەو خولەکەیە ئەو ڕستەیەی ئەو وەری دەگری هەموو ڕستەی شیعرینە لەبەر ئەوە لاوک ئەو جیهانە فراوانەیە ئیقاعاتی زۆر تێدایە لاوک پاڵەوان و کەسی زۆری تێدایە بە پێچەوانەی حەیران کە شتێکی تاکە.
*** یانی تایبەتمەندی تێدایە؟**
- تایبەتمەندی هەیە ئەو ئینسانە هەرەمەکییە زۆر بەیت، گێڕانەوەیە بە شیعر مەسەلەن گێڕانەوەیەکی کۆمەڵایەتی بێ ئی دڵداری بێ ئی نەتەوایەتی بی، بە بەیت دەیگێڕێتەوە یانی بە شیعر، بەڵام ئازادییەک هەیە لە بەیتی کوردی کەواتا ئەو توعفەی موزەفەرییەی بخوێنیەوە هەست دەکەی بەیتی کوردی چەند پێشکەوتووە یەک لە هەرە شتە پێشکەوتووەکانی بەیتە.
*** مامۆستا هەر لەسەر فۆلکلۆر ساڵ بەساڵ شتی تازە دێ ئەدەبی تازە دێ جلوبەرگی تازە دێ هونەری تازە دێ ئەگەر پاش ٢ یان ٣ سەدەی تر ئەو جلوبەرگەی ئێمە ئایە دەچێتەقالبی فۆلکلۆر ؟**
- دابەش کرایە لە لای میللەتان ناخرێتە قالبی فۆلکلۆرەوە ئەوە لای کورد ئەمە بەکارنایە، یانی بە جوانی بەکاری نایەن، وەکو خۆی بۆ ئەدەبێ فۆلکلۆر، کەواتا جلوبەرگ نابەنە فۆلکلۆر دەیبەنە قالبێک کە لێکی جیابکەنەوە بۆ دیراسەکردن لەبەر ئەوەی ئەو جلوبەگەی ئێمە ئەوشتانەی ئێمە مەسەلەن ساڵی ٥٠ کان ئەو ڕادیۆیە هەبوو گەورە بە پاترییە گەورەکان ئێستا خەڵک وەکو فۆلکلۆر تەحەمولی لەگەڵ دەکا لە ماڵان یا دوکانان یا لەجێگایەک دانراون یا لە هەندێک مۆزەخانە دانراوە مێژووی دروست بوونی دیارە، بزانە چ کۆمپانیایەک دروستی کردووە چی دەبێ بە فۆلکلۆر بە فکری من ئەوەیە مەوزووعەکە مەسەلەن ئەو شکلەکە جۆری ئیشەکە پاتریەکەو ئەوەکەی زەمەنی بەسەر چووە ئیدیکە هاتە پێشی، ئەو پەیوەندییەی کاتی خۆی ئینسانی لەگەڵ خۆی کرد، دەیان قسەی خۆش و سەربووردە هەیە لە نێوانیان ئەوانە دەبنە فۆلکلۆر
*** مامۆستا لە چی پەشیمانی ؟**
- لەوەی پەشیانم نەمتوانی پێشمەرگەیەکی ئازابم دوو جاریش بۆ ئەو ڕێیە ڕۆیشتم وەک پێشمەرگە نەمتوانی، ڕاستیەکەی هەر بەو نیازەی چووم چەکدار بم، لەگەڵ یەک لە بەرپرسە گەورەکان خوا عەفووی کا بووە هەرام، ئەو دەیگوت: بخوێنەو منیش دەمگوت: هاتووم ببمە پێشمەرگە.
*** مامۆستا گەر بتگەڕێنینەوە دواوە هەر بەو شێوەیە دەست پێدەکەیەوە؟**
- نەخێر بەو شێوەیە دەست پێناکەمەوە، لە عەسکەریەوە دەست پێدەکەمەوە، ئەمەیە کەلە سیفەتە جوانەکان نەک لەبەرئەوەی دنیایان داگیر کردووە، ئینسانی پێشمەرگە چەکدار دەبێ ئینسانی ئازابی ئینسانی ئازاش دەبێ پیاو بی هەرچەندە بەشەکانی دی پیاوەتی تێدایە من مەبەستم لە شەخسیەتی ئینسانیەتی عەسکەری دێ ئەوەیە مەبەستەکە زیاتر.
**بەشی سێیەم و کۆتایی**




**لەوەی پەشیانم نەمتوانی پێشمەرگەیەکی ئازابم دوو جاریش بۆ ئەو ڕێیە ڕۆیشتم وەک پێشمەرگە نەمتوانی، ڕاستیەکەی هەر بەو نیازەی چووم چەکدار بم، لەگەڵ یەک لە بەرپرسە گەورەکان خوا عەفووی کا بووە هەرام، ئەو دەیگوت: بخوێنەو منیش دەمگوت: هاتووم ببمە پێشمەرگە**

## تەنز

هێشتا لە هەرەتی لاوێتی دەژیام، سەڵت و قوت، هیچ بەرپرسیێتییەکم لە ئەستۆدا نەبوو، ئەوەش بەس بوو تا بە کەیفی خۆم بگەڕێم و بسووڕێم، کەس پێم نەڵێ ماڵت لەکوێیە یا بەری چاوت دوو برۆیە!! زۆربەی کات لەبێ ئیشی خۆمدا دەچوومە سینەما و زیاتر حەزم بەو فیلمانە دەکرد کە خەیاڵی بوون، هەمیشە ناوەڕۆکی فیلمەکان بە درێژایی شەو تا ئەو وەختەی دەنووستم، لە مێشکمدا دەمهێناو دەمبرد و سەر لە نوێ لێمدەدایەوە، بەو خەیاڵەوە دەخەوتم.. زۆرجار ئەوەم بە خەیاڵدا دەهات چەند خۆشە منیش ڕۆژێک لە ڕۆژان ببوومایە پاڵەوانی نێو ئەو فیلمە خەیالیانە، تا لە خەوێکدا بوومە ئەکتەرێکی سینەمایی و لە فیلمێکدا بەشداریم کرد، کە یەکەمجارە ئێوەش بە خەیاڵ ببینن یا گوێبیستی ببن.
سەفەرێکم هاتە پێش بەرەو فەرەنسا بکەومە ڕێ وەکو لە ژیانمدا نەفڕۆکەخانەم دیوە مەگەر لە تەلەفزیۆن بترازێ و نەچوومەتە ناو فڕۆکە جانتایەکم بەشانمەوە گرتبوو هێدی هێدی بە پەیژەکان بۆ سەرەوە هەڵدەکشام بچمە ناو فڕۆکەکە و کەس و کارەکەم لە دایک و خوشک و باوک و برا بەچاوی پڕ ئەسرینەوە تەماشایان دەکردم و دەستیان بۆ ئاسمان بەرز کردبۆوە بای بایان دەکرد، منیش پێش ئەوەی بچمە ناوەوە بۆ دواجار ئاوڕم لێدانەوە و دەستی ماڵئاواییم بۆ ڕاتەکاندن و چووم لەسەر یەک لە کورسییەکانی نێو فڕۆکەکە دانیشتم و پشتێنی دڵنیایم بەست.
فڕۆکەکە کەوتە ئیش، وردە وردە بەرزبۆوە تا ئەو ڕادەیەی بەسەر ئاسمانی شارەکەم تێپەڕی و منیش بەهۆی شەکەت و کەیلی خۆمەوە چاوم نایە سەریەک، بەڵکو سەرخەوێک بشکێنم، خەو بۆ خۆی بەکێش کردم، چەندە خەوتم و نەخەوتم، ئەوەیان نازانم تەنها ئەوەندە دەزانم لە دەنگی ئافرەتێک بەخەرهاتم پێی وتم: "برا کاتی دابەزینە، بەس تۆ ماوی دابەزی". کەچاوم کردەوە جگە لەخۆم کەس لەناو فڕۆکەکە نەمابوو، نازانم چۆن لەو بێنەو بەردەیە بەئاگا نەهاتم.. کەوتمە خۆ، کاتێک بەسەر پەیژەکان هاتمە خوارەوە تەماشا دەکەم ئەوە کەس لەو ناوە نییە.. سەرسام بووم، برسێتی هەوزەڵی بۆ هێنام، چەندی چاوم گێڕا بەملاو بەولا، کەسم بەدی نەکرد، بەناچاری ملی ڕێگەم گرتەبەر، خۆم لەناو شارێکی گەورە دۆزییەوە، شارێک هەر قەستت دەکرد تەماشای جوانی باڵەخانەی بەرزو باخچەو دوکان و سوپەرمارکێتەکانی ناوی و ئەو ئامێرانەی بکەی کە لە ژیانمدا نەمبینیبوون، کەچی سەرەڕای ئەو هەموو گەورەیی و جوانییەی شارەکە، کەسی تێدا نەدەژیا، پرسیارم لەخۆم دەکرد ئاخۆ دەبێ کەس لەم شارە نەژییێ؟! ئەی ئەگەر وایە، ئەو هەموو شتانە کێ سەرفسوونی دەکات؟! هەر ڕۆیشتم و چاوم بە گەورەیی باڵەخانە و شتە جوانەکانی ناوی زاخاو دەدا، برسێتی تەنگی پێ هەڵچنیم بەناچاری خۆم کرد بە دوکانێک مێزێک لەپێشەوە داندرابوو سێ دەنکە حەبی ڕەنگاو ڕەنگی لەسەر داندرابوو، وتم: "هەبێ و نەبێ ئەو حەبانە هی ئەوەنە بیخۆی ئەو ڕۆژە هەست بە برسێتی نەکەی". هەرسێ دەنکە حەبەکەم هەڵگرت و چوومە دەرەوە، دەنکێکم لەو حەبانە بێ ئاو ئاودیو کرد، هەر ئەوەندەم زانی بە لاشەیەکی باریکەوە قەدو باڵا زیاتر لە پانزە بیست مەتر درێژ بوو.. عەنتیکەم بەخۆم هات، هەر خوا خوامبوو وەکو خۆمم لێ بێتەوە، بەهەر شێوەیەک بێ دەنکی دووەمم لە حەبەکە خوارد، هەر خۆزگەم بەویتر ئەوجارەیان زۆر بچووک بوومەوە بەقەد مشکێکم لێهات، هەر ئەوەندەم زانی پشیلەیەک کەوتە دوام، ترسام پشیلەکە منی بە مشک تێگەیشتبێ بمگاتێ و بمگرێ، یەکسەر بمخوات، باشبوو پێڕاگەیشتم، دوا دەنکی حەبەکەم خوارد لەو حەبەدا وەکو خۆمم لێهاتەوە.
زۆرم خەفەت خوارد، منێک بەتەنیا لە شارێکی ئاوا گەورە و گران و خۆش و ڕازاوە چۆن ژیان ببەمە سەر؟! لە گەڕان و سووڕان بەردەوام بووم تا کتوپڕ وەکو بڕوا بە چاوم نەکەم، تووشی "غەزال" ئەو کچە بووم کە چەند ساڵێکە یەکلایەنە خۆشم دەوێ، بێ ئەوەی ئەو بەو شتە بزانێ، دوای تەعارفکردن لەگەڵی بڕیاریدا شووم پێ بکات، هێنام سەیرم پێهات غەزال وەکو دێڵە سەگ بەیەک زگ چوار پێنج منداڵی دەبوو، منداڵبوونەکەش ئەوەبوو دوای نۆ مانگ و نۆ ڕۆژ و نۆ دەقیقە و نۆ چرکە منداڵی ببێ، بەڵکو لە هەر چرکەیەکدا چەند منداڵێکی دەبوو، ئەوی تر یەکسەر گەورە دەبوو، لە ماوەی چەند دەقەیەک ئەو شارە بە منداڵی من پڕ بۆوە، زۆر خەفەتم بەو دیاردە دەخوارد، لە خەفەتان چوومە سەر سیسەمەکەم و لێی ڕاکشام سەرخەوێک بشکێنم، تەواو خەواڵوو ببووم، پڕتاو چاوم بە هێواشی کردەوە بینیم ئەوە غەزالی خێزانم بە دەستی چەقۆوە بەرەو لام دێت سەرم ببڕێ، ئێ هیچم لەخۆم شک نەدەبرد، کە تەواو نزیک بۆوە، بە خێرایی لێی ڕاست بوومەوە توند پەلاماری دەستیم داو چەقۆیەکەم لە دەستی سەند و تا گرتم دەستم لێ ڕاوەشاند شەقازللەیەکم لە گژگلاکەی گوێی دا یەکسەر لە قیژەیەکی تووندی داو بزر بوو.. قیژە و بزربوونەکەی یەک بوو، منیش لەگەڵ ئەو بزربوونەدا لە قیژەیەکی توندم دا و لە قیژەی خۆم، خەبەرم بۆوە، بەخەبەر هاتم.



**شاخەوان عەلی حەمەد**

# کەرکووک و دەوروبەرەکەی، حوکمی مێژوو و ویژدان

## توێژینەوەیەکی بەڵگەنامەییە لە بارەی دۆزی کورد لە عێراقدا

نووسینی د. کەمال مەزهەر
و: ستار باقی کەریم
پێداچوونەوە: عەبدولڕەحمان مەعروف

لە بەڵگەنامە تایبەتییەکانی بەریتانییەکان بە ئاشکرا دەردەکەوێ، کە دامەزراندنی هەندێک لە دامودەزگا کارگێڕییەکان لە کەرکووک و دەوروبەری، بە تایبەت پشتی بە هەڵوێستی کورد دەبەست، بە دانپیانانی خۆیان لە سەرەتادا بەریتانییەکان نەیانتوانی هێزێکی تایبەتی پۆلیس لە کەرکووک پێکەوەبنێن "چونکە کورد نەچووە ناو ئەم هێزەوە"، ئەوەش وای لە بەریتانییەکان کرد سی پۆلیس لە دەرەوەی کەرکووک بهێنن (٢٧٥).

سەرەڕای هێشتنەوەی زۆربەی فەرمانبەری پێشوو، لۆنگریک دەستکاری دەسەڵاتی سەرکردە کوردەکانیشی نەکرد لە کەرکووک و دەوروبەرەکەی. لەمبارەشەوە پسپۆڕلەمێژووی هاوچەرخی عێراق ل.ن.کاتلۆف دەڵێت: "ئەو ناحیانەی بە کەرکووکەوە گرێدرابوون، هەر لەلایەن فەرمانبەرکانی پێشوو و سەرۆک هۆزەکانی وەک فیۆدال و ئاغاکان، بەڕێوەدەبردران، چونکە دەسەڵاتدارێتی بەریتانی لە ترسی تۆڵەی ئەو سەرۆک هۆزانەدا، کە پێشترلەسەردەمی عوسمانییەکان تا رادەیەک خاوەن خودموختارییەک بوون، بۆیە بەریتانییەکان لەم ترسە سیاسەتێکی مەرکەزی توندیان لە ناوچەی کوردستان نەگرتەبەر (٢٧٦).

لەمیانی داگیرکردنیان بۆ عێراق، بەریتانییەکان ژمارەیەک ڕێوشوێنی دیکەیان گرتەبەر، کە تیایدا مەبەستی سیاسی و کارگێڕی رۆشنبیریان بۆ بابەتەکەی ئێمە هەبوو، بۆ نموونە ئەوانە لە ڕێکەوتی ١٥ کانونی یەکەمی ساڵی ١٩١٨ەوە، بڕیاری دەرکردنی رۆژنامەیەکیان دا لە کەرکوک بەناوی "النجمە"، لەژێر ناوەکەشیدا ئەم دەستەواژەیە هاتبوو:"شوێنەکەی فەرمانگەی حکومەتە- کەرکووک"، لەسەرەتادا "النجمە " بە زمانی عەرەبی هاتە چاپکردن، بەڵام هەر زوو ئەو زمانەیان گۆڕی بۆ تورکی- زمانی رۆشنبیری و نووسینی باوی ئەوکاتی نێوان رۆشنبیرانی کورد و تورکمان بوو.لەراپۆرتێکی بەریتانی ساڵی ١٩١٨ لەبارەی بەڕێوەبردنی کەرکووکدا هاتووە، گۆڕینی زمانی رۆژنامەکە دەگەڕێتەوە بۆ "رەچاوکردنی ویستی گشتی"، کە ئەوسا لە شارەکە باوبوو (٢٧٧). وا باشە لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە "النجمە" بەشێوەیەکی بەربڵاو چووە ناو کورد ء شارەکانی دیکەی کوردستان. هەروەها دەبێ بڵێین یەکەمین پەیوەندیی تێلگرافی کە بەریتانییەکان راستەوخۆ دوای داگیرکردنی شاری کەرکوک، دایانمەزراند، بریتی بوو لە هێڵی راستەوخۆی نێوان کەرکووک و سلێمانی، پاشان نێوان کەرکوک و ناوچەکانی دیکە (٢٧٨).

بەدرێژایی ساڵانی داگیرکاری بەریتانی لە (١٩١٨-١٩٢٠) کەرکووک وەک ناوچەیەکی مەرکەزی بەڕێوەبردنی زۆربەی ناوچەی باشووری کوردستان مایەوە، تەنانەت جورئەتی ئەوەش نەکرا لەئاڵوگۆڕی نامەکانیان ئەو بەڵگەنامە بەریتانیایانەی بۆ ئەو سەردەم دەگەڕێنەوە، کەرکوک لە "باشووری کوردستان" دابڕبکرێ. لەقسەکانیدا لەبارەی ئەو ئاستەنگانەی بەکردەیی دەبنە رێگر لە بەردەم پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت بۆ چاوخشاندنەوە بە دوارۆژی بەڕێوەبردنی عێراق، ئارنۆڵد وڵسن بریکاری حاکمی مەدەنی عێراق، لە چوارچێوەی ویلایەتی موسڵدا تەنها شاری "موسڵ"ی لە "باشووری کوردستان"جیاکردەوە، ئەمەو لە راپۆرتێکیدا کە هەڵگری رێکەوتی ٢٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی "١٩١٨"یە ئەم دەقەی خوارەوە دەڵێ:

"لەپاڵ هەموو ئەوانەدا هەموو تواناکانی خۆم و توانای ئەو فەرمانبەرە سەرەکییانەی لەگەڵمدان، ئەم ئەرکە ورد و تایبەتە پێویست بەدیاریکردنی رای ناوخۆیی بەرپرس، لە موسڵ و باشووری کوردستان و هەردوو ویلایەتەکانی بەغداد و بەسرە دەکات.....(٢٧٩) .

لەژێر رۆشنایی ئەوەدا، دەستکرا بە چارەسەرکردنی بابەتی بەڕێوەبردنی عێراق لەدوای کۆتایی هاتنی جەنگ. لە برسکەیەکیدا بۆ وەزارەتی هیند لە رێکەوتی ٢٠ی شوباتی ١٩١٩ وڵسن ئەم پێشنیازەی کرد"عێراق لەلایەن نوێنەری سامییەوە فەرمانڕەوایەتی بکرێت و چوار بریکاریشی هەبێت، کە لەژێر فەرمانی ئەودا کاربکەن، بۆئەوەی ئیشوکاری ئەم ناوچانە هەڵسوڕێنن:١"- بەسرە، ٢-بەغداد، ٣-فوڕات، ٤- موسڵ". پاشان درێژەی دەداتێ و دەڵێ، بەڵام ئەگەر "کوردستان شتێکی هاوشێوەی خودموختاری پێدرا" ء "یاخود ئەگەرهاتوو کوردستان ناوەندێکی یاسایی جیاوازی پێدرا، ئەوساکە دەبێتە پێنج پارێزگا"(٢٨٠)، ئەوەش مانای زیادکردنی پارێزگایەکی دیکە دەدات لەتەک چوار پارێزگاکەی تر بەناوی کوردستان، کە جگە لە شاری موسڵ تەواوی ویلایەتی موسڵ دەگرێتەوە،، بەمجۆرەش عێراق لەلایەنی کارگێڕی و بەڕێوەبردنەوە پێکدێت لە: بەسرە، بەغداد، فورات، موسڵ و کوردستان.

لە نۆی ئایاری ١٩١٩وەزیری دەوڵەتی بەریتانی بەم شێوەی خوارەوە،رەزامەندی حکومەتەکەی پێشاندا لەسەر پێشنیازییەکەی ئارنۆڵد وڵسن: "سەرپشکتان دەکەین لەسەر ئەوەی دەستبکەن بە دامەزراندنی پێنج پارێزگا لە عێراق، بەم سنورەی دیاریکراوە..... هەروەها پارێزگایەکی عەرەبیش لە موسڵ دابمەزرێنە، کە هاوتخوبی دەوڵەتێکی کوردی خاوەن خودموختاری بێت، بەسەرۆکایەتی پیاوماقوڵاتی کورد، لەگەڵ راوێژکارانی سیاسی بەریتانی"(٢٨١).

هەرچەندە ئەم راسپاردانە بە تێروتەسەلی جێبەجێنەکران، کە دواتر بە درێژی دێینەسەر باسکردنیی هەندێکیان، بەڵام شتێکی هاوشێوەی ئەمە پیادەکرا، کە لە هەموو بارودۆخەکاندا وایکرد کەرکووک و ناوچەکانی دەوروبەری، بە گرێدراوی ناوچە کوردییەکانی دیکەوە بمێننەوە، بەریتانییەکان عێراقیان دابەشی سەر شانزە یەکەی کارگێڕی و بەڕێوەبردن کرد، هەر یەکەیەک لەمانە پێی دەوترا "Distrect" واتە ناوچە، کە بریتی بوون لە بەغداد، بەسرە، قورنە،عیمارە، ناسریە، کوت، سەماوە، حللە (کەربەلاشی لەخۆ دەگرت)، بەعقوبە، سامەرا، دلێم، شامیە (نەجەفیشی بەخۆوە دەگرت)، دێرئەلزۆر، موسڵ و خانەقین، لەکۆتاییشدا کەرکووک(٢٨٢). ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە هەموو ئەو ناوچانەی لە رۆژهەڵات وباشووری خانەقین تاوەکو رۆژهەڵاتی موسڵ درێژدەبوونەوە، واتە سێ لە پێنجی باشووری کوردستانی، لەڕووی بەڕێوەبردنەوە گرێدراوی کەرکووک بوون، لەنێویشیاندا هەولێر، سلێمانی، کفری، رەواندوز، کۆیسنجەق، ئاڵتوون کۆپری، داقوق و دوزخورماتوو ء ئیتر......، بۆ ئەو ناوچە گرنگەش فەتاح پاشا کرایە موتەسەریف، مانگانەش بری ١٣٠ رووپیەی وەک مووچە پێدەدرا، ئەم مووچەیەشی وەکو مووچەی موتەسەریفی بەسرە بوو، کە لەسەرووی مووچەی موتەسەریفی هەموو ناوچەکانی دیکەوە بوو، لەوانەش موتەسەریفی بەغداد کە ناجی شەوکەت بوو(٢٨٣)، هەڵبەت ئەوەش قورسی ئەو بەرپرسیارێتییە دەگەیەنێت، کە خرابووە سەرشانی.

لێرەدا واباشە ئاماژە بۆ ئەوە بکەین، کە بەریتانییەکان پێیانوابوو کە فەتاح پاشا تورکمانە و* هەڵبژاردنیشی لەلایەن بەریتانییەکانەوە وەک موتەسەریفی کەرکووک و دەوروبەرەکەی، لەسەر بنەمای ئەوەبوو کە لەلایەن "کوردەوە رێزی لێدەنرا"، هەروەکو راستەوخۆ لە زمانی مەندوبی سامی بەریتانی لە عێراق بێرسی کۆکس لە میانی کۆنگرەی قاهیرە لەئازاری ١٩٢١ لەکاتی تاوتوێکردنی پرسی کورد راگەیەنرا، ئەوەشیان ئەو دەقە ئینگلیزیەیە کە لەمبارەوە نووسراوە:

Fatah Pasha، a Turk whom the kards regarded with favour، had been appointed Mutassarif of Kirkuk(٢٨٤).

لەسەرەتادا هەولێر و رەواندوز، دواتریش کۆیسنجق لە کەرکووک جیاکرانەوە، نیمچە لیوایەکی نوێش دامەزرا، کە سەنتەرەکەی هەولێر بوو،لەلایەن جێگری موتەسەریفەوە بەڕێوەدەبردرا، تاوەکو نیسانی ١٩٢٣ لە رووی بەڕێوەبردنەوە بە گرێدراوی کەرکووک مانەوە، لەبەرانبەردا سلێمانی و دەوروبەرەکەی بە رووبەری ٦٥٠٠-٧٠٠٠میل چوارگۆشە لە چوارچێوەی کەرکووک مانەوە، یەکەمیان کە بریتی بوو لە هەولێر و رەواندوز ء، کۆیسنجق کە یەکەی (Division)ی سەر بە کەرکووک بوون، بەو پێیەی ناوچەیەکیان (District)(٢٨٥) پێکدەهێنا، لە رووی بەڕێوەبردنەوەش تا ناوەڕاستی ساڵی ١٩٢٥، سلێمانی هەر بە گرێدراوی کەرکوک مایەوە تاوەکو یەکەمین موتەسەریفی عێراقی بۆ دانرا(٢٨٦)، بەڵام تا ئەوکات کەرکووک لە رووی بەڕێوەبردنەوە ناوچەکانی بازیان و قەرەداغی دەگرتەوە، کە ئەم دووانە لەسەر داوای وەزیری بەناوبانگی کورد محەمەد ئەمین زەکی، لەساڵی ١٩٢٧(٢٨٧) خرانە سەر سلێمانی.

هەروەها دوای جەنگیش توانرا هێزێکی تایبەت بەناوی "هێزی باشووری کوردستانی "پێکهێنرا، کە بارەگاکەی کەرکوک بوو،هەرهەمان ئەو هێزەش بوو لە حوزەیرانی ١٩١٩ (٢٨٨)راپەڕینەکەی شێخ مەحمودیان لەناوبرد.

دواتر بارودۆخی عێراق خرایە ژێر ئینتیدابی بەریتانیا، رەهەندەکانی رێوشوێنە کارگێڕییەکان پتر کەڵەکەبوون ء، بەئاراستەیەک کە بەردەوام لەسەر هەموو ئاستێک گرێدراوی کەرکووکی بە کوردستانەوە رادەگەیاند.

### کەرکوک و دەوروبەرەکەی لە سەرەتای فەرمانڕەوایی ئینتیدابدا

لەو کۆنگرەی کە ئەنجومەنی باڵای هاوپەیمانان "بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، یابان، وڵاتە یکگرتووەکانی ئەمریکاش بە سیفەتی چاودێر لە سان ریمۆنی ئیتاڵیا بۆ ماوەی یەک هەفتە بەستیان، واتە لە ١٩ تا ٢٦ ی نیسانی ١٩٢٤ کارەکانیان بەردەوام بوو، تیایدا بڕیار درا کە ئینتیدابی "عێراق و ویلایەتی موسڵ"(٢٨٩) بدرێتە دەست بەریتانیا. لە ژێر رۆشنایی بەندەکانی رێککەوتننامەی ئاشتبوونەوەی نێوان هاوپەیمانان و تورکیا، کە لە رۆژی دەیەمی مانگی هەشتی هەمان ساڵ لە "سیڤەر"ی نزیکی پاریس مۆریان کرد، لیستێکی تایبەت لەلایەن کۆمەڵەی نەتەوەکان دانرا .کە مەرجەکانی ئینتیداب بوونی لە خۆ گرت هەروەها پەیوەست بوونەکانی بەریتانیا بەو سیفەتەی وڵاتێکە و عێراقی ئینتیداب کردوە.

ئەو لیستەی کە لەلایەن کۆمەڵی نەتەوەکانەوە دەرچوو و بە شێوەیکی فەرمیش کۆپییەکانی بە سەر ئەو وڵاتانەی کە رێککەوتننامەی سیڤەریان مۆرکرد دابەشکرا، لە نێویشیاندا تورکیا، ئەم رێککەوتنەش لە بیست بەند پێکهاتبوو، لە بەندی هەشتەمدا هاتووە "لە عێراق بەهۆی رەگەز، ئایین، زمان، نابێ هیچ دەستەیەک لە یەکێکی دیکە جیا بکرێتەوە و وڵاتی ژێر ئینتیدابیش هاندەدرێ بۆ خوێندن بە زمانە نیشتیمانەکانی دانیشتوانی عێراق، هەروەها بەندی شانزەهەمیش بەم شێوەیە:"لەم ئینتیدابەدا ،هیچ شتێک رێگە لە وڵاتی ژێر ئینتیداب "عێراق" ناگرێ لە دامەزراندنی حوکمەتێکی سەربەخۆ لە بەڕێوەبردن، لە ناوچە کوردییەکان وەک ئاماژەی بۆ دەکرێ "(٢٩٠)

زۆرێک لە نووسەرە نەتەوەییەکانی عەرەب، دەقی ئەو بەندەیان لە نووسینەکانیان هێناوەتەوە، هەروەک سیاسی و پارێزەری نەتەوەیی بەناوبانگ و سەرۆک وەزیرانی پێشوو "عبدارحمن البزاز" لەم وانانەدا هێناویەتییەوە، کە لە ساڵی ١٩٥٤ پێشکەشی خوێندکارانی پەیمانگەی توێژینەوە باڵاکانی عەرەبی کرد، کە سەر بە کۆمکاری وڵاتانی عەرەبی بوو، ئەوسا بارەگاکەی لە قاهیرە بوو(٢٩١)،جگە لەوانەش کەسانی تریش هەمان کاریان کرد (٢٩٢).بە پێی زانیارییەکانمان دوایین ئاماژەی عێراقی بۆ ئەو بەندە کرابێت، ئەوە بوو، کە لە رۆژنامەی "الجمهوریە"ی ناوەڕاستەکانی مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٩٢ دا هاتووە (٢٩٣).

ئینتیداب سەردەمێکی نوێی بەخشییە عێراق، ئەوەی کە لە رووی مێژوییەوە بە سەردەمی ئینتیداب دەناسرێ. ئەوەشیان بە شێوەیەکی فەرمی تا رۆژی ٣ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٣٢، واتە ئەو رێکەوتەی کە عێراق چووە نێو کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە بەردەوام بوو .

یەکەم سەردەمی قۆناغی ئینتیداب تا ئەوپەڕی گرنگی پێشکەوتنی بە خۆیەوە بینی، بە هێزەوەش کاریگەریی گەیشتە سەر ناوچە کوردییەکان، ئەوەشیان لە زنجیرەی رێککەوتننامە و راپۆرتە نێو دەوڵەتییەکان و بەڵگەنامە فەرمییە بەریتانی و عێراقییەکان و ئیدیکە سەلمێنراوە، کە هەموویان بە روونی تایبەتمەندییە نەتەوەییەکەی کەرکووک و دەوروبەرەکەی دەردەخەن .

لە ٥ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٢٠ لەندەن، دبلۆماتی لێزان بە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باڵیۆزی ئەوسایان لە تاران (سێر بێرسی کۆکس)وەک یەکەم نوێنەری سامی حکومەتی بەریتانیا لە عێراق دامەزراند .

دوای شەش رۆژ "کۆکس" گەیشتە بەغدا و یەکسەر دەستی کرد بەگرتنەبەری زنجیرەیەک رێوشوێنی ئیداری بۆ رێکخستنەوەی کاروبارەکانی عێراق، لە هەمووشیان گرنگتر پێکهێنانی "ئەنجومەنی دەوڵەت" بوو بە سەرکردایەتی "عبدالرحمن النقیب" لە ٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٢٠، کە بە حکومەتی کاتی چووە ناو مێژووەوە .ئەوەی لەم بابەتە بۆ ئێمە جێی بایەخە، ئەوە کەسایەتی تورکمانی ژەنەراڵی پێشووی سوپای عوسمانی عیزەت پاشا کەرکووکییە، وەک لە نازناوەکەشی دیارە، کە خەڵکی شاری کەرکووکە و بۆ وەرگرتنی پۆستی وەزارەتی زانست و تەندروستی لە حکومەتی کاتی دەستنیشانکرد، لەمەوبەریش عیزەت پاشا خۆی، بە نوێنەری کورد لە لیژنەی هەڵبژاردنەکانی عێراق دیاریکرا، ئەوەشیان چەند مانگێک پێش پێکهێنانی حکومەت پێکهێنرا،بەڵگەنامە بەریتانییەکانیش ئاماژەیان بۆ ئەوە بەم بابەتە پەیوەندیدارە کرد (٢٩٤).وەک لە نامەکانی مس بێل(٢٩٥) (بە روونی دەردەکەوێ، کە عیزەت پاشا کەرکووکی بە دروستی رۆڵی رێکخەری دەبینی لە نێوان سەرکردە کوردەکان و دەسەڵاتداران، ئەوەش وایکرد خاوەن سەنگێکی گەورەبێت )(٢٩٦) .

بەدرێژایی ماوەی بوونی حکومەتی کاتی، کە تاوەکو ٢٣ی ئابی ١٩٢١، واتە رۆژی دانانی شا فەیسەڵ بە شای عێراق ،کەرکووک و دەوروبەرەکەی هاوشێوەی هەموو ناوچە کوردییەکانی تر لە رووی ئیدارییەوە بە حکومەتی کاتی گرێنەدران، بەڵکو بە گرێدراوی راستەوخۆی نوێنەری سامی بەریتانی مایەوە، ئەویشیان بە پێی ئەو بڕیارەی بە شێوەیەی فەرمی کۆکس، کە حکومەتی کاتی راگەیاند، ئەوەشیان بۆ ئەوە بوو تاوەکو شێوەیەکی گشتی لە چوارچێوەی ناوچە کوردییەکان و لە نێویشیاندا کوردستانی تورکیا دابێت و سەر بە بەشی رۆژهەڵاتی نوێکراوەی وەزارەتی موستەعمەرەکان دابێت. دارشتنی باباتەکەش بەم شێوەیە هاتووە:

"بڕگەی بیست و چوارەمینی پەیماننامەی سیڤەر دەڵێت: ئەگەر هاتوو زۆرینەی ئەو کوردانەی دەکەونە نێو تخوبی ئەرمینیا و وڵاتی میزۆپۆتامیا (نێوان دوو زێ) لە ماوەی ساڵێک لە جێبەجێکردنی ئەم پەیماننامەیە، داوای سەربەخۆییان کرد و کۆمەڵەی نەتەوەکانیش رەزامەندی لەسەر ئەوە هەبوو، کە ئەوانە شایستەی ئەوەن، ئەوکاتە لە سەر تورکیا پێویستە واز لە مافەکانی خۆی بهێنێت لەم ناوچانە. ئەو کاتە وڵاتە سەرەکییەکانی هاوپەیمان وەکو: (بەریتانیای گەورە، فەرەنسا، ئیتالیا،یابان) رێناگرن لە هاتنەپاڵی بەخۆشی ئەو کوردانەی ئەو ناوچەیەی بە کورسدتانی باشوور ناسراوە، کە خراونەتە سەر ویلایەتی موسڵ. بۆ ئەو وڵاتە سەربەخۆیەش و لە چاوەڕوانی ئەم رووداوەدا، ئەو لیژنەیەی کە پێکدەهات لە نوێنەری بەشەکانی وەزارەتی داگیرکاری تایبەتمەند بە ئەوە بەرپرسیاریەتی کوردستانی بە بەشی رۆژهەڵاتی نوێ لە وەزارەتی داگیرکاری بەریتانی سپارد و کۆکسیش بە ئەنجومەنی دەوڵەتی عێراقی(حکومەتی کاتی) راگەیاند، کە ئەو دەبێتە بەرپرسیبەشی کورد لە عێراق ، واتە هەردوو بەشەکەی کەرکووک و سلێمانی و هەندێک لە بە شەکانی وڵات لە باکوری موسڵ(٢٩٧).

دەقە ئینگلیزییەکەی دەڵێ:

Cox had already informed the Iraqi Council of State that he would be responsible for the Kurdish part of Iraq ، I .e .The Kirkuk and Suleimannieh divisions and some . country north of Mosul

**بەشی هەژدەهەم**



دکتۆر کەمال مەزهەر کاتێ لەناو شۆڕش بەقەڵەمەکەی خەبات دەکات










"کەرکوک و دەوروبەرەکەی، حوکمی مێژوو و ویژدان" بە زمانەکانی عەرەبی، ئینگلیزی، تورکی و کوردی

# لە ئەرشیفی بیرەوەریمدا ... قوتابخانەی گیوی موکریانی

**د. وریا عومەر ئەمین**

٢٠١٠/٧/٢٤ یادی سی و سێیەمینی کۆچکردنی مامۆستای پایەبەرز گیوی موکریانی بوو. مامۆستا گیو مرۆڤێکی دڵپاک و دڵسۆز و جەرگسۆز بوو بۆ کورد . دەورێکی بالای هەبوو لە بڵاوکرنەوەی هەستی کوردایەتی لە هەولێردا، بە تایبەتی و لە کوردستاندا بە گشتی. چاپخانەکەی کە بە ناوی (کوردستان) بوو، تاکە مەڵبەندێکی رۆشنبیری کوردی بوو لە هەولێردا. رۆشنبیرانی کورد روویان تێ دەکرد و لەوێ یەکتریان دەدی. قوتابخانەیەکی رۆشنبیری و ئەدەبی و زمانەوانیی کوردی بوو . زۆربەی زۆری شاعیر و نووسەرانی هەولێر دەرچووی ئەم قوتابخانەیەن. من لە منداڵییەوە ئەم زاتە پاکە دەناسم ، لە دوا پەنجاکانی سەدەی رابردوودا باوکم هەندێ جار منی لەگەڵ خۆیدا دەبردە لای لە چاپخانەکەیدا ..دوایی کە لە قۆناغی ناوەندیدا بووم خۆم یا لەگەڵ مەحمود زامدار و عەبدوڵڵا پەشێو و هاورێیە ئەدەب دۆستەکاندا زوو زووە دەچووینە لای . لەوێ چاوم بە زۆر لە شاعیر و رۆشنبیران دەکەوت و ناسیمن ، وەک مەدحەت بێخەو و پیربباڵ مەحموود و حەبیب عەلی میرانی و مەلا مەسعوود بێبەش و جاهید و زۆری تر. دادەنیشتم لەگەڵیاندا گوێم دەدایە گفتوگۆکانیان لە بارەی زمان و ئەدەب و مێژوو و کوردایەتی و قسەی نەستەق و پێخەنەکانیان. هەر لای ئەم بوو بە دیداری هەژاری موکریانی گەیشتم.

هەندێ لەو هەڵوێستانەی دەگێڕمەوە کە من ئاگاداریانم ، دەری دەخەن، کە ئەم زاتە چەند کوردپەروەر و جەرگسۆز بووە بۆ کورد و چی کردووە لە پێناو کورد و کوردستان:

* مامۆستا گیو دەورێکی بالای گێڕا لە بڵاوکردنەوەی ناوی کوردی لە شاری هەولێردا. گەر بیبیستایە کەسێ منداڵی بووە دەچووە لای نوقڵ و شیرینی بۆ دەبردو پیرۆزبایی لێ دەکرد و قەناعەتی پێ دەهێنا ناوی کوردیی لێ بنێت.

*مامۆستا مەحموود زامدار بۆی گێڕامەوە وتی:( خوتبەی هەینییان لە مزگەوتەکانی هەولێردا هەر بە عەرەبی بوو. باوکم (مەلا عەبدولای شەنەغەیی)پێشنوێژ و خوتبەتخوێنی مزگەوتی ناو بازاڕ بوو .لە سەرەتای پەنجاکاندا یەکەم کەس بوو خوتبەی هەینییانی بە کوردی پێشکەش کرد. مامۆستا گیو کە ئەمەی بیست یەکسەر چووە لای لە مزگەوتدا سوپاسی کرد و بیرۆزبایی لە کورد کرد.

* هەر سواڵکەرێ بهاتایە بەر دەم چاپخانەکەی داوای خێری لێ کردبا مامۆستا گیو پێی دەووت رۆژی دووشەممە وەرە. ئەمە سەرنجی راکێشام، جارێکیان لێم پرسی مامۆستا بۆ دووشەممە بێن ؟ وتی هەر ئایینەی رۆژێکی پیرۆزی لە حەفتەدا هەیە. دووشەممە هی کوردە.



لە چەپەوە: د. وریا عومەر ئەمین – گیوی موکریانی – عەبدولڕەزاق پشدەری.لە ١٩٦٧/٢/٢٠ لە چاپخانەی کوردستان بە کامیرای مامۆستا گیو وەرگیراوە

* (چاپخانەی کوردستان)ی مامۆستا گیو لەژێر قەلای هەولێردابوو. یەکەم دوکان لای چەپ لەسەرێی بەرەو ناو بازاڕ. ئێستا شوێنەکەی کراوەتە مەنیومەنتێ هەر بە ناوی خۆیەوە. ئەوەی بچووبایە بازاڕ یەکەم شت چاوی بە چاپخانەکە و جامخانە رازاوەکەی بە کتێبی کوردی و ناوە درەوشاوەکەی (کوردستان) دەکەوت، کە وەک ئاڵایەکی کوردستانی دەدرەوشایەوە.گوێبیستی چەقەچەقی مەکینەکەی دەبوو، کە وەک سیمفۆنیایەکی نەتەوەیی کتێب و گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردیی پێ چاپ دەکرا. ئەمانە بۆخۆیان بەیاننامەیەکی سیاسیی کوردایەتیی رۆژانە بوون، دەورێکی باڵایان گێڕا لە چاندنی هەستی نەتەوایەتی و کوردایەتی لە دڵی دانیشتووانان و لاوانی شاری هەولێری ئەوساکە.

دام و دەزگا ئەمنییە رەگەزپەرستەکانی ئەوسا لایان نەنگ بوو ناوی (کوردستان) بهێنرێ و لەبەر چاوا بێ. چوونە سەری و ناوەکەیان پێ گۆڕی بە ( مطبعە اربیل). مامۆستا گیو تابلۆکەی بەم جۆرە لێ کرد (مطبعة اربیل – کردستان سابقا) و لەسەر تابلۆ کۆنەکەی کوتی. وشەی (کوردستانی) هەر هێشتەوە. دوای ئەوە دیسان چوونەوە سەری و (کورستان سابقا) ەکەیان پێ لابرد. مامۆستا گیو بۆیاغێکی کاڵی بەسەر (کوردستان) ەکە هێناو (سابقا) ەکەی هێشتەوە. ئەوەی دەیدی لە مەسەلەکە حاڵی دەبوو. دوای ماوەیێ بزماری لای چەپی تابلۆکە تازەکەی هەڵکەند و شۆڕی کردەوە بەمە( دستان) ی (کوردستان)ەکەی تابلۆ کۆنەکە دەرکەوتەوە...بەمجۆرە چاوشارکانێی دەکرد لەگەڵیاندا. رەگەزپەرستەکان بە ناوی (کوردستان) دەتۆقین و هەموو هەوڵێکیان دەدا لە ناوی بەرن و مامۆستا گیویش سوور بوو لەسەر ئەوەی ناوی کوردستان لانەبا.

شایانی باسە قەدەغەکردنی ناوی (کوردستان) تا رووخانی رژێم هەر بەردەوام بوو. لەم بارەیەوە ئەم رووداوە سەیرە دەگێڕمەوە، کە پەیوەندیی بە (د. کوردستان)ی کچی مامۆستا گیوەوە هەیە. لە حەفتاکاندا بڕیار درا دەربڕینی (منطقة الحکم الذاتي) لە جیاتی (کوردستان) بەکار بهێنرێ. یەکێ لە رۆژنامەکان دەربڕینی (الدکتورة کوردستان) ی گۆڕیبوو بە ( الدکتورة منطقه الحکم الذاتي).

* مامۆستا گیو لە سەر کێلی گۆڕی دایکی ، کە لە گۆڕستانی ئیمام محەمەد لە هەولێردا نێژراوە ئەم چوارینەی نووسیوە:

**لەناو مەینەتی دێهات و شاری**
**کورم پێ گەیاند بە خاکەساری**
**ئازادیان ئەکەم حوزنی و گیو ئەگەر**
**ببنە قوربانی بۆ کوردەواری**

ئەمانە هەموو بەڵگەی خۆشەویستیی قووڵ و هەستی پاکی کوردایەتیی مامۆستا (گیوی موکریانی) ن. هەزار هەزار رەحمەتی لێ بێ.



## ئێرە کوردستانە

**هەوراز محەمەد***

حیکایەتی دروستکردنی فیلمی (ئێرە کوردستانە) ئەگەڕێتەوە بۆ ماوەیەک بەر لە وەرگرتنی ڤیزاکانمان، رۆژێک برام کاک حەمید ئەبوبەکر داوای لێکردم لەسەر دیموکراسی لەکوردستان فیلمێکی دۆکیومێنتەری دروستبکەم، پاش راوێژکردن لەگەڵ هەندێک لە هاورێیان و هەڵسەنگاندنی بابەتەکە بڕیارماندا لەسەر رەوتی رۆشنبیری لەکوردستان فیلمەکە چآ بکەین، بۆ ئەم مەبەستە کاک سامی هادی ئامادەیی نیشاندا کە ئەرشیفی وێنەیی بنکەی گەلاوێژمان بخاتە بەردەست و ئەو وێنانەش کە دەزگای بەدرخان ساڵانە لە چالاکییەکانییەوە گرتوویانە و هەندێک ئەرشیفی تریش کە لە کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان هەیانبوو، دوای خڕکردنەوەی ئەرشیفەکان و رامان لە وێنەکان کەوتمە سەر کەڵکەڵەی بابەتێکی تر، کە پێم وابوو مادام ئەم فیلمە لە ئەمریکا نمایش ئەکرێت و رێژەیەک لە ئەمریکاییەکان دەیبینن بەتەنها باسکردنی لایەنی کلتووری کۆمەڵگەی کوردی بەس نییە. بۆیە بەباشمزانی فیلمێکی ناساندن لە سەر کوردستان دروستبکەم و لایەنی کلتووریش بەشێک بێت تیایدا، ئەم نیازەم لای هاورێیان نەدرکاند و ماوەیەک خۆم سەرقاڵکرد بە کۆکردنەوەی وێنە ئەرشیفییەکانەوە، تەوەرەکانم بەسەر ناساندنی کوردستان وەک شوێنی جوگرافی و مێژووی مرۆیی و مێژووی ژیاری و کلتووری کوردەکان و دواتر لایەنی سیاسی و ئەو کارەسات و نەهامەتیانەدا دابەشکرد تا دەگاتە مێژووی نوآ و دابەشکردنی کوردستان و دواتر بەتایبەت کوردستانی عێراق و مێژووی هەشتا ساڵی نەهامەتی و سەرەنجام راپەڕین و هەڵبژادنی ئەنجومەنی نیشتمانی و پێکهێنانی یەکەمین حکومەتی کوردی دوای تێپەڕبوونی مێژوویەکی درێژ و پاشان هەموو ئەو دەستکەوتانەی تر کە ئەم ئازادییە بەدوای خۆیدا هێنا و سەرجەم کایە رۆشنبیرییەکان و بوارە سیاسی و ئابوورییەکان.. هتد، ئەمانە بەم شێوە دوابەدوای یەکەدا بوونە تەوەری کارکردن لە فیلمەکەدا و بە هاوکاری نیروان تەهای مۆنتێری بەشی دۆکیومێتی گەلی کوردستان پێکەوە کەوتینە کۆکردنەوەی ئەرشیفەکان و وێنەی تەوەرەکانمان تۆمار و ئامادەکرد، دواتر دەستکرا بە کاری مۆنتاژ لەم سەرو بەندەدا بوو کارەکانی سەفەر و خۆئامادەکردن هێند هاتبوونە پێش، کە دەبوو کەمێک پەلە بکەین دەنا پێڕانەدەگەیشتین. دکتۆر ئیسماعیل قەرەداغی کۆمێنتەکەی بۆکردین بە زمانی ئینگلیزی و خاتوو دیلانی بێژەر لە گەلی کوردستان بۆی خوێندینەوە. ئەو ئێوارەیەی کە دەبوو تەواو بین، چونکە بەیانی سەفەر دەکەین تەلەفۆنیان بۆ کاک نیروان کرد هەواڵی کۆچی دوایی خاڵییان پێدا، ئەم هەواڵە گەلێک ناخۆش بوو، نەمدەتوانی رێگری لە رۆشتنی بکەم و گەر بشرۆشتایە کارەکە تەواو نەدەبوو لە سکرینی واشینگتۆن دیسی نمایش نەدەکرا، بەڵام مەردانە پێی وتم تا کارەکە تەواونەکەین ناڕۆین، ئەو هەڵوێستەیم هەرگیز بیرناچێتەوە و وەک دەزگای بەدرخانیش سوپاسگوزاری ئەو و گەناڵی گەلی کوردستانین.

دوای رێکخستنی هۆڵەکە (ماڵی سویدی) لە واشینگتۆن دیسی رۆژێک بەرلە فێستیڤاڵ سکرینەکەمان ئامادەکرد و سیستم ساوندمان رێکخست و یەکەمین رۆژ لە دوای مارشی بەدرخان و وتاری بەدرخان و قوباد تاڵەبانی دەبوو فیلمەکە نمایش بکرێت، لەگەڵ کرانەوەی فێد و کەوتنە جوڵەی گرتەکان و مۆسیقا ناوازەکەی عەبدوڵڵا جەمال کە بۆ مۆسیقای فیلمەکە دامانا بوو تەواوی هۆڵەکەی لە بێدەنگیدا نوقم کرد. دڵم وردە وردە لەلێدانا کەوتە پەلەل ترسی دروستنەبوونی تراک و کارەبا بڕان و دەنگ تێکچوون لام دروستبوو، دوای چەند ساتێک بیرم کەوتەوە ئەوە هیچ نییە جگە لەو فۆبیا بەردەوامەی هەموو فیلمسازێک لەکاتی نمایشی فیلمەکەیدا لە کوردستان تووشی دەبێت، چونکە کەممان هەیە لە کاتی نمایشی فیلمەکانماندا تووشی ئەو حاڵەتانە نەبووبین، دڵم خۆش بووەوە لەوەی کە ئەو ئەگەرانە هی رووداو نین، بەڵام ئەوەی بینەران تاچەند کارەکەیان بەدڵ ئەبێت هەر لام مایەوە تا تایتڵی کۆتایی رۆیشت و گوێم لەچەپڵەکان بوو. دوای دەستخۆشی میوانان و هاورێیان لەوە گەیشتم کە کارەکە سەرکەوتوو بووە، بەباشی توانیویەتی فیلمێکی ناساندنی بێت بۆکەسێک بیەوێت لەسەر کوردستان زانیاری وەربگرێت، لەم رووەوە جێگەی رەزامەندی ئەمریکییەکانیش بوو. هەرچەند رەخنەی ئەوەم لێگیرا کە وێنەی شاری سلێمانی زیاتر زاڵە و کەمتر شارەکانی تر نیشاندراون، ئەم رەخنەیە لە جێی خۆیدا بوو، بەڵام بابەتەکە پەیوەندی بەو حاڵەتی پەلەیی پشت بەستنمان بوو بەو ئەرشیفەی کە هەبوو.

ئەوەی وەک باشترین پێشنیاز بۆم کرا لەلایەن هەندێک لەبرادەرانەوە لەوآ پرۆژەیەکی دیکەی زۆر گرنگ بوو، کە پەنابەخوا لەکاتی تەواوبوونی رایدەگەیەنم و پێموایە کارێکی باشتر لەوەی پێشوو دەکەم.

* **بەشداربووی حەوتەمین فێستیڤاڵی بەدرخان لە واشنتۆن**

# بۆ رۆحی مایکل جاکسۆن بە پێنج زمان مەولود خوێنرا



**پارێزەر حوسامەدین سەرداری**

لەگەشتە یاسایی و رۆژنامەگەرییەکەی من و بەرێز ئازاد حەمەدەمین (سکرتێری لقی هەولێری رۆژنامەنووسانی کوردستان) بە نوێنەرایەتی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ بەشداری کردن لەو کۆنفرانسەی کە فیدراسیۆنی نێودەولەتی رۆژنامەنووسان (IFJ) و رێکخراوی ئارتیکل ١٩ لە شاری ئیستەنبولی تورکیا ئەنجامی دابوو ، چەند بابەتێکم لەلا گەڵاڵە بووە، بە پێی کات هەوڵدەدەم بڵاویان بکەمەوە .

لە بەرواری ٢٠١٠/٧/٤ دا کاتی گەڕانەوەمان بۆ کوردستان و لە فرۆکەخانەی نێو دەولەتی ئیستەمبول ، سەیری لیستی ئەلیکترۆنی ئەو فرۆکانەی بۆ دەرەوە و ناوەوەی تورکیا دەچن و کاتی دیار کراوی دەرچونیان و دیاری کردنی ژمارەی شوێنی کۆنترۆلکردنی پاسپۆرت و بلیتەکان و ژمارەی هێڵەکەم کرد ، لە لیستی (DIS HATLAR GIDIS) بەمانای جێهێشتنی هێڵەکانی دەرەوە (مغادره الخگوگ الخارجیه ) ناوی (هەولێر ـ ERBIL) م خوێندەوە کە لەنێوان شاری نیویۆرک و نۆرنبیرگ نوسرابوو و زۆر کەیفخۆشبووم و یەکسەر بە مۆبایلەکەم وێنەی لیستە ئەلکترۆنییەکەم بۆ یادگاری گرت .دواتر دوای کۆنترۆلی کەل و پەل و جانتاکان وپلیت و پاسپۆرتەکان بۆ فرۆکەکە بەسەرکەوتین و لە پێشوازیدا کچێکی زۆر جوان لە کارمەندانی فرۆکەکە پێشوازی لێکردم و منیش بە زمانی تورکی سوپاسم کرد و رۆژنامەیەکی داپێم بۆ خوێندنەوە و خۆ خافڵاندن ، منیش دوای دانیشتنم لە شوێنی دیاریکراو دا ، دەستم کرد بە سەیرکردنی وێنەکانی رۆژنامەکە و خوێندنەوەی ناونیشانی بابەتەکانی رۆژنامەکە کە ناوی رۆژنامەی (HABER TURK) بوو لە لاپەڕە (٥) ی رۆژنامەکە ناونیشانێک سەرنجی راکێشام کە نووسرابوو (بۆ روحی مایکل جاکسۆن لە شاری میدیات بە پێنج زمان مەولود خوێندرا) کە بە تورکی نووسرابوو Michael Jackson،in ruhuna Midyat،ta ٥ dilde mevlit)) . من تورکییەکەم لە ئاخاوتن زۆر باشە بە شاهێدی کاک ئازاد (کە بەبەردەوامی وەرگێرێکی بێ بەرامبەری بووم ) و کاک نیزال کە وەرگێڕی رەسمی وۆرکشۆپەکە بە زمانی تورکی و ئینگلیزی و عەرەبی بوو ، لە هەمان کاتدا لە تەلەڤزیۆنی ئاسمانی (الجزیره) وەرگێربوو، بەڵام لە خوێندنەوە ، وەک ئاخاوتن نیم بەڵام دەتوانم هەموو نووسراوێک بە کاوە خۆ بخوێنمەوە. پێم سەیر بوو مەولودی پێغەمبەر بە پێنج زمان بۆ مایکل جاکسۆن لە شارێکی تورکیا کە زۆربەی دانیشتوانی کوردن بخوێنرێتەوە ! بەهەرحاڵ ئەوەی خوارەوە کورتەی نووسینەکەیە : لە گوندی (هابسونەس Habsunnes) ی ناوچەی (تورابدین Turabdin) ی شاری( ماردینی Mardin) کە شارۆچکەی( میدیات Midyat ) یش سەر بە تورکیایە لە رۆژی ٢٦ ی مانگی حوزەیرانی ساڵی پار واتا ٢٠٠٩ نوێژی جەنازەی پاشملە بۆ مایکل جاکسۆن ی گۆرانیبێژی پۆپی ئەمریکایی ئەنجام دراوە ، وئەمساڵیش مەراسیمی مەولودی پێغەمبەریان بە زمانەکانی (کوردی و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی) بە ئامادەبوونی هەزار کەس خوێندراوە تەوە و ئێوارە خوانێکی زۆر گەورەش لە دوا رۆژی مەراسیمەکە کە هەفتەیەکی خایاندووە (سێ گیسک و پێنج مەڕ) سەربڕاوە . ئەم مەراسیمەش لەلایەن (ناوەندی دیالۆگی نێو مەدەنەییەتەکان Medeniyetler Arasi Diyalog ـ Dernegi) ئەنجام درابوو ، سەرۆکی ناوەندەکە (میهمەت عەلی ئەسڵان) دەڵێت ئامانجی ئەم مەراسیمە گەیاندنی نامەی مرۆڤایەتییە. لەم مەراسیمەدا تیشێرتێکی زۆر دابەش بە ئامادەبوان کراوە ،کەتیایدا وێنەی مایکل جاکسۆنی تێدا نەخشکراوە و بە ٥ زمان لەسەری نووسراوە ، بە تورکی (خوا بتپارێزی و ئێمە تۆ هەرگیز لە بیرناکەین ـ Alla seni korusun " Seni asla unutmayacagiz" ) و بە ئینگلیزی ( خوا لەگەڵدا بێت ـ God be with you) و بەکوردی (ئێمە تۆ لەبیرناکەین ـ Em te ji birnakin ) و بەعەرەبی (اللـه یکون معک Alla ikun meik; ) . ئەگەر سەیرێکی ناونیشانکەو ژمارەی زمانەکان بکەیت دەبینین ٤ زمانە کوردی وتورکی و ئینگلیزی و عەرەبییە ،کەچی لە ناونیشانەکە دەڵێت پێنج زمانە ، ئەمەشیان موبالەغەی رۆژنامەنووسانە! من دەڵێم: ئەگەر بۆ مایکل جاکسۆن بە ٥ زمان مەولود بخوێندرێت، پێویستە بۆ گۆرانیبێژانی بەناوبانگ"تاهیر تۆفیق، حەسەن زیرەک، عەلی مەردان، شەمال سائیب و ئەحمەد قایا"

**سەرچاوە : رۆژنامەی** (HABER TURK) **ی تورکی**



# ئەمریکا ... دنیای شتە یەکجار جیاوازەکان

د. ئازاد حەمە شەریف


دیمەنێکی شاری نیویۆرک - بە کامیرای حەمید بەدرخان - ٢٠١٠/٧/١٧

**پێشەکی**

هەر لە یەکەم هەنگاوەوە کە مرۆڤ پێ دەنێتە ناو خاکی ئەمریکا هەست بەوە دەکات کە لە وڵاتێکە لە هەموو وڵاتەکانی دنیا جیاوازترە. وڵاتێکە پڕە لە مرۆڤی شێوە جیا: مرۆڤی ئەفریقی، چینی، یابانی، کۆری، فلیپینی، تایلەندی، هیندی، ئیسپانی، پرتوگالی، ئەڵمانی، ئێرلەندی، سویدی، بەلچیکی، نەرویجی، فنلەندی، مەکسیکی، بەرازیلی، ئەرجەنتینی، پیرۆیی، پۆلیڤی، نیکاراگوایی، پاراگوایی، ئۆروگوایی، هندۆراسی، فەنزویلی، کۆلۆمبی، سلڤادۆری، گواتیمالایی، تشیلیی، کەنەدی، ئالاسکایی، گرینلەندی، فەرەنسی، ئیتالی، ئوسترالی، یۆنانی، ئەلبانی، کوبی، روسی، جامایکی، ڤێتنامی، پۆرتیریکۆیی، ئەرمەنی، تورک، عەرەب، پاکستانی، ئەفغانی، فارس، کورد و سەدان جۆرە رەگەزی تری لەخۆگرتووە. بەڵام هەرهەموویان لەیەک تاقە شتدا وەکو یەکن ئەویش ئەوەیە هەرهەموویان خۆیان بە ئەمریکی دەزانن و گوێڕایەڵی یاسا و نەریتەکانی ئەمریکا دەکەن و خزمەت بەو وڵاتە دەکەن و ئامادەشن پارێزگاری لێ بکەن.

ئەمریکا نەک هەر لە ڕووی رەگەزایەتیەوە پڕە لە جیاوازی، بگرە لەڕووی شتەکانی تریشەوە جیایە – لەجیاتی لیتر بەنزین بە گالۆن دەفرۆشن. لەجیاتی میتر و کیلۆمەتر شتەکان بە پێ (فووت) و میل دەپێون. لەجیاتی پلەی سەدی بۆ گەرمی و ساردی، فەهرەنهایت بەکاردێنن. لەجیاتی کارەبای ٢٢٠ ڤۆڵتی کارەبای ١١٠ ڤۆڵت بەکاردەهێنێت و لەجیاتی پلاکی سەرخڕ، پلاکی سەرباریک بەکاردەهێنن. لەجیاتی خواردنی شتی کەم چەوری تا بڵێی خواردنی چەور دەخۆن. لەجیاتی میوە و سەوزە، گۆشت و پرۆتین خواردنەکانی ئەوانی داگیرکردووە. لەجیاتی حەزکردن لە شتی قەبارە بچووک هەمیشە حەزیان لەشتی زل و قەبە و زەبەلاحە، لەجیاتی حەزکردن لە مۆسیقای هێمن و ناسک حەز بە مۆسیقای بڵند و دەنگ بەرز و بە هاتوهاوار دەکەن. ئەگەرچی ئەو هەموو ئۆتۆمبیلەیان هەیە، لەجیاتی ئەوەی بەنزین بەگران بفرۆشن، نرخی گالۆنێک بەنزین بە دوو دۆلار و نیوە – واتە نرخی لیترێک بەنزینی هەرەچاک تەنها نیو دۆلارە!! و لە جیاتی و لەجیاتی....

ئەمریکیەکان تا بڵێی مرۆڤی خۆش مەشرەبن و حەز بە یارمەتیدانی خەڵک دەکەن. ئەگەر پرسیاری شوێنێک لە کەسێکیان بکەیت، تا بەتەواوی حاڵیت نەکەن و شوێنەکەت پێ نیشان نەدەن، هەرگیز وازت لێ ناهێنن. زۆر حەز بەتێکەڵاوی و ناسیاوی خەڵکی تر دەکەن. لەوێ هەرگیز هەست بەنامۆیی ناکەیت، چونکە هەموو کەسێکی ئەوێ وەکو تۆ لە وڵاتێکی ترەوە هاتووە و ماوەیەک باووباپیرانی یان خۆی لەوێ ژیاوە و بۆتە ئەمریکی. هەرئەمەشە وایکردووە کە ئەمریکا وڵاتی کەس نەبێت و وڵاتی هەموو کەسێکیش بێت.

ئەمریکا هێندە گەورە و پان و پۆڕە ئاسان نییە بە گەشتێک یان دوو گەشت شارەزای هەمووی ببیت. ئەمریکا وڵات نییە، بەڵکو نیمچە کیشوەرە و پەنجا ویلایەتە و هەر ویلایەتێک چەند شاری زل و زەبەلاحی تیایە. یاساکانی ویلایەتەکان تارادەیەک لەیەکتر جیان، نرخی شتومەک و باجی سەرشتومەکیش بەهەمان شێوە. بەڵام ئەوەی کە جێگای سەرسوڕمانە ئەوەیە ئەمریکا لەگەڵ ئەو هەموو جیاوازیانەشەوە وڵاتێکی یەکپارچە و یەکگرتووە و حەز بەدابەشبوون ناکات ، بەڵکو گەورەیی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە هەموو ویلایەتەکان پێکەوە یەک وڵات پێک بهێنن کە ناوی ئەمریکایە.

ئەگەرچیئەمریکالەڕووی پیشەسازی و تەکنۆلۆجییەوە لەپێشەوەی وڵاتانی دنیا دێت، بەڵام ئەمە وای نەکردووە کشتوکاڵ پشتگوێ بخات. لە ئەمریکادا کە لە شارێکەوە دەچیتە شارێکی تر یان کە لەناو فرۆکەدا سەیری خوارەوە دەکەیت، دەبینیت سەرتاپای ئەمریکا بەسەوزایی و دارودرەخت داپۆشراوە. ئەمەش وادەکات کە کاریگەری خراپی تەکنۆلۆجیا تارادەیەکی زۆر لەسەر ژینگەی ئەمریکا کەم ببێتەوە.

ئەمریکا وڵاتێکە بێ شارستانی و مێژوویەکی زۆر نوێی هەیە، کەچی بایەخ و گرنگییەکی یەکجار زۆر بە داهێنان و شوێنەوارەکانی خۆی دەدات. پردی (بروکلین) کە لە ساڵی ١٨٢٥ ی زایینی دروستکراوە بە یەکێک لە شوێنەوارە دیارەکانی ئەمریکا سەیر دەکرێت و خەڵکی (نیۆیۆرک) زۆر پێیەوە سەربەرزن. ئەم پردە زۆر بە تۆکمەیی دروستکراوە و تا رۆژی ئیمڕۆش بەساغی ماوەتەوە و رێبوار و ئۆتۆمبێلەکان بەسەریدا رەت دەبن. رۆژانە هەزاران گەشتیار بۆ دیدەنی ئەم پردە مێژووییە دێن.

ئەوەندەی مۆزەخانە و ئەرشیفخانە لە ئەمریکادا هەن باوەڕناکەم لە هیچ وڵاتێکی دیکەی دنیا هەبێت. ئەمەش بۆ ئەوەیە کە ئەمریکای بێ مێژوو مێژوویەکی بایەخدار بۆ خۆی و نەوەکانی دروست بکات. لە واشنتۆن مۆزەخانە و ئەرشیفخانەکان لە رادەبەدەر زۆرن. هەر لە مۆزەخانەی خانوو و ماڵی جۆرج واشنتۆن و لینکۆلنەوە بگرە تا دەگاتە مۆزەخانەی مۆمی (مادام تاوساود) و مۆزەخانەی (فڕینکاری و بۆشایی ئاسمان) و مۆزەخانەی (هونەری ژنان) و مۆزەخانەی (هونەری نوێی ئەمریکی و پۆرترێت) و مۆزەخانەی (مێژووی سروشتی) و مۆزەخانەی (هونەری نەتەوەیی) و مۆزەخانەی (سیخوڕکاری) و مۆزەخانەی (نوچە و هەواڵ) و مۆزەخانەی یادگارەکانی هۆلۆکۆست و ئەرشیفخانەی کتێبخانەی (کۆنگرێس) و ئەرشیفخانەی (نەتەوەیی)و... هتد.

خەڵکی ئەمریکی بەگشتی حەزیان لە کڕینی شتومەک و کەلوپەلە. سیاسەتی ئابووری ئەو وڵاتە وای لە خەڵکەکە کردووە هەرچی پەیدای دەکات خەرجی بکاتەوە. بازاڕ و مۆڵ و سوپەرمارکێتەکان ئەوەندە شتی جوان و سەیر و دانسقەیان تێدایە بەدەست خۆت نییە کە چوویتە ناو سوپەرمارکێتێک یان مۆڵێکەوە هەردەبێت شتێک بکڕیت. لەوێ پارە هەموو شتێکە و بەپارە دەتوانیت هەمووشتێک بکڕیت. تەنانەت لەلای ئەوان کاتیش پارەیە وەک پەندە ئەمریکییەکە دەیڵێت. پارەت هەبوو دەتوانیت کاربکەیت ، کاریشت کرد دەتوانیت ببیت بە ئەمریکی با خەڵکی وڵاتێکی تریش بیت.

ئەمریکا بۆ ناوەوەی خۆی تا بڵێی وڵاتێکی دیموکراتی و دادپەروەرە. هەرگیزکەس لەسەرووی یاساوە نییە. سەرۆکی وڵات و گەدایەک لەبەردەم یاساوە یەکسانن. چما سەرۆکی وڵات چ حەددی هەیە هەڵەیەک بکات یان بڕیارێکی تاک لایەنە دەربکات، کۆنگرێس و ئەنجوومەنی پیران و ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی و دەزگاکانی راگەیاندن لێی لە هەڵلا دەدەن و بەخۆشی بێت یان ناخۆشی هەر پەشیمانی دەکەنەوە. باشترین نموونەی دیموکراتیەتی ناوەوەی ئەمریکا ئەوەیە کە هەمووی دووسەد ساڵ لەمەوبەر رەش پێستەکانی ئەمریکا بەخراپترین شێوە دەچەوسێنرانەوە، کەچی ئێستا رەش پێستێک بەدەنگی خەڵک حوکمی ئەمریکا دەکات!!

ئەوەی لە ئەمریکا یەکجار تووشی هێدمەی کردم ئەوە بوو لەو وڵاتە دەوڵەمەندە پڕ ملیاردێرەدا خەڵکی وا هەژارم بینی کە پارەی نانخواردنی نەبوو و بێ جێگەی حەوانەوە و خەوتن بوو. تەنانەت لەسەر شەقامەکانی واشنتۆنی پایتەختی ئەو وڵاتە زلهێزەدا کە دەسەڵاتی بەسەر ئابووری هەموو جیهانەوە هەیە خەڵکی دەرۆزەی بۆ ژەمە نانێک دەکرد و هەشبوو بەشەو لەپەنا درەختێک، لەناو پارکێک، لەسەر ئەسکەمیلی شەقامێک شەوی درێژی دەژمارد و لەوێدا نزیکەی (٥) ملیۆن کەسی بێ ماڵ و حاڵ هەن. ئاخۆ سەیر نییە کە لە ئەمریکای پڕ پارەوسامان، لە ئەمریکای مافی مرۆڤ، لە ئەمریکای پێشەنگی سەرانسەری دنیا خەڵکی وا هەبن؟

هەرچەندە لە ئەمریکادا یاسا سەروەرە، بەڵام لێرە و لەوێ فڕوفێل هەر دەکرێن. لەوێ ئەم فڕوفێڵکارییە بەجۆرێکی زۆر نهێنی دەکرێن. خاوەن تاکسیەکی بیانی یان ئەمریکییەکی چلێس یان دوکاندارێکی لابەلا یان کارمەندێکی ئوتێل ئەگەر زانیان تۆ کەسێکی بیگانە و ناشارەزایت زۆر بەپارێزەوە فێڵت لێدەکەن، چونکە ئەگەر فێڵەکانی ئاشکرا بن، ئەوا بێ سێ و دوو ڕووبەڕووی یاسا دەبێتەوە. بەڵام لەوێ گەندەڵییەکی بەربڵاو نابینرێت چونکە خەڵکەکەی ئەوێ بەگشتی یاسا جێبەجێ دەکەن و بۆ وڵاتی خۆیان دڵسۆزن.

لە ئەمریکادا ئەگەرچی دوو حیزب هەیە و لە بەرهەڵستی یەکتردان، کە حیزبی کۆماری و حیزبی دیموکراتین بەڵام زۆرکەم هەست بە ململانێیەکی توندوتیژ دەکرێت، چونکە ئەوان لەرێگای یاساوە بەرپەرچی یەکتر دەدەنەوە و هەردوولاش ململانێ بۆ ئەوە ناکەن کە یەکتر سووک و ریسوا بکەن یان یەکتر لەناو ببەن، بەڵکو ململانێ ی ئەوان بۆ ئەوەیە کە بەباشترین شێوە خزمەتی گەلانی ئەمریکا بکەن. بەکورتی و بەکورتی، ململانێ ی ئەوان لەسەر شتی چاکە نەک شتی خراپ.

هەرچەندە لە ئەمریکادا ئازادی سێکسی هەیە، بەڵام تا ئێستاش ئەمریکییەکان خێزان و خۆشەویستی نێوان ئەندامانی خێزان بە شتێکی گرنگ دادەنێن و تەنانەت هەمیشە لە تەلەفزیۆن بەرنامەی خزمەتکردنی خێزان و چارەسەرکردنی کێشەکانی خێزان هەیە. لەوێ مرۆڤ بەنرخە و تەنانەت منداڵ و ژن لە پیاویش زیاتر رێزیان لێدەگیرێت. خۆ مرۆڤی کەم ئەندام لەوێ ئەوەندە ئاسانکاری بۆ کراوە تەنانەت مرۆڤە ساغەکان ئێرەییان پێ ببەن.

ئەمریکا خۆی وڵاتێکی دنیاپەرستە (علمانی)، کەچی کڵێسا رۆڵێکی یەکجار یەکلاکەرەوە دەبینێت لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو وڵاتەدا. هەڵبژاردن و هەڵنەبژاردنی سەرۆکەکانی ئەمریکا و بردنەوە و دۆڕاندنی هەر حیزبێک دەوەستێتە سەر لایەنگیری کڵێسا بۆ حیزبێک. هەربۆیەش هەردوو حیزبی گەورەی ئەمریکا بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدان کڵێساکان بۆلای خۆیان رابکێشن و پشتگیریان لێدەکەن. لەوێ کڵێسا بە ترساندن یان هاتوهاوار خەڵک لەخۆی کۆناکاتەوە، بەڵکو لەڕێگای پڕۆژەی چاک و پڕخزمەتگوزاری دڵی خەڵک بۆ لای خۆی رادەکێشێت.

سیستەمی خوێندنی زانکۆیی لە ئەمریکادا بە پارەیە. هیچ زانکۆیەک نییە قوتابی/خوێندکار بەخۆڕایی وەربگرێت. پارەکەش هێندە زۆرە کەم کەس پێی دابین دەکرێت. هەر بۆ نموونە پارەی ساڵێکی خوێندن لە زانکۆی (جۆرج تاون - واشنتۆن) ٣٨٠٠٠$ سی و هەشت هەزار دۆلاری ئەمریکییە ئەمە جگە لە پارەی کڕینی کتێب و بەشی ناوخۆیی. خۆ ئەگەر ئەو پارەیەش بدەیت، تاکو لە تاقیکردنەوەی بەرایی وەرگرتن دەرنەچیت، ئەوا بەهیچ جۆرێک لەوێ وەرناگیرێیت. واستە و واستەکاریش نە لەوەرگیران و نە لەساڵانی دواتر نایخوات. ئەوەی گرنگە لەوێ خوێندن و ئاستی خۆتە و بەس ، ئەگینا لە زانکۆ و دەزگاکانی تری خوێندن پارەش بدەیت، هیچ بە هیچ ناکەیت.

ئەگەرچی ١٦٠ ساڵ لەمەوبەر یەکەمین خێزانی کورد گەیشتۆتە ئەمریکا و ئێستا ژمارەی کوردانی ئەمریکا نزیکەی ٥٠٠٠٠ کەسە، کەچی کوردانی ئەمریکا تا ئێستا نەیانتوانیووە لۆبیەکی بەهێزی کوردی بەچەشنی لۆبی جوولەکەیی و تورکی و ئێرانی و ئەرمەنی و هتد دابمەزرێنن، هەرچەندە هەوڵێکی باش لەلایەن هەندێک کەسەوە دراوە بۆ ناساندنی کورد و دۆزە رەواکەی بە خەڵکانی ئەمریکی. بەڵام هێشتا مەسەلەکە لەو ئاستەدا نییە. ئەمریکییەکان بەوتەی (جین ساسۆن) ی گەورە رۆماننووسی ئەمریکی گووتەنی تا ئێستا زۆر بەکەمی کورد دەناسن. پەیوەندی ئێستای کورد و ئەمریکا لەسەر بەرژەوەندییەکی کاتی دامەزراوە و هەرکاتێک ئەو بەرژەوەندییە کاتییە نەما، کوردیش بێ پشتیوان دەمێنێتەوە. زۆر پێویستە کورد بەجەرگسۆزییەوە بیر لەم مەسەلەیە بکاتەوە و هەوڵ بدات نەک تەنیا حکومەتی ئەمریکا بەڵکو روناکبیران و نووسەران و کۆنگرێسمانان و گەلانی ئەمریکا کورد بناسن و پەیوەندییەکی کەلتووری مرۆڤانەیی لەگەڵ یەکتر دروست بکەن. ئەمەش لە ئاییندەدا بەچاکەی هەردوولا تەواو دەبێت.

**بەشی یەکەم**


د. ئازاد، حەمید بەدرخان و نەجات عەبدوڵڵا - زانکۆی جۆرج تاون لە واشنتۆن


د. ئازاد، حەمید بەدرخان لەسەر پردی بروکلین


بەدرخان یەکەم هەفتەنامەی ئەهلی ئازادە، دوای راپەڕین ژمارە سفری لە ٢٠٠٠/١٠/٢٢ لە سلێمانی دەرچووەو هەموو ٨ و ٢٢ی مانگێک دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان لە باشووری کوردستان دەریدەکات

- راوێژکاری زمانەوانیی: د.وریا عومەر ئەمین
- راوێژکاری رووناکبیریی: د. ئازاد حەمە شەریف
- راوێژکاری کەلتووری: د. ئیسماعیل محەمەد قەرەداغی
- راوێژکاری مێژوو: د. محەمەد عەبدوڵڵا کاکەسوور
- راوێژکاری هونەری: محەمەد زادە
- راوێژکاری یاسایی: پارێزەر حوسامەددین یاسین سەرداری

ناونیشان:
کوردستان، هەولێر، شەقامی ئاراس، باڵەخانەی سەرداری

نۆرماڵ: ٠٦٧٩ ٢٥١ ٦٦ ٩٦٤ +
مۆبایل: ٠٧٥٠ ٤٥٥ ٥٨٧٨ ٩٦٤ +

- خاوەن ئیمتیازو بەڕێوەبەری بەرپرس:
حەمید ئەبوبەکر بەدرخان (٠٧٥٠٤٥٥٥٨٧٨)
- بەڕێوەبەری نووسین:
عەبدولڕەحمان مەعروف (٠٧٥٠٤٦٣٨٥٤١)
- ستافی کارا: کازم عومەر دەباغ، هێمن جەمیل، هەوراز محەمەد، محەمەد فەتاح، مەسعودی مەلا هەمزە.
نەخشەساز:
ئاسۆ حەسەن ئەحمەد (٠٧٥٠٤٤٧١٨٢١)
- بەشی کۆمپیوتەر:
ئەیوب یوسف ئەبوبەکر

بەدرخان
Bedrxan
www.bedrxan.net
www.bedrxan.com
bedrxan@yahoo.com

- سەرپەرشتیاری سایت: فەرهاد باپیر - ئەڵمانیا